# گاتاکان

## سروودە ئەهوورایییەکانی زەردەشت

ناوی کتێب: گاتاکان
توێژینەوە: دکتۆر خەسرەو خەزاعی
وەرگێڕانی: هادی محەمەدی
بابەت: لێکۆڵینەوەی ئایینی
هەڵەچنی و زمانەوانی: سەلام مستەفا
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ٦٠٠ دانە
نرخ: ٢٥٠٠ دینار
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١٢
کوردستان ـــ سلێمانی
www.serdam.org
بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:
kteb@serdam.org
لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٤٢٣) ی ساڵی ٢٠١٢ پێدراوە

**(مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە)**

# گاتاکان

## سرووده ئەهوورایییەکانی زەردەشت

توێژینەوە: دکتۆر خەسرەو خەزاعی

وەرگێڕانی: هادی محەمەدی

سلێمانی ٢٠١٢

## زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
## کتێبی سەردەم ژمارە (٦١٢)


سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

**ئازاد بەرزنجی**

## چەند خاڵێک وەک پێشەکی (وەرگێڕ)

لەمێژ ساڵ بوو تامەزرۆی ڕێباز و بیری زەردەشت بووم؛ ئەم حەزە هەم لە شیعری "کرماشان"دا ڕەنگی داوەتەوە، هەم ساڵانێک لەودیو، لە ڕۆژهەڵات، لە سەردەمی کاری نهێنیدا، ناوی نهێنیی "زەردەشت"م بۆ خۆم هەڵبژاردبوو، چەندین بەرهەم هەر بەم ناوەوە لە ڕادیۆی کۆمەڵەوە بڵاوکرانەوە، تا دوایی کاتێ کە گیرام، گرنگترین شت کە سیستمی ئەمنی بە دوایدا دەگەڕا، ئەوە بوو کە زەردەشت کێیە؟[1]

حەز و خولیای ناسینی فەلسەفەی زەردەشت، بە زەردەشتی نیچە دەستی پێکرد و بە ئاڤێستای ئیبراهیم پورداود و جەلیل دوستخواە گەیشت، بەڵام منی تینوو هێشتا لە سەرچاوەی زوڵاڵی بیری زەردەشت تێر نەدەبووم. تاکو ئەمساڵ کتێبی تۆژینەوەی گاتاکانی دکتۆر خەسرەو خەزاعی-م دیتەوە. کاتێ ئەم کتێبەم خوێندەوە، هەم مێتۆدی تۆژینەوە و هەم زمانی شیرین و پاراوی نووسەر وایان لێکردم کە بیکەم بە کوردی. بۆ ئەم مەبەستە و بەتایبەت بۆ روونکردنەوەی نەتەوە و ناسنامە و زمانی زەردەشت، هەم کتێبخانەکان و هەم دنیای مەجازیم پشکنی تا سەرئەنجام توانیم بە پشتبەستن بە گەلێ بەڵگە و ئارگۆمێنتی مێژوویی

---

١. ئەم پرسەم لە کتێبی هەرێمی شیندا بەکورتی و، لە کتێبی سەگەکانی تۆتالیتاریزمدا بە پوختی باس کردووە.

جوگرافی، فۆلکلۆریک و زامنناسانە دڵنیا بم کە زمانی گاتاکانی زەردەشت، کۆڵەکە و پشتخانی زمان و کولتوور و گیانی کوردی پێک دەهێنێ.

ناسینی بیر و فەلسەفەی زەردەشت، بەتایبەت گاتاکانی زەردەشت بۆ نەتەوەی بندەستی کورد، گرنگی بنەڕەتی و چارەنووسسازی هەیە، چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ، زایەڵەی دەنگی زوڵاڵی زەردەشت و بیری زەردەشت بە جۆرێک لە زمان و کولتوور و گیانی کوردیدا تێکەڵ بووە، کە توێژەرانی وشیار هەست بەم ڕاستییە دەکەن کە نەتەوەی کورد و وڵاتی کوردستان، خاوەنی ڕاستەقینەی فەلسەفەی زەردەشتن. بەداخەوە زۆربەی زەردەشت ـ ناسان، هەتا ئێستا یان بەهۆی نەشارەزایی، یان بەهۆی بیرتەسکیی شئۆنیستی، زێد و ئاخێزگەی زەردەشتیان نەناسیوە، یان چەواشەیان کردووە و لە کوردستانەوە بردوویانە بۆ ئەفغانستان. ئەم کارەش لە پێش هەموو شتێکدا خیانەتە بە بیری زەردەشت، چونکە زەردەشت لە سەرتاسەری گاتاکاندا، درۆ و فریوکاری بە دزێوترین شت دەزانێ و بەردەوام دژایەتی دەکا و تەنیا ڕاستی بە ڕێگەی ڕزگاری مرۆڤ دەزانێ.

## زێد و زەمەن و زمانی زەردەشت

لێرەدا ڕاو بۆچوونی چەندین کەسێک لە ئاڤێستا ـ ناسانی ئێرانی و ڕۆژاوایی دێنمەوە، با بزانین لەمەڕ زێد و زمانی زەردەشت تووشی چ پشێوییەک هاتوون و سەرئەنجام و سەرەڕای هەموو هەوڵێک بەلاڕێدا چوون: جەلیل دوستخواە ئاڤێستا ـ ناسی ئێرانی، سەبارەت بە زەمەنی زەردەشت دەڵێ: "لەمەڕ سەردەمی ژیانی زەردەشت،

هۆنەری گاتاکان، بیروڕاکان، هێندە جیاوازن کە بەڕاستی توێژەران تووشی سەرلێشێوان دەکەن".

زۆربەی زەردەشتییەکان و لایەنگرانی نەریتیی زەردەشت پێیانوایە کە زەردەشت نزیکەی 300 ساڵ پێش ئەسکەندەر، یانی سەدەی حەوتەمی پێش زایین ژیاوە. ئەم بۆچوونە هەروەها پێیوایە کە زەردەشت لە ڕۆژی شەشەمی نەورۆز و لە سەرەتای چوارەمین هەزارەی بەدیهاتنی جیهاندا لەدایک بووە؛ وەک دەبینین ئەمە بۆچوونێکی ئاینیی و ئەفسانەییە.

یەکێ لەو بەڵگانە کە لایەنگرانی ئەم بۆچوونە پشتی پێ دەبەستن، ئەوەیە کە وا دەزانن کە "ڤێشتاسپ"، باوکی داریوش، "کەی ڤێشتاسپ"، پادشای ئایینێوستی سەردەمی زەردەشت هەردووکیان یەک کەسن. بەڵام ئەگەر ئەم دوو ناوە یەک کەس بووبان، زەردەشت لە سەردەمی داریوشدا بژیابا، ئەوا یەکەم دەبوو لە بەردنووسەکانی داریوشدا بنووسرایە "کەی ڤێشتاسپ"، وەک چۆن لە ئاڤێستادا وا نووسراوە؛ دووهەم چۆن دەتوانین بڕوا بکەین کە زەردەشت پەیامبەری مەزداپەرستان لە سروودەکانی خۆیدا، بە شەوق و ستایشەوە باسی سەردار و سنوورڤانێکی داریوش بکات، بەڵام باسی خودی داریوش، پادشای جیهانگیر، نەکات؛ یاخۆ داریوش لە بەردنووسەکانیدا باسێکی زەردەشت پەیامهێنەری بەرابەری و یەکسانی نەکات؟!

لــە لایەکی تــرەوە چۆن زەردەشــت کــە لەنێوان پارســەکاندا [بەردنووســەکانی سەردەمی هەخامەنشــی بە زمانی پارسین] ژیاوە، گاتاکانی خۆی بە زمانێکی تر نووســیوە؟ هەروەها دەبێ ئەم خاڵەش بزانین کە لە ئاڤێستادا کەی ڤێشتاسپ کوڕی "ئوروتاسپ"ە [=لۆهراسپ]، بەڵام لە مێژووی هەخامەنشیدا ڤێشتاسپ کوڕی "ئارشام"ە.

له ئاست بۆچوونێکی وادا، توێژەران و ئاڤێستاناسان، به پشتبەستن به چەندین بەڵگەی کۆمەڵناسانه و زماننناسانه و زۆر زانیاری دیکه، بەم ئاکامە گەیشتوون که سەردەمی ژیانی زەردەشت له مەودای زەمەنی ۱۵۰۰ تا ۸۰۰ی پێش زاییندا بووه و، زیاتر ئاماژه به هەزار ساڵ پێش زایین دەکەن، که ئەم قۆناغه کەم تا زۆر هاوکاته لەگەڵ کۆچی خەڵکانی ئاریایی بۆ بان [فەلات]ی ئێران. هەروەها تێدیسکۆ و میلێت پێیان وایه که گاتاکان له وەها دۆخێکی سیاسیی کۆمەڵایەتیدا نووسراوه، که ئێجگار جیاوازه له سەردەمی هەخامەنشی.

لەمەڕ زێدی زەردەشت؛ هەمانشێوه که سەبارەت به سەردەمی زەردەشت بیروڕاکان جیاوازن، لەمەڕ زێدو نیشتمانیشی ڕای جیاواز زۆرن. گروپێک پێیانوایه که زەردەشت له ڕۆژاوای ئێران لەدایک بووه و یەکێکی تر دەڵێن له ڕۆژهەڵاتی ئێران [یانی هەر لەو شوێنه که ئایینی زەردەشت لەوێدا پەرەی سەند] لەدایک بووه. گروپێک دەڵێن له کەناری دەریای «چیچست» (ورمێ) لەدایک بووه و گرووپێکی تر دەڵێن له شاری کۆنی «رگا» [یان رەی] چاوی به جیهان پشکووتووەو پاشان که گەوره بووه بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئێران کۆچی کردووه.

هیچ کام لەم دوو گرووپە بەڵگه و ئارگومێنتی ڕۆشن بەدەستەوه نادەن و ناتوانن بۆچوونی خۆیان بسەلمێنن. هەروەها له خودی ئاڤێستاش ـ دا بەڵگەیەک بەدی ناکەین که ئەم پرسه ڕوون بکاتەوه«.

دوستخواه له درێژەدا دەڵێ: «له جوگرافیای ئەفسانەکان و ئایینەکانی ئێراندا ـ بێجگه له «ئاریان ڤەئیچ»ـ که جێگاو شوێنی به ڕۆشنی دیار نییه ـ زۆربەی دەڤەر و ڕووبار و دەریا و دەریاچه

و کێوەکان، بە شێوەی ڕێژەیی لەگەڵ دەڤەر و ڕووبار و دەریا و دەریاچە و کێوەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێراندا یەک دەگرنەوە. بەڵام ئەگەر ئەم شتەش ڕاست بێت، دیسان ناتوانێ زێدی زەردەشت ڕوون بکاتەوە، بەڵکو زیاتر دەڤەری پەرەسەندنی دینی زەردەشت ڕوون دەکاتەوە.

هەروەها تا ئێستا بەڵگە و ئارگومێنتی زمانناسانەش نەیانتوانیوە ئەم تەمومژە بڕەوێننەوە؛ ئەگەرچی زۆربەی توێژەران و ئاڤێستاناسان لەسەر ئەوە کۆکن کە گاتاکان هی زەردەشتن، بەڵام لەمەڕ چۆنیەتی و شوێنی بەدیهاتنی ئەم سروودانە هێشتا بیروڕاکان جیاواز و ناکۆکن و ئەگەر — وەک چۆن زۆربەی توێژەران پێیانوایە ـ زمانی گاتاکان بە یەکێ لە زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران بزانین، دیسان ناتوانین وەڵامی ئەم پرسە بدەینەوە کە: ئایا ئەم زمانە زمانی دایکی زەردەشت بووە، یان زەردەشت پاش کۆچکردنی بۆ ڕۆژهەڵاتی ئێران لەگەڵ ئەم زمانە، وەک زمانی ئەدەبیی و ڕەسمیی ئەو دەڤەرە بەرەوڕوو بووە و سروودەکانی خۆی پێ نووسیوە؟

کەوابوو بەناچاری دەبێ لە باسکردن لەمەڕ زێد و ماڵباتی زەردەشت خۆ ببوێرین و ئاکامی توژینەوەی زۆربەی ئاڤێستاناسان کە دەڵێن بانگەوازی زەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی ئێراندا پەرەی سەندووە قەبوڵ بکەین و بڵێین کە: «زەردەشت کۆنترین بیرمەند و دادگەر و شاعیری ئێرانی لە شوێنێک لە ئێراندا چاوی بە جیهان پشکووتووە و لە ڕۆژهەڵاتی ئێران پەیام و دینی خۆی ئاشکرا کرد.» [بەڵام بە پێچەوانەی ئەم وتانەی جەلیل دوستخواە، وەک لە درێژەی ئەم باسەدا دەیبینین، عماد الدین دولتشاهی، توێژەری بوێر و وردبینی کرماشانی، لە دوو کتێبی هەرە بەنرخی خۆیدا، زێد و زمان و زەمەن و نەتەوەی زەردەشت ڕوون دەکاتەوە].

ئیبراهیم پورداود، ڕاڤیاری گاتاکان و مامۆستای زەردەشت‌ـ ناسانی ئێرانی، لەمەڕ زێد و نیشتمانی زەردەشت دەنووسێ:

«لەمەڕ زێد و شوێنی لە دایکبوونی زەردەشت، بیروڕا جیاوازن، پێشتر ڕۆژهەڵاتناسان بەلْخ، شارێکی ئەفغانستانی ئێستایان، بە زێدی زەردەشت دەزانی، بەڵام ئەمڕۆ بە گشتی لەسەر ئەو ڕوانگەیە کۆکن کە زەردەشت لە ڕۆژئاوای ئێران لەدایک بووە. لە ئازەربایجان لەو شوێنە کە ئەمڕۆ بە تەختی سلێمان دەناسرێ و ئاتەشگەی بەناوبانگی ئازەرگوشنەسب و مەزار و پەرستگەیەکی پیرۆزی لێ هەڵکەوتووە. یاقوتی حەمەوی لەمەڕ ئازەرگوشنەسب دەڵێ: لەنێوان مەراغە و زەنجان، لە نزیک شارەزوور و دینەوەر دایە.

ئیبن خردادی دەنووسێ: پادشاکان پاش گەیشتن بە تاج و تەخت، بە پێ لە تیسفونەوە دەچوون بۆ ئەم پەرستگەیە. هەروەها مێژوونووسانی یۆنان باسی ئەوە دەکەن کە لە خەزێنەی ئەم پەرستگەیەدا زۆر شتی ئەنتیک و بەنرخ هەیە.

زۆربەی مێژوونووسانی ئێرانی و عەرەب هەر لە ئیبن خردادی و بلادری و ئیبن فەقی و مەسعودی و یاقوت حەمەوی و قەزوینی و حەمزە ئەسفەهانی ئەبولفدا لەسەر ئەم ڕوانگەیە کۆکن کە زەردەشت لە ئازەربایجان و لە کەناری دەریای ورمێ لەدایکبووە و باسی پلە و پێگەی پیرۆزی ئازەرگوشنەسب‌ـیان کردووە، بەڵام کەسانێکی وەک بری و پێڕەوانی و میرخواند و ئیبن ئەثیر دەڵێن زەردەشت لە پەلستین لەدایکبووە و بەرەو ئازەربایجان کۆچی کردووە.

بەڵام هەندێ لە مێژوونووسان دەڵێن زەردەشت لە شاری ڕەی [ڕگا لە ئاڤێستا] لەدایکبووە. ڕەی شارێکی کۆنی ئێرانە کە لە خوارووی تاران هەڵکەوتووە و لە سەردەمی کۆندا شارێکی پیرۆز بووە و ناوەندی موغانی ئێران بووەو پیری موغان لەوێ دانیشتووە.

ڕەی هەر ئەو شارەیە کە بەتلەمیوس جوگرافیزانی یۆنانی سەدەی دووهەمی پێش زایین لە کتێبەکەیدا باسی کردووە. هەروەها ئەبوریحانی بەیرونی باسی پیری موغانی ڕەی کردووە.

پورداود لە کۆتاییدا دەڵێ: «هەروەها ئمیانوس مارسلینوس مێژوونووسی یۆنانی باسی دەسەڵاتێکی ڕۆحانی سەردەمی ماد دەکات، هەندێ لە دەسنووسەکانی پەهلەوی بۆ ئەوەی ئەم دوو بۆچوونە لێک نزیک بکەنەوە، دەڵێن باوکی زەردەشت خەڵکی ئازەربایجان و دایکی خەڵکی ڕەی بووە... بە کورتی بەپێی ئەوەی وترا، دەتوانین بڵێین کە زەردەشت لە ڕۆژاوای ئێران لە دایکبووە و هیچ فڕی بە خواروی ئێرانەوە نییە و بڕوا بە ڕۆژهەڵاتی ئێرانیش وەک زێدی زەردەشت ئەمڕۆ لەبرەو کەوتووە و ئیتر کەس لایەنگری لێ ناکات».

وەک دەبینین پورداود لە شاگردەکەی خۆی، ج. دوستخواه، واقیعبینترە و لانی کەم دان بەم ڕاستییەدا دەنێ کە زەردەشت خەڵکی ڕۆژاوای ئێرانە/ ئەمەش یانی کوردستان.

کاتێ لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕەزاشا لە ئێران دەوڵەتی ناوەندی مۆدێرنی دامەزراند، ئێرانی مۆدێرن، یانی ئێرانێک بەپێی یەک زمان، یەک نەتەوە، کە ئەمەش بریتی بوو لە زمان و نەتەوەی فارس، زۆرێک لە نووسەران و ڕۆشنبیران بۆ ساغکردنەوەی کولتوور و ناسنامەی خۆیان گەڕانەوە بۆ فەرهەنگ و ئەفسانەکانی ئێرانی لەمێژین، لەم ناوەدا ئیبراهیم پورداود یەکێ لە توێژەران و پسپۆڕانی ئێرانی بوو کە دەستی دایە شەرح و ڕاڤەکردنی کتێبی ئاڤێستا و گاتاکان، یانی وەرگێڕانی دەقی ئاڤێستایی بۆ زمانی فارسی؛ پورداود ئەگەرچی لەنێو ڕۆشنبیرانی فارسدا ڕێز و توانایەکی تایبەتی هەیە،

بەڵام یان بەهۆی نەشارەزایی لە خوێندنەوەی دەقی ئاڤیستادا[٢]، یان بەهۆی دەمارگرژی شئۆنیستی، زۆر کەموکووڕی بە کارەکانیەوە دەبینرێ. بۆ وێنە لە وەرگێڕانی فەروەردین یەشت دا، بەندی چوار تا هەشت، وەرناگێڕێ، یان سانسۆری دەکا! بەڵام گەلۆ ئاخۆ پورداود بۆ وا دەکا؟

ئیسماعیل بێشکچی، نووسەری بوێری تورک، لە وتەیەکدا دەڵێ: سەرتاسەری فەرهەنگ و ژیاری هەر سێ نەتەوەی فارس و تورک و عەرەب، لەسەر درۆ و فریو داڕێژراوەو پێکهاتووە، بۆچی؟ چونکە حاشایان لە ڕۆڵی مێژوویی نەتەوەی کورد کردووە، چونکە غەدریان لە کورد کردووە... بەپێی ئەم نموونەیە کە ئێستا دەیهێنینەوە، ڕاستی وتەکەی بێشکچی- مان بۆ دەردەکەوێ... هەروەها پیرەمێردی شاعیر لە شیعرێکیدا دەڵێ: «گوردی شانامە هەر هەمووی کوردن»؛ من پێشتر کە ئەم شیعرەی پیرەمێردم

---

٢ . بۆ نموونە پورداود بەندی هەشتی زامیاد یەشت بەم جۆرە وەردەگێڕێ، ئەهورا بە زەردەشت دەڵێ: «بە هەر ڕادە کە ئەم زنجیرە چیایە دەڕواتە پێش، بە هەمان ڕادە خودای ڕاهێنەر بۆ پێشەوایان و جەنگاوەران و جوتیاران، پەز و مێگەلی ئافراندووە«؛ بەڵام دەوڵەتشاهی بەمجۆرە وەریدەگێڕێ: «لەوێوە دەڕۆی، بەنێو ئاودا بە بوارگەدا ڕادەبووری، بڕوانە و بڕۆ بەرەو ستێر [ستێر لە ناوچەی سنگور و کولیایی هەڵکەوتووە]، سپی کەل تێپەڕێنە و بگە بە دەروەنەکان [مەبەست ناودەروەن و پشت دەروەنە کە لە نێوان کامیاران و کرماشان دان]، لەوێوە دەگەڕێیەوە و دێیەوە بۆ «سورنی» [سورنی ئێستا گوندێکە لە ٧ کیلۆمەتری باشووری کامیاراندایە]، ئەی دروستکار، لەوێ پشوو بدە، بحەسێوە، خۆراکی خۆش بخۆ، شوانەکان لەوێ پشوو ئەدەن، شەو لەوێ بمێنەوە، خۆراکی بەچێژت بۆ دێنن، لەوێ بە هاوار و باڵۆرەوە مەزدا ستایش بکە و بڵێ سوپاس ئەی مەزدا کە منت ئافراند، خێر بە هەموان ببەخشە، بەمجۆرە هێندە سکاڵا و هاوار بکە تا خەڵک فێر بکەی کە ستایشی مەزدا بکەن». سەرچاوە: جغرافیای غرب ایران، کوههای ناشناختە اوستا، عمادالدین دولتشاهی، ل ١٧؛ وەک دەبینین تەرجمەی پورداود و تەرجمەی دەوڵەتشاهی هێندە لێک دوورن دەڵێی بەرهەمی دوو دەقی جیاوازن.

دەخوێندەوە پێم وابوو ئەمە جۆرێک بەرچاوتەنگیی پیرەمێرد دەگەیەنێ، بەڵام بە دیتن و خوێندنەوەی کتێبەکانی دەوڵەتشاهی دڵنیابووم کە وتەکەی پیرەمێرد ڕاستە.

عیمادەدین دەوڵەتشاهی لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ: یەکەمجار لە شیراز کتێبێکی یەشتەکانی پورداودم بینی و زمانی وەرگێڕانی فارسی و دەقی ئاڤێستاییم پێکەوە بەراورد کرد، بینیم وەرگێڕانەکە لەگەڵ دەقی سەرچاوەدا نایەتەوە، بۆیە بڕیارم دا کە بچم زمانی ئاڤێستایی بە باشی فێر ببم و بزانم چ باسە؛ بەکورتی پاش فێربوونی زمانی ئاڤێستایی، هەموو ناوچەکانی کوردستان، هەر چوار پارچە، گەڕام و هەموو زاراوەکانی زمانی کوردیم لە نزیکەوە بیست، ئەوجا دەستم کرد بە تۆژینەوە و وەرگێڕانی فەروەردین یەشت، هەم بۆ فارسی و هەم بۆ کوردی». دەوڵەتشاهی دەڵێ: لە درێژەی وەرگێڕاندا بینیم کە پورداود بەندی چوار تا هەشتی فەروەردین یەشتیـ کە باسی شوێن و جوغرافیای زۆرانبازی ڕۆستەم و زۆراب دەکات ـ تەرجەمە نەکردووە. لەم بەشەدا باسی سێ شوێنی جوگرافیایی دەکرێت کە بریتین لە شاری «سەمەنگان»، کێوی «پەڕاو» و دەڤەری «پاوە«؛ ئەم سێ شوێنەش هەر هەموویان لە پارێزگای کرماشان هەڵکەوتوون. لە شاری سەمەنگان ئێستا گوندێک هەر بە ناوی «سەمەنگان» ماوەتەوە و لە نزیک شارۆچکەی بێستوون هەڵکەوتووە، وەک دەشزانین کێوی پەڕاو لە تەنیشت شاخی بێستوونەوەیە و کێوێکی ئێجگار بەناوبانگە و سەر لە ئاسمان دەسوێ؛ وەک ئەم بەیتە فولکلۆرە دەڵێ:

**پەڕاو بیسێتون هەر دوو برا بین**
**فەڵەک کارێ کرد لە یەک جیا بین.**

جگە لەمەش هەموان دەزانن کە ئێستا شاری پاوە لە کوێدایە...

بەڵام ئاخۆ بۆچی پورداود وای کردووە؟ هۆکار ڕۆشنە، چونکە ئەگەر ئەو شوێنی جوگرافیایی زۆرانبازیی ڕۆستەم و زۆراب دیاری و ڕوون بکاتەوە، شیرازەی تێکڕای شانامەی فیردەوسی هەڵدەوەشێتەوە. ئاخر فیردەوسی دەڵێ: ڕۆستەم خەڵکی زابۆلستانە و «سەمەنگان»یش لەوبەری ڕووباری «هیرمەند»ە و تێکڕای کارئەکتەر و پاڵەوانانی شانامە لە هەردوو دەسەڵاتی پیشدادی و کیانی، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئێرانن و لە نەتەوەی «پارس»ن. بەمجۆرە دەبینین شانامە ئەم بەرهەمە مەزنە حەماسییە کە زۆربەی خەڵکانی ئێران شانازی پێوە دەکەن، لەسەر بنەمای درۆ و چەواشەکاری دارڕشتووە.[٣] ئەحمەدی شاملوو ساڵی ١٩٩٠ لە زانکۆی بێرکلی لە

---

٣ . خاڵێکی تر کە لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بکەم، پرسی شانامەی کوردی و نەریتی شانامەخوانییە لە دەڤەری کرماشان و بەتایبەت لەناو خەڵکی یارساندا، کە سەرەڕای هەموو ئاڵوگۆڕێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دابڕانی خەڵک لە داب و نەریتە کۆنەکان، هێشتا هەر بەردەوامە و گرنگی پێ ئەدرێ. هەروەها پێویستە ئەوەش بزانین کە شانامەی کوردی چ لەڕووی فۆرم و ستایل و چ لە ڕووی ناوەرۆکەوە جیاوازە لە شانامەی فیردەوسی، ئەمەش نیشانەی ئەم ڕاستییەیە کە حەماسە و کولتوری پادشایانی پیشدادی و کەیانی لەم دەڤەرەدا ڕووی داوە و لە مێژوو و فەرهەنگ و بیرەوەریی خەڵکی ئەم دەڤەرەدا بە قوڵیی ڕەگی داکوتاوە. لەژێرەوە بەشێک لە شانامەخوانی دەڤەری کرماشان دێنمەوە کە بە دەنگی دەروێش قولی کرندی تۆمار کراوە:

جەمشید جەم بی جەمشید جەم بی<br>
ئەوسا دەوران جەمشید جەم بی<br>
سەرانسەر ئێران پڕی نە خەم بی<br>
نام جەم پەری ئێرانی شەم بی<br>
زاڵ کورس نشین ئەیوان زەر بی

ئەمەریکا لە بابەتێکدا کە باسی بەدەسەڵات ـ گەیشتنی داریوشی هەخامەنشی و تێکشکانی شۆڕشی گئومات دەکات، ڕاستییەکانی ئەم پرسەی ڕوون کردووەتەوەو چەواشەکاری فیردەوسی ئاشکرا کردووە[٤]؛ هەر ئەوکات شاملووی مەزن لەگەڵ تۆفانی جنێو و هێرشی شئۆنیستانی دۆگم بەرەوڕوو بوو... بەڵام پووورداود شاملو نەبوو، خاوەن وەها بوێرییەک نەبوو، ئەم ڕاستییەی ئاشکرا نەکرد، بەمجۆرە

سەڵساڵ خیاڵەش خێران شەڕ بی
سام سایو گورز نوسەد مەنی بی
کەیقوباد نە تەخت دانە بەنی بی
کەیکاوس نە کەیف کەیان کەی بی
زاڵ نە زوهاکێ عەقڵ و فام رەی بی
گودەرز دەفتەردار مێرزای سەرمەخش بی
خێزان خروش شای سیاوخش بی
زوور زووردار زات سوراب بی
زەنوون هام بەیعەت ئەفراسیاب بی
جوشان ئاتاش بەور بەیان بی
شو زشت بهمەن نە ئام عەیان بی
ئەرژەنگ کیشکچی رامشگەران بی
دێو سفێد ئەرکان مازەندەران بی
بەهرام بەهرەمەن کەڵاف کەمەن بی
زوور زەوارە چووی تەهمتەن بی
تەهمتەن مایەی فەڕ ئێران بی
شێر و شێت ئەشق شەیدای شێران بی
خسرەو قەرق هوون موودای دڵبەن بی
گڕا سەرنگوون دەس کوکەن بی
یەک نە شوون یەک هات نەهات بی
هەیف دەوریش قولی دنیاش زەڵمات بی

٤ . لەمەڕ دیدگای بوێرانەی شاملو سەبارەت بە فیردەوسی و شانامە، بڕوانە بۆ ئەم لینکە: http://www.iwsn.org/aashr/3/shml/neg/j.pdf

له پلەی یەکەمدا غەدری لە ڕێگای ڕاستیی ئەشو زەردەشت کرد و لە پلەی دووهەمدا، خەسڵەتی هەق-خوازی و ڕاستبێژی خۆی وەک توێژەرێکی پسپۆڕ و شارەزا خستە ژێر پرسیارەوە!!!

دەوڵەتشاهی ڕوونی دەکاتەوە کە شاخ و کێوەکانی زاگرۆس و کوردستان، کێوە نەناسراوەکانی ئاڤێستا پێک دێنن. ئەو دەڵێ زەردەشت لە تەنیشت دەریای ئاورامیە و لەنێو هەورامییەکان لەدایک بووە، دواتر لەوێوە بەرەو ئوشیدەر/ئاویەر ڕۆیشتووە، پاشان بەرەو دیناوەر/دینەوەر ڕۆشتووەو لێرەدا بە یارمەتیی کەی-ڤێشتاسپ پەرەی بە دینی خۆی داوە. ئاخۆ کەی ڤێشتاسپ کێیە؟ کەی ڤێشتاسپ دوایین پادشای دەسەڵاتی کیانییەکان بووە. دەسەڵاتی کیانیی بەهۆی کەڤی کەڤاتە/کەی قوباد دامەزراوە، هەروەها کەڤی ئوسەسەن/کەیکاوس کە نەبەردیی ڕۆستەم و زۆراب لە سەردەمی ئەودا ڕووی داوە، پادشایەکی تری کیانییە... لە ئاڤێستادا کاتێ باسی زێدی زەردەشت دەکرێ، باسی وڵاتی ئاریان-ڤاچ دەکرێ، هەروەها باسی شاخی «هەرەبرزەن» دەکرێت، کە شەش زنجیرە شاخی تر بە تەنیشتییەوەن. هەم دەوڵەتشاهی و هەم د. محەمەد ئەمین هەورامانی و هەم جەلیل عەباسی بە کۆمەڵێک بەڵگە و ئارگومێنت و نیشانەی زمانیی و ناوی جوگرافیایی دەیسەلمێنن کە شاری هەورامانی تەخت، پێتەختی زەردەشت بووە و کێوی هەرە برزەنت کە لە شانامەدا بە «ئەلبورز» تەرجومە کراوە، بریتییە لە کێوی «هەرەهەرە» کە لە پشتی هەورامانی تەخت هەڵکەوتووە. هەروەها یەکبەیەکی زنجیرە کێوەکانی دەورو بەریشیان ڕوون کردۆتەوە. تەنانەت د. هەورامانی بە زۆر بەڵگەی زمانناسانە دەیسەلمێنێ کە ناوچە و گوندی «کێمنە« کە هەر لە زنجیرە شاخی هەرەهەرە جیا دەبێتەوە، پێشتر بریتی بووە لە کەیمەنە/ کەی مانوش/ کەی

مەنوشتەر/ مەنوچەر پادشای کیانیی کە لەم دەڤەرە لەدایک بووە. وشەی مانوش و مانوشچتەر لە زامیاد یەشتی ئاڤێستادا هاتووە کە نە پورداود و نە ئاڤێستا ـ ناسانی ڕۆژاوایی نەیانتوانیوە شوێنی جوغرافیایی ئەم ناوە دیاری بکەن.

بەمجۆرەیە کە دەبینین گوردی شانامە هەر هەمووی کوردن؛ توێژینەوەکەی دەوڵەتشاهی کارێکی ئێجگار گرنگ و زانستییە کە دەتوانێ زۆر تۆژینەوەی تر بە دوای خۆیدا بهێنێ و ڕاستییەکانی مێژووی کورد و مێژووی گەلانی تری ناوچەکە ڕۆشن بکاتەوە. هەر بەم پێیەش دۆکتور احسان یارشاطر دامەزرێنەری ئەنسێکلۆپیدیای ئەیرانیکا لە ئەمەریکا لە وتارێکدا گرنگیی ئەم کتێبەی دەوڵەتشاهی ڕاڤە کردووە.

لەنێو توێژەرانی کورددا سێ کەس بە پێی مێتۆد و کارەکەی دەوڵەتشاهی دەستیان داوەتە کار و توێژینەوە: بابان سەقزی، جەلیل عەباسی و د. محەمەد ئەمین هەورامانی. کاری بابان سەقزی هەم بەهۆی زمانی نووسین و پۆلین ـ بەندی کتێبەکە و ئاماژە نەکردن بە هیچ جۆرە سەرچاوەیەک، ڕەسەنایەتی خۆی لە دەست دەدا و بەتەواوی دەچێتە ژێر پرسیارەوە. زمانی نووسینی جەلیل عەباسی لە زمانی هەر دوو توێژەری دیکە خۆشتر و ئەدەبیترە، بەڵام عەباسی کە زۆر ئەزموون و ئیلهامی لە کتێبەکەی دەوڵەتشاهی وەرگرتووە، لە سەرچاوەکانی بەشی یەکەمی ئاڤیستای خۆیدا باسی دەیان سەرچاوە دەکات، کەچی باسی دوو کتێبەکەی دەوڵەتشاهی ناکات، ئەمەش زۆر جێگەی پرسیارە! بەڵام د. هەورامانی وەک کەسێکی ڕاستگۆ ڕاشکاوانە باسی ئەم پرسە دەکا و بە تەواوی خۆی بە قەرزداری دەوڵەتشاهی دەزانێ و دەڵێ توێژەرانی داهاتوو دەتوانن بەمجۆرە زۆر کار و تۆژینەوەی وردتر و زانستیتر ئەنجام بدەن.

خاڵێکی تر ئەوەیە کە جەلیل عەباسی تەنیا دەیەوێ زەردەشت و دینی زەردەشت هەر لە ناوچەی هەوراماندا بەرتەسک بکاتەوە، هەروەها هەم عەباسی و هەم هەورامانییش لە تۆژینەوەکانیاندا تەنیا خۆیان لە دەڤەری سیرواندا بەرتەسک دەکەنەوە و کەمتر دەچن بەرەو ناوچەکانی سنە و کرماشان و بەتایبەت تەختی سلێمان.

* * *

## چەمک و وشە بنەماییەکانی گاتاکان و زمانی کوردی

تێرمی "ئەهورا مەزدا"، کە لە فەلسەفەی زەردەشت دا ڕۆڵی بنەڕەتی دەگێڕێ و وەک مەزنترین هێزی بەدیهێنەر و بەرەوپێشبەر دەناسرێ، لە هەموو بان [فەلات]ی ئێراندا، بێجگە لە کوردستان ئاسەواری ڕۆشنی لێ بەجێ نەماوە. لە کوردستان دەڤەرێک هەیە بە ناوی "ئاهورامان" [هەورامان]، خەڵکێک هەن بەناوی "هەورامی" و، مەقامێکی هەرە کۆن و مێژوویی هەیە بە ناوی "هۆرە" کە هێشتاش هەر چریکەی دێ. مرۆڤی هوشیار بە وردبوونەوەیەکی کورت لە فونەتیک و مانای سێ وشەی ئاهورامان و هەورامی و هۆرە، زایەڵەی دەنگی ئەهورا مەزدا دەبیستێ و دڵنیا دەبێ کە زێدی ڕەسەنی زەردەشت و ئاخێزگەی بیری زەردەشت، کوردستان/ هەورامان بووە. وشەی "مەزدا"ش [بەمانای زانای گەورە]، لە زمانی کوردی ئێستادا بەشێوەی "مەزن"، بەمانای گەورە هەر بەکار دێت.

هەروەها زۆر وشەی کۆنی کوردی وەک فرە، ئەسپەڕێز [گوندێک لە بناری شاهۆ و کۆسالان]؛ دزاوەر [گوندێک لە پشتی تەوێڵە]؛ وەنەن [پردی دەسکردی گوندی هەجیج]؛ هەرات [کێوێک لە هەورامانی

لەهۆن]، ئاریان [گوندێک لە هەورامان]، بەڵخ [گوندێک لە هەورامانی لهۆن] و بادینان/ بەهدینان ناوچە و زاراوەیەک لە کوردستانی باشوور و ... هەموویان ڕیشەیان لە زمانی ئاڤێستادایە.

بۆ وێنە زمانی ئاڤێستایی دەڵێ: ڤەئێچە: یانی کەلام، گوتار، یانی بڵێ، هەورامی دەڵێ: واچە، ئەردەڵانی دەڵێ: بێژە، سۆرانی دەڵێ: بڵێ، فارسی دەڵێ: بگو؛ وەک دەبینین نزیکترین زاراوە لە زمانی ئاڤێستایی، بریتییە لە زاراوەی هەورامی. تەنانەت ڕیشەی وشەی "ئێران"یش لە وشەی "ئایران"ی هەورامی/ ئاڤێستایی بەمانای شوێنی ئایر/ ئاگرەکان وەرگیراوە. هەروەها وشەی "ئیرەوان" لە ئایرەوان دروست بووە، وشەیەکی کۆنی هەورامی بە مانای پارێزەری ئاگر، ئاگرەوان. چونکە وەک دەزانین ئاگر لە ئایینی زەردەشت دا دەوری گرنگی هەیە و هەم گەرما و ڕووناکی بە ژیان دەدا، هەم هەوێنی ژیار و شارستانیەت و هەم هێمای پاکی و پیرۆزییە؛ ئەو سەردەمەش لە زۆر شاخی وڵاتدا ئاتەشگە هەبووە، ئاگر وەک هێمای ئایینی ڕاستیی هەردەم لە مەشخەڵاندا بووە. بۆیە ناوی زۆر شوێن و وڵات لە ئایر/ ئاگر وەرگیراوە.

لە گاتاکاندا چەندین تێرم و دەستەواژەی دیکە دەبینین کە ڕۆڵی گرنگ و بنەڕەتی دەگێڕن:

**ئەشا**: بە مانای ڕاستی و دروستی؛ پورداود لەمەڕ دوو وشەی گاتایی "ئەشا" و "ئەشو" دەڵێت: "ئەشا بە مانای ڕاستی و دروستی و یاسای یەزدانی و ئەخلاقی پاک، لە گاتاکاندا سەدو هەشتا جار دووپات بۆتەوە، هەروەها ئەشو لە وشەی "ئەشاوەنت"سەرچاوە دەگرێت، یانی مرۆڤێک کە ڕاستی و دروستی پێڕەو دەکات؛ ڕاستکردار". لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەم ڕاستییە بکەم کە ئەم دوو

وشەیە لە زمانی کوردی ئێستادا شێوازی تازەتری بەخۆوە گرتووە و تا ئێستاش هەر بەکار دێت، چەندین وشەی وەکوو: ئەشێ، بشێ، ئەشیا، مەشیا، شیاو، شایان، لێوەشاوە و ...، چ لەباری فۆنەتیک و چ لەباری ماناوە لە دوو وشەی ئەشا و ئەشوو نزیکن و هەموویان خاوەن مانای باش و پۆزەتیڤن.

**ڤەهومەنا**: بە مانای بیری پاک، دەروونی پاک، مەبەستی پاک؛ لە دوو وشەی ڤەهو و مەنا پێکهاتووە، ڤەهو یانی پاک، چاک؛ مەنا بەمانای بیر و مەبەست، ڤەهومەنا لە گاتاکان دا سەد و سی جار دووپات بۆتەوە.

**خەشتەرا/ ئارمەئیتی**: خەشتەرا بەمانای شار و وڵات، هەروەها بەمانای وزە و توانایی و فراوانی؛ ئارمەئیتی بەمانای ئارامی، هێمنی، خۆڕاگری؛

**هەروتات**: بەمانای پوختەیی و پێگەیشتوویی، تەندروستی.

**ئەمرتات**: بە مانای نەمری و ژیانی جاویدان. لێرەدا دەکرێ ئاماژە بەم ڕاستییە بکەم کە دوو وشەی ئینگلیزی mortalو immortalبە مانای بمر و نەمر ،دەگەڕێنەوە بۆ وشەی گاتایی مرتات و ئەمرتات، خاڵی جێگەی سەرنج ئەوەیە کە پێشگری" ئە"ی گاتایی ،هەتا ئێستاش لە زمانی ئینگلیزیدا هەر هەمان ڕۆڵی نەفی دەگێڕێ.

دیسان پورداود لەمەڕ کێش و هارمۆنی و فۆرمی شیعری گاتاکان دەڵێت: "گاتاکان دەقێکی شیعریی و هارمۆنیکە، بەڵام لە شیعری ئەمڕۆی ئێران کە بە پێی عەروزی عەرەبی پێکهاتووە ناچێ، بەڵکو لە شیعری گەلانی هیندو ئەورووپایی دەچێ." (گاتها، سرودەهای زرتشت، ابراهیم پورداود، ل ٣١).

لێرەدا دیسان پێویستە ئاماژە بەم ڕاستییە هەرە گرنگە بکەین کە ڕاستە کێشی شیعری گاتایی لە زمانی فارسیدا نەماوەو وەزنی

عەروزی عەرەبی بەتەواوی زاڵ بووە، بەڵام لە زمانی کوردیدا هەر بەردەوام بووە، بێجگە لە شیعر، دەیان و سەدان بەیتی فولکلۆری کوردی پێ هۆنراوەتەوە کە هەر لەسەر فۆرم و کێشی گاتاییدان [بڕوانە بۆ تحفەی مظفریە، ئوسکارمان، ڕاڤە و وەرگێڕانی هێمن موکریانی، چاپی دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠١١]؛ جگە لەوەش زۆربەی شاعیرانی هەورامی و گۆران ـی ملیان بە وەزنی عەروزی عەرەبی نەدا و هەر بە کێشی بڕگەیی نووسییان؛ لەم نێوەش دا کێشی ٥+٥ زاڵترین کێشی شیعری کوردی هەورامی پێکهێناوە، هەر لە هۆنراوەی کۆنی هۆرمزگان ڕمان/ ئاتران کوژان[٥]، تا بەرهەمەکانی سەیدی هەورامی و بێسارانی و مەولەوی تاوەگۆزی و غوڵام ڕەزا ئەرکەوازی و... هەموویان بەپێی کێشی بڕگەیی پێنج پێنج پێکهاتوون: ئاخر سەفەرن/ را خەیلی دوورەن/ مەنزڵ بێ پایان/ تووشە زەروورەن. [مەولەوی]

لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، گۆران، شاعیری مەزنی کورد لە زمانی شیعری کوردی سۆرانیدا وەرچەرخانی هەرە مەزنی خوڵقاند و گەڕایەوە بۆ وەزنی بەیتە فۆلکلۆرییەکان و

٥. مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردیدا ئەم شیعرە دێنێتەوە و دەڵێ ئەم شیعرە پاش هێرشی سوپای عەرەب بۆ کوردستان نووسراوەو ئەوپەڕی زەبرو زەنگ و بێ ڕەحمی و وەحشیگەری سوپای داگیرکەر دەگەیەنێ:

هورمزگان ڕمان، ئاتران کوژان
وێشان شاردەوە گەورەی گاوران
زورکار ئەرەب کردنە خاپوور
گنای پاڵەیی هەتا شارەزوور
شن و کنیکان وە دیل بشینا
مێر ئازا تلی وەڕووی هوینا
ڕەوشت زردشترە مانەوە بیکەس
بەزیکا نیەکا هورمز وە هویچ کەس

وەزنی گاتاکان. ئەمەش دیسان ئەم ڕاستییە دەگەیەنێ کە نزیکترین زمان لە زمانی گاتاکانەوە هەر زمانی کوردییە، کۆنترین ئێتنیک و کۆنترین زمان کە هەتا ئێستاش زۆرێک لە زمان و نەریت و کولتووری گاتایی پاراستووە، بریتییە لە زمان و کولتووری کوردی و بەتایبەت زاراوەی هەورامی.

## گاتاکان وەک دەقێکی گرنگی فەلسەفی و جیهانی

فەلسەفەی زەردەشت گرنگترین پشتخانی بزاڤی فەلسەفەی ڕۆشنگەری ئەورووپا پێکدێنێ، بیرمەندانی چاخی ڕۆشنگەری هەر لە ڤۆڵتێر، دیدرۆ، تا هێگل و نیچە و ... بۆ داڕشتن و فورمولەکردنی سیستمی فەلسەفیی خۆیان، هەموویان بەجۆرێک پشتیان بە بیری زەردەشت بەستووە؛ نیچە لە زمانی زەردەشتەوە تێکڕای سیستمی ئەخلاقی مەسیحی هەڵدەوەشێنێتەوە و سوپێرمان دەخولقێنێ؛ هەروەها کاکڵی دیالکتیکی هێگل لە گاتاکانی زەردەشتدایە؛ لە گاتاکاندا زۆر جار باسی هێزێکی بەدیهێنەر و بەرەوپێشبەر دەکرێ، یان دەڵێ:

ئەی بریا ئێمە لەو کەسانە بین
کە هەردەم جیهان نوێ دەکەنەوە.

چەندین تێرم و دەستەواژەی وەک ڕاستی، بیری پاک، کرداری پاک، ئارامی، روناکی، ئاوەز، شادی، بەختەوەری و ئاوەدانی، کاکڵی فەلسەفەی زەردەشت پێکدێنن.

ئێستا دێمە گوتن
بۆ ئێوە ئەی عەواڵانی ئاوەز

بۆ ئێوەش ئەی زانایان،
باسی دوو بنەمای بنەڕەتیتان بۆ دەکەم و
ئەهورا و بیری پاک
ستایش دەکەم،
هەروەها ئەقڵ و ئایینی ڕاستی
تاکو نوور و ڕووناکی فام بکەن و
بە هەڵبژاردنی دروست
بە خۆشی و شادمانی بگەن.
گاتاکان، سروودی سێهەم، بەندی 1

لە دینەکانی عیبری و عەرەبیدا، کاتێ پەیامبەرێک بناغەی دین، یان سیستمێکی ئێتیکی/ ئەخلاقی دادەڕێژێ، وەها دەسەڵاتێکی ئەستوونی و میتافیزیکی بە خودا دەدات، کە هەر جۆرە وزە و ئیرادەیەک لە مرۆڤ دەستێنێتەوە، خودا بە وەها دەسەڵاتێکی ڕەها و بێ سنوور دەگات کە تەنانەت لە خشەی مێرووله ئاگادارە و گەر بە ویستی ئەو نەبێ مرۆڤ ناتوانێ هەناسەش بدات، تا چ بگات بەوە کە دنیا بگۆڕێ و چارەنووسی خۆی دیاری بکات! بەمجۆرە مرۆڤ دەبێتە کەربەندەی هێزێکی خەیاڵی و میتافیزیکی کە خۆی دروستی کردووە. بەڵام مرۆڤی هوشیار، بە خوێندنەوەی گاتاکان هەست بەم ڕاستییە دەکات کە پێوەندی زەردەشت و ئەهورا مەزدا، پێوەندی بەندە و خودا نییە، پێوەندی ئاسۆیی ئەستوونی نییە، بەڵکو پێوەندی دوو هاوڕێیە، یان بەو جۆرە کە میخایل باختین دەڵێت: پێوەندی دیالۆگیی دوو سوژەی ئینسانییە.
ئەی ئەهورا مەزدا
بە من بڵێ، وەک دوو هاوڕێ

من كە بیر لە دەرسەكانت دەكەمەوە
بە بیری پاك لێت دەپرسم
كە چۆن لەبەر تیشكی ڕاستیدا
پوختە و خاراو دەبم و
بە دڵ و دەروون شاد دەبم؟
گاتاكان، سروودی نۆهەم، بەندی 8

كاتێ بیرمەندانی سەردەمسازی ئەوروپا بە پشتبەستن بە فەلسەفەی زەردەشت، سەرخان و ژێرخانی جڤاكی خۆیان سەرلەنوێ دادەڕێژن و سامانێكی مۆدێرن و سازگاری كولتووری كۆمەڵایەتی پێكدێنن، ئەی نەتەوەی كورد، وەك گەلێكی بندەستی بێ ناسنامە كە خاوەنی ڕاستەقینەی بیری زەردەشتە، بۆ لەم خەزێنە هەراوە كە سەرچاوەی كۆن و زوڵاڵی زمان و گیانی كوردی پێكدێنێ، سوود وەرنەگرێ و كولتوور و ناسنامەی خۆی پەرداخ و نۆژەن نەكاتەوە؟

بەداخەوە بەهۆی هەڵكردنی ”بای دڕكاوی سەحرای لە شمشێر زاو“[6]، كورد و هەموو نەتەوەكانی ئێران، ئەوە سەدان ساڵە لە

٦. تا ئێستا لەنێو ئەو دەقانەدا كە باسی هێرشی عەرەب بۆ سەر كوردستان، و هێرشی كولتووری شمشێر بۆ سەر تریفەی گاتاكان دەكەن، هیچ دەقێك وەك قەسیدە شیعری ”ئاوابوون و بوومەلەرزە“، بەرهەمی شاعیری مەزنی كورد، شێركۆ بێكەس، سەرنجی ڕانەكێشاوم. لێرەدا زۆر سوپاسی كاك شێركۆ دەكەم كە دیسانەوە نوسخەیەك لەم دەقەی پێدام و هەروەها چەند كوپلەیەك لەم شیعرە مەزنە وەك نموونە دێنمەوە:
ئاوابوون بوو
ئەی شەفەقی لە خاچدراوی جەستەم و مانگی كوژراو
ئاوابوون بوو
وەك زەردەپەڕی گاتاكان لە پەرسگەی ڕووناكیدا

وەک پووکەپووکی درەخت و
وەک بینایی داروبەرد و
سیمای کێو و نیگای هەور و چاوی ڕێ و بان
وەک ئاگردان
وەکو دایکم
هەموو کەلەپۆکان گریان!
غەزای سەربڕینی شاخ بوو، غەزای ڕۆحم... غەزا
غەزای دەروونی داربەڕوو
غەزای بەفر و
غەزای وشەم
غەزای گوڵجاڕی ئاڤێستا!
لێشاو بوو. لێشاو بوو، لێشاو
لێشاوی پێکەنینی لم
قاقای ڕم و قاقای دەف و قاقای تەپڵ
لێشاوی خولی بیابان: لە هەڕەتی تەپ و تۆزی سەرکەوتوودا
لێشاوی دوورگەی نەفرین بوو
لە هەڕەتی خوێنجمانی شیر و شمشێری لەشکردا...
چاوەکانی خۆشەویستی
چاوی نەستمان
وەک قوتیلکە کزەکانی سەر تاشەبەردی ئاتەشگە کوژانەوە و
بوو بە ئاهەنگی خەلیفە و
جەژنی فەتحی کافرستان...
ئاوابوون بوو
ئاوابوونی عشق لە مەرگداو
مەرگ لە عشقا
"شین و شەپۆڕی باران بوو"
هەستانە سەر پێی زریانی زەردی لم و
چۆک دادانی چیاکان بوو
ئاوابوون بوو
خۆرنشینی بانگی موغ و
پژانی شیعر و گۆرانی و
توانەوەی ئێسکی هەتاو و

هەڵوەرینی سەروقژی دڵداران بوو.
ئاوابوون بوو
خەرەندەکان پڕ بوون لە تەرمی دارگوێز و
پڕ بوون لە سکڵی کوژراو و
پڕ بوون لە گوڵی جوانەمەرگ
بێشەیەک شمشێر ئەجووڵێ و دێتە پێشێ.
ئاوابوون بوو
کانی وەک مناڵ ئەترسێ
پیاو وەکوو چیا ئەترسێ
مێژووش وەک درەخت ئەسووتێ
بێشەیەک شمشێر ئەجووڵێ و دێتە پێشێ
غەزا بوو... غەزا بوو... غەزا...
ئاو لەسەر تاوێر خۆی ئەکوشت
دابڕان بوو
جوێبوونەوە و دابڕان بوو
داچۆڕانی دوا تنۆکی زەردەخەنەی گاتاکان بوو
ڕنینەوەی دەنگی شاخ و
بڕینەوەی ڕەنگەکان و
دابڕانی کات لە شوێن و شوێن لە کات بوو
بێشەیەک شمشێر ئەجووڵێ و دێتە پێشێ...
لە سەرانسەری ئەم کافرستانە جوانەدا
باڵندەیەک نەما کوێر نەبێ
هەورێک نەما نەزۆک نەبێ
باخێک نەما ئیفلیج نەبێ
ئاوابوون بوو
توانەوە و دابڕان بوو.
" ئەوەی بیستتان ئەوە دەنگی جەستەی من بوو
ئەوە زریکەی مەمکم بوو، قیژەی بەژن و گەردنم بوو..."
من کچە چاو سەوزێکی میدیاییم
ناوم ناهیدە
شەرابی گاتاکان لە ناوەکەم ئەچۆڕێتەوە
من بە ناوی ناهیدی خوداوەندی جوانی و میهرەوە ناو نراوم

گەڵا زەیتوون چاومە و چاوم گەڵا زەیتوونە
باڵام کڵپەیەکی کەڵەگەتە، گەردنم کێلی ڕەوەزانە
ئەو شەوەی لەدایک بووم
مانگ لە دەربەندی پیرەمەگروون قەتیس مابوو
مانگ بە هانای مەزدەوە هاتبوو
ئەو شەوە لەدایک بووم
لە تێلی تاوسیانەوە پێچام و
حەوت جار بە دەوری ئاگرێکی خۆشدا گێڕایانم
چل قومریی باڵ شین بۆیان ئەخوێندم
چل گوڵە هێرۆشیان کردبوو بە چەتری سەرسەرم
ئەو خاڵەی لەسەر تەختی تەوێڵمە نیشانەیە
ئەوە شوێن ماچی پیرۆزی ئەهورا مەزدایە
من لە دەستەی فریشتە سپییەکانی میدیام
باوکم ڕەزەوانی پەرسگە گەورەکەمانە
باوکم بە ڕیشە سپییەکەیەوە لە درەختی نووری ئاڤێستا ئەچێ
من تاقانەی ئەو بووم
وەک تاقانەی زنەی قاقڕێک
"مەردۆخ"ی پاڵەوانی سەرسنگ نەخشاو
بە سەرە بەرانی پیرۆز عاشقم بوو
چەندین بەوری بۆ کوشتم
چەندین پڵنگی بۆ ڕاو کردم
هەتا بای دڕکاوی سەحرای لە شمشێر زاو نەگەیشتبوو
ئاسمان و زەویمان وەک پەڵەهەوری سپی و گوڵەگەنم پاک بوون
کە بای ڕەش گەیشت
بای وەشتمان مرد
بوو بە زەمانی کوللەبارین
بوو بە زەمانی ئەڤین هاڕین...
ئەم "با"ی چقڵە بەیەکەوە گوڵە گەنم و چاومان ئەخوا
بەیەکەوە پەنجەمان و
لاسکی شیعر و تاڵەقژی پەرییەکانی مەملەکەتی خەونی مید و مەمکەکانی "ناهید"
ئەخوا
کچە میدی گوڵ وەنەوشە

## ڕێباز و فەرهەنگی زەردەشتی دابڕاون و بەهۆی زاڵبوونی دەسەڵاتی

لە پەنجەرەی ڕەوەزەوە سەر دێننە دەر
مانگ بەسەر و گوڵ بەسەر و گزنگ بەسەر
ئەڕواننە دوور
چاوەڕوانی حیلەی ئەسپ و بانگەوازی مەردۆخ ئەکەن
چاوەڕوانی بوومەلەرزەی مەلەک تاووس
چاوەڕوانی ڕەزەوان و گەڕانەوەی گاتاکان و مەشخەڵانی پرچەکانی ئاگر ئەکەن...
"نایەنەوە، تیژتر بووە دەمی ئەم شمشێرە زەردە
نایەنەوە، زیندووش تەنیا سبەینێیە"
ناهید ئەڵێ: زەریاکانی چەندین سەدە وان لە سەرما
من هەڵمی دوێنێ و
بارانی ئێستاکەو
خەونی سەوزی سبەینێشم...
من تەبایی ناکۆکییەکانم
کۆنی تازەم
زامی ساغم
سوێی تریفەی پێکەنینم
ماڵی بێ جێم
بەهەشتییەکی دۆزەخیم
ڕەشەبایەکی لەسەرخۆم
شەماڵێکی پڕ لە پشکۆم... خۆرەتاوێکی تاریکم
تاریکایی چراخانم
کوێستانێکی پڕووکاو و
بیابانێکی پاراوم
تەم و مژ و لێڵی: ڕوونم
من ئەشکەنجەی کامەرانی و پێکەنینم
ئاخ لە من، ئاخ لە من، ئاخ
نامۆی ناو ماڵەکەی خۆم و
غەریبی ناو گیانی خۆمم...

سەرچاوە: ئاوابوون و بوومەلەرزە، لە نامیلکەی ئافات، کۆی بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەس.

عەرەبی و چەندین توخمی وەک درۆ و ڕییا و فریوکاری، ترس و سام و خەم و خەفەت و تازیەباری، بەجۆرێک لە فەرهەنگی ڕەسەنی گاتایی دابڕاون و تووشی لەخۆنامۆیی هاتوون، کە ئاسۆی گەڕانەوە بەرەو ڕاستی و بیری پاک و خۆشبەختی و ئاوەدانی بەم زوانە بەدی ناکرێ.

لە دۆخێکی ئاوها تیپێکی مێژووییدا، گرنگترین و دژوارترین ئەرکی ڕۆشنبیری کوردی ئەوەیە کە لە نێوان بیری زەردەشت و بیری مۆدێرنی ڕۆژاواییدا سەنتێر بسازێنێ؛ یانی بەجۆرێک ئەم دوو توخمە تێکهەڵکێشێت کە هەم لە مێژووی سوژە و ناسنامە و کولتووری کوردیدا وەرچەرخانێک بخولقێنێ، هەم کارەکەی هێندە ڕەسەن و مۆدێڕن و بەهێز بەئەنجام بگەیەنێ کە ڕۆحی نەتەوەی کوردی وەری بگرێ و گیانێکی تازەی تێ بکەوێ، بەجۆرێک کە بتوانێ خۆی لە کۆیلەیەتی ڕزگار بکاو بە ئازادی و سەروەری بگات.

بە ئەزمون دەرکەوتووە کە ڕۆشنبیرانی وڵاتانی دواکەوتوو کە هەموو شتێکیان لە ئەوروپا وەردەگرن، یەکەم خۆیان خاوەن هیچ هونەرێک نین، بەڵکو تەنیا بیر و شتی خەڵکی تر کۆپی دەکەن، دووهەم خەڵکی وڵاتەکەیان بیری ئەوان وەرناگرێ و تووشی شکست و تەنیایی دەبن.

لە گاتاکانی زەردەشتدا زۆر چەمکی وەک ئازادی، ئارامی، ڕاستی، یەکسانی، ئەقڵانیەت، شادی، بەختیاری و... هەیە کە لەگەڵ تۆلێرانس و فرەچەشنی و ئازادیخوازی و هیومانیزمی ڕۆژاواییدا بەتەواوی دێتەوە و بەمجۆرە ئەم دوو لایەنە دەتوانن یەکتر تەواو بکەن. سوژەی کوردی بە گەڕانەوە بۆ گاتاکانی زەردەشت دەتوانێ خەزێنەیەکی هەراوی فیکری فەلسەفیی بەدەست بێنێ، خەزێنەیەک

کە هەوێن و بناغەی گیان و کولتوور و زمانی کوردی پێکدێنێ و وەکو ئایینەکانی عیبری و سامی لەگەڵ مرۆڤی کورد نامۆ نییە. ئەگەر کورد بەشێوەی جددی ئاوڕ لە گاتاکان بداتەوە و لە کولتوور و دیسکۆرسی خۆیدا بیری زەردەشت بژێنێتەوە، بەمجۆرە دەتوانێ تۆکمەترین سیستمی ئێتیکی ئەخلاقی بەدەست بێنێ و بە تێکهەڵکێشکردنی لەگەڵ هیومانیزمی ڕۆژاوایی، هەم مرۆڤی مۆدێرن و خاوەن باوەڕ بخولقێنێ، هەم بۆ پێشخستن و ئاوەدانکردنەوەی خاک و کۆمەڵگە بەرنامەی شیاو دابڕێژێ.

لە کۆتاییدا سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی هاوڕێی خۆشەویستم، شاعیری خاوەن زەوق، کاک ئەیاز سیاوەشان دەکەم کە بە وردی دەقی گاتاکانی خوێندەوە و بە وردبینی و تێبینییەکانی ئەم دەقەی پوختەتر و پاراوتر کرد. هەروەها سوپاس بۆ دوێتی ئەهورا مەزدا کە بە ڕەنج و سووتان و ئەڤینی، بوو بە هەوێن و ئیلهامی ئەم بەرهەمە.

هادی محەمەدی، سلێمانی/ زستانی 2012

Haval831@yahoo.com

**سەرچاوەکان:**


١.  گاتها، سرودهای زرتشت، شرح و پیشگفتار ابراهیم پورداود، تهران ١٣٨٩، نشر جامی.

٢.  اوستا، گزارش و پژوهش، جلیل دوستخواه، تهران ١٣٨٥، نشر مروارید.

٣.  زەردەشت هیوای زگاری، بابان سەقزی.

٤.  ئاڤێستا لەمێژینەترین سروودی کوردی، بەرگی یەکەم گاتاکان، جەلیل عەباسی، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٣

٥.  ژوانی یەسنا، کۆمەڵە بابەتێکی شوێنەوارناسیی و مێژوویی لەمەڕ هەورامان و ئایینی زەردەشت، جەلیل عەباسی، چاپی ناوەندی ئاڤێستا، هەولێر ٢٠٠٨.

٦.  وڵاتی کەیانیان و زەردەشت و هەورامان لە ئاڤێستادا، د. محەمەد ئەمین هەورامانی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١١

٧.  گاتها، سروودهای اهورایی زرتشت، پژوهش دکتر خسرو خزاعی، بلژیک، بروکسل ٢٠٠٦:

٨.  یشتها، ابراهیم پور داود

9.  ترجمەای بر فروردین یشت اوستا، "زردشت کرد"، عمادالدین دولتشاهی

10.  کوههای ناشناختەی اوستا – جغرافیای غرب ایران، عمادالدین دولتشاهی، تهران 1363

# گاتاکانی زەردەشت: ڕاڤە و تۆژینەوە

دکتۆر خەسرەو خەزاعی

بریا ئێمەش لەو کەسانە بین
کە هەردەم جیهان نوێ دەکەنەوە.

(گاتاکان، سرووودی سێهەم، بەندی نۆهەم.)

## لەمەڕ ئەم نوسخە لە گاتاکان

پێڕەوانی ئایینی زەردەشت، بڕوایان بە مۆجیزە نییە، بەڵام ئەگەر کەسێک بە دوای مۆجیزەدا بگەڕێت، هەر ئەمە بەسە کە "سرودەکانی ئەهورایی زەردەشت"، پاش نزیکەی 4000 ساڵ و پاش تێپەڕاندنی هەزاران هەورازو نشێوی مێژوویی، وەک خۆی، شەقڵ نەشکاو ماوەتەوە و وەک چۆن لە زمانی مامۆستای مەزن، زەردەشتەوە باس کراوە، ئاوا تەڕی و تازەیی خۆی پاراستووە و بە دەستی ئێمە گەیشتووە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە هیچ کام لەم سروودانە لە کاتی خۆیدا نەنووسراونەتەوە، جگە لەمەش زمانی ئەم دەقە بۆ ماوەی 2000 ساڵ بە تەواوی فەرامۆش کرابوو. سەرەڕای ئەمەش هیچ وشە و ڕستەیەکی کەم و زیاد نەکراوە! لە مێژووی کولتوور و شارستانیەتی مرۆڤدا، ئەمە دیاردەیەکی بێ وێنەیە.

موغە زەردەشتییەکان ئەم سروودانەیان لەبەرکرد و بەدرێژایی سەدەکان، سینە بە سینە تا سەدەی سێهەمی پێش زاینیان هێنا، لەم کاتەدا بۆئەوەی ئەم سروودانە لەبیر نەکرێن، خەتێکیان بۆ سازکردو نووسییانەوە.

1500 ساڵ دواتر، یانی لە سەدەی هەژدەی زایینیدا، توێژەری فەڕەنسی، ئنکتیل دوپرۆن، بەهۆی دۆزینەوەی زمانی سانسکریت، کە کتێبی پیرۆزی هیندی، (ریگ ڤدا)، بەم خەتە نووسرابوو، کلیلی زمانی ئاڤێستاو پاشان گاتاکانی بەدەست هێنا.

لەو کاتەوە، هەتا ئەمڕۆ، سەدان زانا، زمانناس و زەردەشتناس، لە وڵاتانی جۆراوجۆر، وشە بە وشە گاتاکانیان خستۆتە بەر تۆژینەوە و ئێجگار کتێب و وتاریان لەم بابەتەوە نووسیوە. سەرەڕای ئەمەش، هێشتا زۆر ناکۆکی و ئاڵۆزی، بەتایبەت لەمەڕ وشە گرنگەکان لەئارادا بوو کە دەبوو دیسان کاری تۆژینەوە درێژە بدرێ تا سەرئەنجام ئەم دەقە بە زمانێکی ساکار و ڕەوان بدرێ بە خوێنەران.

من بەم ئامانجەو بە سوودوەرگرتن لە دنیایەک کار و کۆششی 200 ساڵەی کەسانێک کە لەم ڕێگەیەدا ژیانی خۆیان بەسەربرد، تێکۆشاوم کە بە ئەزموونی 30 ساڵەی پەروەردە و تۆژینەوەی ئاکادیمیکی خۆم، لە بواری زەردەشتناسیدا، ئەم دەقە پیرۆز و بیر بزوێنە سەرلەنوێ وەربگێڕم و لە بیری مامۆستای مەزن، زەردەشت، نزیک ببمەوە. بەڵکو نەوەی نوێ بتوانێ لە سەرەتای هەزارەی سێهەمدا، باشترین سوودی لێ وەربگرێ.

## لەمەڕ گاتاکان

گات یانی سروود، گاتاکان بریتین لە 17 سروودی بیر بزوێنی مامۆستای مەزن زەردەشت. تەنیا کتێبێکی پیرۆز کە لە ئێرانەوە سەری هەڵداوە و وەک بەنرخترین خەزێنەی کولتووری جیهانیی دەناسرێ.

ڕەنگە ئەمە خۆشبەختی ئێرانییەکان بووبێت کە ئەم سروودە دەگمەن و بەرەو پێش بەرانە، لە وڵاتی ئەوانەوە سەرهەڵ بدا و جیهان ڕووناک بکاتەوە.

پەیڤ بە پەیڤی وەها کتێبێکی ئەهوراییی، نزیکەی 4000 ساڵ پێش ئێستا، لە زمانی مامۆستای مەزن زەردەشتەوە وتراوە و ڕێگەی پڕ هەوراز و نشێوی هەزاران ساڵەی بڕیوە، بە هەمان گەشە

و تازەیی و جوانییەوە، بێ هیچ کەم و کورتییەک، بە سەردەمی ئێمە گەیشتووە.

خەڵکی ئێران بۆ ئەوەی ئەم 17 سروودە پیرۆزە بپارێزن، بە درێژایی زیاتر لە 2000 ساڵ ئەم کتێبەیان لە دووتوێی بەشێک لە ئاڤێستادا، بە ناوی یەسنا، کە 72 بەشە گونجاندووە.

ئەم حەڤدە سروودە کە لە پێنج کێشی شیعریدا داڕێژراون و 237 بەند پێکدێنن، بەشەکانی 28 تا 34 و 43 تا 51 و 53 لەبەر دەگرن، کە بە هەر بەشێک دەڵێن 'هات'. تێکڕای سروودەکانی ئەم کتێبە نزیکەی 6000 هەزار وشەن.

ئەو زمانە کە زەردەشت گاتاکانی پێ وتووە، زاراوەیەکی زمانی ئارياییە کە 3700 ساڵ پێش ئێستا لە دەڤەرێکی ئێراندا، کە ئەمڕۆ بریتییە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، ڕۆژاوای ئەفغانستان و باشوری تاجیکستان، باو بووە. ئەم زمانە نەک تەنیا سەرچاوەی زمانی فارسی ئێستای خەڵکی ئێران و وڵاتانی فارسی زمان بووە، بەڵکو سەرچاوەی زۆربەی زمانەکانی ئەورووپای ئێستاش بووە.[7]

وشەی "گات"، بە مانای هۆنراوە، ئەمڕۆ بەوشەی "گاە" هاتۆتە نێو مەقامەکانی موسیقای ئێرانییەوە، وەک سێ گاە، چوار گاە، ڕاستی پێنج گاە. هەروەها ناوی "موسیقای گاهانی" کە بە موسیقای

٧. وەک لە پێشەکیدا باسمان کرد، زۆربەی زەردەشتناسان، یان بەهۆی ناشارەزایی، یان بەهۆی بەرچاوتەنگی شئۆنیستی، بە هەڵە دەڵێن زێدی زەردەشت ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئێران بووەو بەمجۆرە بەر لە هەر شتێ غەدر لە ئەندێشەی زەردەشت دەکەن کە لە سەرتاسەری گاتاکاندا دژی درۆیە و ڕاستی بە ڕێگەی ڕزگاری مرۆڤ دەزانێ. بە تۆژینەوەیەکی کورت، ڕوون دەبێتەوە کە ئاهورامان/هەورامان زێدی زەردەشت بووە و ئەمڕۆ نزیکترین زمان بە زمانی گاتاکان، بریتییە لە زاراوەی هەورامی کە کۆنترین زاراوەی زمانی کوردی پێکدێنێ. ئەگەر مرۆڤ تۆزێ زیرەک و وردبین بێت، هەر لە فونەتیکی دوو وشەی ئاهورامان و هەورامی دا زایەڵەی دەنگی ئەهورا مەزدا دەبیستێ، ئیتر پێویست بە تۆژینەوەی درێژیش ناکات. و.ک

نەریتی دەوترێ، هەر لەم وشەوە سەرچاوەی گرتووە.

لە درێژەی سەدەکاندا زمانی گاتاکان وردە وردە لەنێو چوو، سەرەڕای ئەمەش تا کۆتایی دەسەڵاتی هەخامەنشی، هێشتا فام دەکرا و هەندێ کەس شارەزای بوون و پێی دەئاخڤان.

لەم سەردەمەدا، زۆربەی گوتار و نڤیسارەکان کە لەمەڕ ئایینی زەردەشتی نووسرابوون، لە چەندین کتێبی جیاوازدا کە بیست بەرگ یان بەشی پێک دەهێنا، کۆکرایەوەو لە کتێبخانە گەورەکاندا پارێزرا.

لەگەڵ هێرشی ئەسکەندەری مەقدونی و زنجیرەیەک ڕووداوی مێژوویی دوای ئەوەو ئاگردانی کتێبخانەکان و تاڵانکردنیان، ئەم کتێبانە لەنێو بران و بەشێنەیی زمانی گاتاکان بەتەواوی لەبیر کرا.

دروود بۆ موغەکانی زەردەشتی، کە ئەگەر ئەوان نەبان و ئەم سرووده پیرۆزەیان لەبەر نەکردبا و بە هەزاران فیداکاری، نەوە بە نەوە بە سەردەمی ئێمەیان نەگەیاندبا، ئەمڕۆ جیهان مەزنترین سەرچاوەی فەرهەنگی خۆی لەدەست دابوو، خەڵکانی ئێران تووشی مەزنترین کارەسات دەبوون.

بۆ بوژاندنەوەی کولتوور و ناسنامەی خەڵکانی ئێران کە بەهۆی هێرشی ئەسکەندەر تێک ڕووخابوو، لە سەردەمی ئەشکانیدا، دیسان دەستیان دایە کۆکردنەوەی هەر جۆرە نڤیسارێکی زەردەشتی.

لە سەدەی سێهەمی زایینی، لە سەردەمی ساسانییەکاندا، بۆ ئەوە کە شێوەی گوتن و بێژتنی ئەم زمانە فەرامۆش کراوە لەبیر نەچێتەوە، موغان و زانایانی ئەو سەردەمە خەتێکیان دروست کرد تا بتوانن گاتاکان بە هەمان زاراوەی سەردەمی زەردەشت بنووسنەوە.

ئەم خەتە کە بێگومان، تەواوترین خەتی جیهانە، لە سادەترین شێوازی خۆیدا، لە 48 پیت پێکهاتووە، کە 14 پیتی بزوێندارە و دەتوانێ هەر وشەیەک لە هەر زمانێکدا بە بێژەی تایبەت بە خۆی بینووسێ. خەتی گاتاکان لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنووسرێ و وشەکان بە دانانی خاڵ لێک جیا دەکرێنەوە. بەڕاستی زیرەکیی و بلیمەتیی داهێنەرانی ئەم خەتە شایانی ڕێز و ستایشن.

کە زمانی گاتاکان لەبیر کرا، هەر کەس بەپێی بۆچوونی خۆی وتەکانی زەردەشتی باس و ڕاڤە دەکرد. بەمجۆرە پڕوپووچ و زۆر شتی سەیر و سەمەرەیان ساز کرد، لەم دۆخەدا بەشێنەیی هەندێ دین و فەلسەفەی پێش زەردەشت وەک زۆرڤانی هاتە ئاراوە و دوو دینی مانیگەرایی و مەزدەک گەرایی دروست کران.

لەم کاتەدا، زۆربەی وتەکان و نووسراوەکان کە لە سەردەمی بیرچوونەوەی زمانی گاتاکاندا بەهۆی نووسەرانی بێ ناونیشان هەڵبەسترابوو، بەگشتی لە کتێبی ئاڤێستا [زانستی دەروونی] دا کۆکرایەوە.

لە 21 بەشی ئاڤێستا کە لە سەردەمی هەخامەنشیدا هەبوو، ئەمڕۆ تەنیا یەک لە سێی ماوەتەوە، ئەوی دی لە سەردەمی هێرشی عەرەبە موسوڵمانەکاندا سوتێنرا و نابووت کرا.

بە خۆشییەوە تەنیا بەشی پیرۆزی ئاڤێستا، یانی 17 سروودی زەردەشت، گاتاکان، لە سینەی موغانی زەردەشتیدا، پارێزرا و تا ئەمڕۆ بە دەستی ئێمە گەیشت.

ئەمڕۆ "گاتاکان" تەنیا کتێبێکە کە لە وتەکانی زەردەشت پێکهاتووە و بە ئێمە گەیشتووە، کەوابوو ئەرکی هەموو خەڵکانی جیهانە کە ئەم میراتە بەنرخەی مرۆڤایەتی بپارێزن.

## گاتاکان بە کورتی و بە پوختی:

ئامانجی ژیان ئەوەیە، کە مرۆڤ بە شادی و بەختەوەری بژی. لە گاتاکاندا نزیکەی 70 جار وشەی شادی و خۆشبەختی هاتووە. گرنگترین ئامانجی زەردەشت ئەوەیە کە زەمین و گیاندارانی سەرزەمین بپارێزێ و ژیانێکی ئارام و خۆشبەخت بەدی بێنێ و کۆمەڵێکی پێشکەوتوو و ئاوەدان بسازێ.

زەردەشت لە یەکەم بەندی گاتاکانەوە تا دوایین بەند، درێژە بە وەها ئامانجێکی پیرۆز دەدا، تا خەڵک فێر بکات کە چۆن بتوانن لەسەر زەمیندا بناغەی ژیانێکی خۆشبەخت دابڕێژن و لە خۆشی و شادی جاویداندا بە جیهانی مینوویی و بارەگای پڕ لە ڕووناکی ئەهورا مەزدا بگەن.

ئەی مەزدا!
دەستەکانم هەڵبڕیوە و
ستایشی تۆ دەکەم،
خۆنەویستانە داوای خۆشبەختیت لێدەکەم.
بەڵکو هەموو کردارێکم
لەگەڵ ئاوەز و بیری پاک و
تێکەڵ بە ئایینی ڕاستی بە ئەنجام بگات،
تا بەم جۆرە تۆ شاد بکەم و
ڕۆحی زەمینی بەسەمەر بەختەوەر بکەم.

کەوابوو، ئەی مەزدا ئەهورا،

به هزری پاکەوە بەرەو لات دێم.
تا لەبەر تیشکی ڕاستیدا،
بەختەوەری هەر دوو جیهانی مادیی و مانەویی
بە من بناسێنی،
تا بتوانم ئەم شتە بە هاوڕێکانم بناسێنم.

گاتاکان، سروودی یەکەم، بەندی 1 و 2

بەپێی ئەم دەرسە، مرۆڤ ناتوانێ بە شادی و بەختەوەری بگات، مەگەر ئەوە کە هەموان، لەوانە گیا و ئاژەڵان بتوانن گەشە بکەن و بە شادی و ئارامی بژین.

کەوابوو هەر مرۆڤێک دەبێ لەپێناو خۆشبەختکردنی خەڵک و ئاوەدانکردنەوەی جیهان هەوڵ بدات و تێبکۆشێ.

"کەسانێک دەتوانن بەختەوەر بن
کە بەختەوەریی بە خەڵکی تر ببەخشن."

گاتاکان، سروودی هەشتەم، بەندی 1

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، خەڵک دەبێ سەرەتا پێکهاتەی جیهانی ئەهورایی، ئەو جۆرە کە لە گاتاکاندا هاتووە، بناسن و ئەندێشە و گوتار و کرداری خۆیان، لەگەڵی ڕێک بخەن.

مامۆستای مەزن، زەردەشت، بە بیری قووڵی خۆی، ڕازی کارکردنی ورد و دروستی ئەم یاسایەی زانی و لە دەقی پیرۆزی "گاتاکان"دا بۆ خەڵکی جیهانی باس کرد.

## پێکهاتەی جیهانی ئەهورایی:

سیستمی جیهانی ئەهورایی، لەسەر سێ ئەستوونی جاویدان، بیری پاک، گوتاری پاک و کرداری پاک دارێژراوە. لەم سیستمەدا، بەرزترین و هێژاترین پلە، خودایەکی تەنیایە بە ناوی ئەهورا مەزدا.

لە گاتاکاندا، وشەی ئەهورا مەزدا، بە چەندین شێوازی ئەهورا، مەزدا، مەزدا ئەهورا و ئەهورا مەزدا، زیاتر لە 200 جار دووپات بۆتەوە. "ئەهورا" بە مانای "بەدیهێنەری بوون" و "مەزدا" یانی "بالاترین ئاوەز" یان زانای مەزن. [ئێستا مەزدا لە زمانی کوردیدا بۆتە مەزن؛ و] فیردەوسی لە شانامەدا وشەی "ئەهورا مەزدا"ی بە "خودای ئەقڵ و گیان" وەرگێڕاوە کە بەڕای من باشترین بۆچوونە.

"بنام خداوند جان و خرد        کزین برتر اندیشه بر نگذرد"

لە جیهانبینی زەردەشتدا، ئەهورا مەزدا خودای سەرچاوەی ئەقڵە، زەردەشت ئەقڵی وەک بانترین و بەنرخترین شتی جیهانی بوون داناوە. کەوابوو، یەکەم شت بۆ داڕشتنی ژیانێکی خۆشبەخت و جیهانێکی ئاوەدان، سوود وەرگرتن لە هێزی :ئەقڵ"ە.

لە جیهانی ئەهوراییدا، هەر ژن و پیاوێک دەتوانن ئازادانە ڕێگەی ژیانی خۆیان هەڵبژێرن، کەوابوو کەسانێک کە دەیانەوێ لە هێزی ئەقڵ سوود وەرگرن، ناچارن ڕێگایەک هەڵبژێرن، کە بەرەو سەرچاوەی ئەقڵ، یانی ئەهورا مەزدا دەیانبات.

"ئەقڵ" یانی هێزی لێککردنەوەی چاک لە خراپ، پاک لە پیس، ڕاستی لە درۆ، داد لە بێدادی، بیر و گوتار و کرداری بەرەوپێش بەر لە بیر و گوتار و کرداری لەمپەر، ئارامی لە پشێوی، شادی لە

خەم، ئەڤین لە قین، ئاوەدانی لە وێرانی، گەشە و پێگەیشتوویی لە چەقین و دواکەوتوویی...

"چاک"، یانی هێزێک کە مرۆڤەکان بەرەو شادی و خۆشبەختی و ئارامی ببات، "خراپ" یانی هێزێک کە خەڵک بەرەو هەژاریی و پەشێویی و خەم ببات.

کەوابوو ئەقڵ لەهەر زانستێک بانترە. چونکە زانستێ کە ئەقڵ ڕێنوێنی نەکات، دنیا بەرەو وێرانی دەبات. بەپێچەوانەوە زانستێک کە لە ئەقڵ پێڕەوی بکات، مرۆڤ خۆشبەخت و جیهان ئاوەدان دەکاتەوە.

جیهانێک کە ئەهورا مەزدا بەدیی هێناوە، بەردەوام لە حاڵی گۆڕان و گەشەدایە. هیچ شتێک لەودا قەتیس و نەگۆڕ نییە. چەندین هێزی بەدیهێنەر و سازندە و وزەبەخش، بەردەوام ئەم جیهانە بەرەو پێش دەبەن و تازە و نوێی دەکەنەوە. بەم هێزانە دەڵێن "سپەنتامینو". مرۆڤەکان دەبێ لەپێناو گەشە و نوێکردنەوە و بەختەوەرکردنی ئەم جیهانەدا، خۆیان لەگەڵ هێزەکانی سپەنتامینو ڕێک بخەن و لە ڕەوتی ئافراندن و بەدیهێناندا، یارمەتی ئەهورا مەزدا بدەن.

ئەهورا مەزدا، خاوەن شەش گزنگ، یان هێزی مینوویيە کە هەر کامیان لە سیستمی جیهانی ئەهوراییدا، ڕۆڵی گرنگ و بنەڕەتی دەگێڕن و ژنان و پیاوان بۆ خۆشبەخت بوون ناچارن بەرەو ئەم هێزانە بچن و تێکەڵ بە ژیانی خۆیانی بکەن. ئەم گزنگانە و هێزی ئەقڵ کە لە بەدیهێنەری بووندا تێکەڵ بوون، لە دەقەکانی ئاڤێستادا بە ئەمشاسپەنتا، یانی حەوت هێزی وزەبەخش و بەرەو پێشبەر ناسراون. پاشان ئەم وشەیە بوو بە ئەمشاسپەنتان و پاشان بوو بە سپەندان.

له ئایینی زەردەشتدا، بۆ دەرخستنی یەکسانی تەواوی ژن و پیاو، ئەم شەش گزنگە لە ڕووی ڕێزمانەوە، سیانیان مێ و سیانیان نێرن. تەنانەت وشەی ئەهورا مەزدا لە ڕووی ڕێزمانەوە، خاوەن دوو تایبەتمەندی پیاوانە (ئەهورا) و ژنانە (مەزدا) یە.

ئێمە لەم کتێبەدا، گزنگەکانی ئەهورا مەزدا و وشە گرنگەکانمان بە پیتی گەورە نووسیوە.

یەکەمین گزنگی ئەهورایی بریتییە لە ڕاستی، ڕاستی بریتییە لە یاسایەک کە سیستمی جیهانیبوون بەدی دەهێنێ و بەرەو ڕووناکی دەیبات. وشەی "ئەشا" بە مانای ڕاستی لە گاتاکاندا 162 جار دووپات بۆتەوە. ئەم وشەیە لە سەردەمی هەخامەنشیدا بوو بە "ئەرتا".

بە بیر و گوتار و کردارێک کە لەگەڵ یاسای "ئەشا" هاودەنگ بێت، دەڵێن "پاک"، چونکە دۆخی جیهان بەرەو پێش دەبات. وە بە هەر شتێک کە پێچەوانە و لە دژی یاسای جیهانی "ئەشا" بێت، دەڵێن "پیس/ خراپ. چونکە ئەم شتە جگە لەوە کە لەگەڵ ئەشا ناکۆکە و پێش بە گەشە و پێشکەوتنی خەڵک دەگرێ، بەڵکو مرۆڤەکان بەرەو درۆ و پەشێوی و ڕق و ستەم و خەم و خەفەت دەبا و کۆمەڵگە لە ستەم و دواکەوتوویدا نوقم دەکات.

لە زمانی فارسیدا، وشەی ئەشا بووە بە "ئوردیبەهەشت".

دووهەمین گزنگی ئەهورامەزدا بریتییە لە "بیری پاک" کە لە زمانی گاتاکاندا پێی دەڵێن "ڤەهومەن" و 127 جار دووپات بۆتەوە. لە زمانی فارسیدا ئەم وشە بووە بە "بەهمەن".

"بیری پاک" بریتییە لە بیرێک کە مرۆڤ بەرەو "ڕاستی" یان "ئەشا" دەبات. هەروەها بیری خراپ بیرێکە کە خەڵک فریو دەدات و چەواشەیان دەکات و لەڕێی "ڕاستی" لایان دەدات.

بیرێک دەتوانێ پاک بێت کە خۆی لە فرت و فێڵی نادروست ڕزگار کردبێ و بتوانێ بە ئازادی لە نێوان چەندین هێزی ناکۆکدا هەڵبژێرێت. لە گاتاکاندا بەڕۆشنی هاتووە کە هەر ژن و پیاوێ دەبێ بتوانێ بە ئازادی تەواو ئایین و فەلسەفە و شێوەی ژیانی خۆی هەڵبژێرێت:

ئەی مەزدا!
کاتێ تۆ لە سەرەتادا
بە بیری خۆت
جەستە و ئەقڵ و ویژدانت بۆ ئێمە ئافراند و
گیانت خستە نێو جەستەمان،
توانای پەیڤین و کردارت پێ بەخشین،
ویستت کە ئێمە وشیارانە و
بە دڵخوازی خۆمان بیر و ئایینمان هەڵبژێرین.

گاتاکان، سروودی چوارەم، بەندی ١١

سێهەمین گزنگی ئەهورا مەزدا، بریتییە لە هێزی خۆئارامی و زاڵ بوون بەسەر خۆدا، کە لە گاتاکاندا پێی دەوترێ «خەشترا» و ئێستا لە فارسیدا پێی دەڵێن شەهریوەر.

ئەم گزنگە، بریتییە لە هێزی دەسەڵات بەسەر هەست و خواستی کاولکاری دڵ و دەروونداا. کە ئێمە لێرەدا «هێزی خۆئارامی»مان هێناوە. وشەی خەشترا لە گاتاکاندا ١٦٤ جار دووپات بۆتەوە.

چوارەمین گزنگی ئەهورا مەزدا، بریتییە لە «ئارامی» کە لە گاتاکاندا بەشێوەی «ئارمئێتی» هاتووە و ٤٠ جار دووپات بۆتەوە.

گەر مرۆڤ بتوانێ بەسەر هەستە وێرانکاریەکانی دەروونیدا زاڵ

ببێ، بە «ئارامیی» دەگات. وشەی ئارمئێتی لە زمانی فارسیدا بۆتە «ئسفەند».

پێنجەمین گزنگی ئەهورا مەزدا بریتییە لە «پێگەیشتن و پوختەبوون»، کە لە گاتاکاندا بەشێوەی «هەئوروتات» هاتووە و لە زمانی فارسی ئێستادا بووە بە «خۆرداد».

جیهانێک کە ئەهورا مەزدا بەدیی هێناوە بەردەوام لە حاڵی گەشە و پێگەیشتندایە. لەم جیهانەدا هیچ شتێ قەتیس و مردوو نییە. هەموو شتێک لە حاڵی بزاڤ و ئاڵوگۆڕدایە و ئامانج لە ئافراندنی مرۆڤ ئەوەیە کە یارمەتی ئەهورا مەزدا بدات تا بە باشترین شێوە جیهان بەرەو نوێبوونەوە و پێشڤەچوون ببات.

وشەی «هەئوروتات» لە گاتاکاندا ١١ جار دووپات بۆتەوە.

شەشەمین گزنگی ئەهورا مەزدا، بریتییە لە «نەمری»، کە لە پاش قۆناغی گەشە و پێگەیشتن دەگات. لە گاتاکاندا بە «ئەمرەتات» هاتووە و لە زمانی فارسی ئێستادا بۆتە «ئەمورداد». ئەم وشەیە کە زیاتر لەگەڵ وشەی «هەئوروتات»دا دێت، ١٤ جار لە گاتاکاندا دووپات بۆتەوە.

جیهانی مینوویی ئەهورا مەزدا، جیهانێکی نەمر و جاویدانە و دوایین ئامانجی ئایینی زەردەشتە. لە وەها جیهانێکی مینووییدا، پێڕەوانی ئایینی زەردەشت، لە باغێکی ئەهوراییدا کە پێی دەڵێن «هەوارگەی سرووود» بۆ هەمیشە دەمێننەوە. هەوارێک کە تیرێژی ئەهورایی بۆ هەمیشە ڕۆشنی دەکات.

ئەو ئایینە کە زەردەشت بۆ خەڵکانی جیهان بەدیاری هێنا، ناوی نا «ویژدانی ڕۆشن؛ هەروەها سروودەکانی خۆی ناونا «مانترا»، یانی «پەیڤی بیربزوێن»؛ هەروەها بە خۆیشی دەیوت: «مانتران»، یانی «بێژەری پەیڤی بیر بزوێن».

## تایبەتمەندی و بەهاکان لە گاتاکان دا

ئەو گزنگ و هێزانە کە زەردەشت لە گاتاکاندا باسیان دەکات، نە پەند و ئاموژگارین و نە ئەمر و دەستوورن. بەڵکو دیاردەکانی جیهانی بوونن کە زەردەشت لە پانتایی بیری بێ سنووری خۆیدا ناسینی و بۆ مرۆڤ بە دیاری هێنانی، تا خەڵک بتوانن بەم هێزانە باوەڕ و جیهانبینی خۆیان بسازن.

ژنان و پیاوان بەتەواوی ئازادن کە بیری زەردەشت قەبوڵ، یان ڕەت بکەنەوە. قەبوڵکردن «چاکە« نییە و ڕەتکردنەوە «گوناه» نییە. چونکە ئەم دوو وشە لە گاتاکاندا بەکار نەهاتوون. بەپێچەوانەوە، گاتاکان بەردەوام باسی خۆڕێکخستن لەگەڵ یاسای ڕاستی و دژایەتی لەگەڵ درۆ دەکات. ئازادی هەڵبژاردنی ڕێکەوتن لەگەڵ ڕاستی، یان یەکگرتن لەگەڵ درۆ، وەها هێزێکی ئەکتیڤ و چارەنووسساز بە هەر ژن و پیاوێک دەبەخشێ، کە بتوانێ خۆی چارەنووسی خۆی بسازێ و مرۆڤێکی بەرپرس بێ کە لە درێژەی ژیاندا بەرپرسایەتی ڕەفتار و کرداری خۆی لەئەستۆ بگرێ.

## شێوازی ڕاهێنانی زەردەشت

ڕاهێنانی زەردەشت بە پێی بزواندنی بیر، بەکارهێنانی مێشک و نوێکردنەوە و بەرینکردنەوەی ڕوانگەی مرۆڤ لەئاست ژیان داڕێژراوە.

شێوازێک کە زەردەشتی مەزن لە گاتاکاندا بەکاری هێناوە بریتییە لە شێوازی «پرسیار و وەڵام».

ئەو هیچ شتێ لەخۆڕا قەبوڵ ناکا، تا بە ئەقڵی خۆی لێی تێنەگا. هەروەها بۆ تێگەیشتن لە دروستی و نادروستی هەر شتێک، هەر لە

سادەترین ڕووداوی ژیانەوە، تا مەزنترین دیاردەی بوون، بەردەوام «دەپرسێ» و دەپرسێ» و دیسان «دەپرسێ»، تا بە وەڵامیش نەگات ئارام ناگرێ.

ئەو دەزانێ کە نابێ هیچ شتێ لە تاریکیدا بمێنێتەوە. چونکە تاریکی بوون تووشی ئاڵۆزی دەکا و دەرگای درۆ و پڕوپووچ دەکاتەوە.

زەردەشت لە تێکڕای سروودی نۆهەمی گاتاکاندا پرسیار دەکا و وەڵامی دەوێ، لە هەموو گاتاکاندا نزیکەی ١٠٠ پرسیاری وروژاندووە.

بەڵام زەردەشت پرسیار لە کێ دەکا و وەڵامی لە کێ دەوێ؟

مێتۆدی ئەو، بیرکردنەوەی قووڵە. قووڵبوونەوە تا جێگایەک کە مرۆڤ ناتوانێ لەوێ واوەتر بچێ. زەردەشت لە قووڵترین دەڤەری بیردایە کە ڕاشکاوانە لەگەڵ ئەهورا مەزدا، سەرچاوەی ئەقڵ، بەرەو ڕوو دەبێ و لەو دەپرسێ و وەڵام وەردەگرێ.

ئەو دەیەوێ بزانێ ژیان چییە؟ چ مانایەکی هەیە؟ ژیان بەرەو کام ئاقار دەڕوا؟ ڕازی دارشتنی ژیانێکی بەختەوەر لە چیدایە؟ ڕووداوەکانی ژیان چۆن پێکدێن و لە کوێ سەرچاوە دەگرن؟ ئەو هەموو ئەم پرسیارانە لە ئەهورا مەزدا دەپرسێ و دیسان دەیەوێ بزانێ کێ هەتاو و ئەستێرەکان و زەمین و مانگی دروست کردووە. کێ ڕاستی و بیری پاکی بەدیهێناوە. ئەو دەپرسێ: «ئەی ئەهورا مەزدا، تۆ ئەم جیهانە پڕ سەمەر و شادی بەخشەت بۆ کێ ئافراندووە؟» دیسانیش دەپرسێ: «ئەی ئەهورا مەزدا، سەرچاوەی ژیانێکی بەختەوەر لە کوێدایە و چییە پاداشتی ئەو کەسە کە بۆ وەها ژیانێک تێ دەکۆشی؟» دە پێم بڵێ، دە پێم بڵێ، دە پێم بڵێ ئەی مەزدا ئەهورا. بەم پرسیار و وەڵامانەیە کە زەردەشت دیدگای

خۆی لە ئاستی جیهانی بوون دەسازێ و بەپێی ئەم دیدگایە بیر و باوەڕی خۆی لە گاتاکاندا دادەڕێژێ.

بەم جۆرەیە کە لە سەرتاسەری گاتاکاندا بچوکترین پارادوکس و ناکۆکی و هیچ تەم و تاریکییەک بەدی ناکرێ. هەموو شتێ وەک ئاوی کانی ڕوون و زوڵاڵ و وەک ڕۆژ گەش و ڕووناکە.

## ئەنجومەنی موغان

مامۆستای مەزن، زەردەشت، نزیکەی چوار هەزار ساڵ پێش ئێستا یەکەمین «ئەنجومەنی زانایان»ی دامەزراند و کۆڕی پرسیار و وەڵام و دیالۆگ لەمەڕ ژیان، خۆشبەختی، جیهانی هەستی بەپێی ئەقڵ و بیری ڕووناک داڕشت. ئەو وەها کۆڕێکی ناونا «ئەنجومەنی موغان».

موغ یان "maga" یانی مرۆڤی «ئاوەزخواز»، «ئازاد» و «مەزن». موغەکان کەسانێک بوون کە خۆیان لە زنجیری پڕوپووچ و فریوکاری ڕزگار کردبوو، بەرەو سەرچاوەی ئەقڵ و زانایی دەڕۆیشتن تا لە ڕازی ئافەرینش تێبگەن. هەر بەم هۆیە زەردەشت ئەوانی وەک یەکەمین کۆڕی براڤی مەزنی ئاوەزخوازی و یارانی نزیکی خۆی هەڵبژارد.

لە گاتاکاندا، زەردەشت حەوت بەندی بۆ موغان تەرخان کردووە و بە باشترین وشەکان ستایشی کردوون. ئەم بەندانە بریتین لە: سروودی ٢، بەندی ١١؛ سروودی ٦، بەندی ٧؛ سروودی ١١، بەندی ١٤؛ سروودی ١٦، بەندی ١١؛ سروودی ١٦، بەندی ١٥؛ سروودی ١٦، بەندی ١٦؛ سروودی ١٧، بەندی ٧.

زەردەشت کەسێک بە دۆستی خۆی دەزانێ کە یارمەتی کۆڕی موغان بدات؛ هەروەها داوا لە ئەهورا مەزدا دەکات کە یارمەتی بدات

تا بتوانێ بە دەر لە کۆڕی موغان وتەکانی خۆی بە گوێی خەڵک بگەیەنێ.

زەردەشت مزگێنی «هەواری سروود» دەدات بە کۆڕی موغان کە لە دەقی گاتاکاندا بریتییە لە هەمان بەهەشتی ئەهورایی.

«ئەی مەزدا!
کێیە ئەو هاوڕێ یەکرەنگە
کە یارمەتی زەردەشتی سپیتمان دەدات
ئەوە ئەو کەسەیە کە ڕێگەی ڕاستی وەگرتووە و
بە ئارامی گەیشتووە.
وەها کەسێک کە ڕێڕەوی ڕێگەی ڕاستی و
پێڕەوی بیری پاکە،
شیاوی ئەوەیە
کە هەڤاڵی ئەنجومەنی موغان بێت».

سروودی ١٦، بەندی ١١

«ئەی مەزدای باشترین کەس،
بەرەو لام بێ و خۆتم پێ بنوێنە،
تا لەبەر تیشکی ڕاستی و بیری پاک دا،
جگە لە کۆڕی موغان
قسەکانم بە گوێی خەڵکی دیکەش بگەیەنم.
بەڵکو ئەوەی شیاوی ئێمەیە و
ستایشێک کە شیاوی تۆیە
بە ئاشکرا ببینین.»

سروودی ٦، بەندی ٧

«زەردەشت
مزگێنی یانەی یەسنای بە ئەنجومەنی موغان داوە
کە هەر لە سەرەتاوە
ژوانگەی گەیشتن بە ئەهورا مەزدایە.
من ئەم پاداشە بە ئێوە دەدەم
کە لەبەر تیشکی ڕاستی و
بیری پاک دا بەدی دێ.»

سروودی ١٦، بەندی ١٥

لە ئەنجومەنی موغاندا بە «زەردەشت»یان دەوت «پیر» یان «مامۆستای مەزن»، حافزی شیرازی پاش ٣٠٠٠ ساڵ هەر ئەم ناوەی لە زۆر شیعری خۆیدا بە شێوەی «پیری موغان» هێناوە و لە «دەیر» و «خەرابات»ی موغاندا نووری خودای دیوە و هەموو زانستی خۆی لە پیری موغان وەرگرتووە.

«در خرابات مغان نور خدا می بینم
این عجب بین که چه نوری ز کجا می بینم»
«از آن به دیر مغانم عزیز می دارند
که آتشی که نمی رد همیشه در دل ماست»
«تا ز میخانه و می نام و نشان خواهد بود
سر ما خاک ره پیر مغان خواهد بود»
«حلقه پیر مغانم از ازل در گوش است
ما همانیم که بودیم و همان خواهد بود»
«پیر مغان حکایت معقول می کند

معذورم از محال تو باور نمی کنم»
«حافظ جناب پیر مغان جای دولتست
من ترک خاکبوسی این در نمی کنم»

## سێ ستایشی بنەڕەتی لە ئایینی زەردەشتدا

ئەگەرچی جێژنی فرەو فراوان لە ئایینی زەردەشتدا بەڕێوەدەچێ و هەموویان جۆرێک ستایشن، بەڵام دەکرێ سێ ستایشی بنەڕەتی لەهەر کات و شوێنێکدا بەڕێوە ببەین. لەوانە تێڕامان لە ئاست جوانیی کازیوە یان زەردەپەڕی ئێوارە، تێڕامان لە ئاست دەشت و بەندەنی خۆش و پڕ لە گوڵ و بژوێن دا، تێڕامان لە ئاست ئاگردا، لە ئاست هەر گوتار و کردارێکی ستایش بزوێندا، لە زۆر بۆنەی وەک ڕۆژی لەدایکبوون و دیاری کردنی هاوسەر و لە ڕۆژی سەرکەوتندا.

هیچ داب و دەستوور و شێوازێکی تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی ئەم ستایشانە لەئارادا نییە. هەر کەس دەتوانێ بە دڵی خۆی، بە دەنگی بەرز، یان بە ئارامی، لەگەڵ موسیقا یان بە بێ موسیقا ستایشی خۆی ئەنجام بدات.

١ـ ئەشەم ڤەهو
ڕێگا هەر یەکەو ئەویش ڕاستییە،
خۆشبەختی لەگەڵ ڕاستیدایە و
کەسێک خۆشبەختە
کە ڕاستیی تەنیا بۆ ڕاستی دەوێ.

٢ یەتا ئەهو
وەک چۆن دەبێ سەروەری هەستی (ئەهورا مەزدا)،

که جیهانی به پێی ڕاستی بنیاد ناوه،
هەڵبژێرین و بیپەرستین
هەر بەم جۆرەش
دەبێ ڕێبەرێ کە بە وتەکانی خۆی
جیهان بەرەو خۆشبەختی دەبات
هەڵبژێرین و بیپەرستین.
بیری پاک
ئەم دوو بژاردەیەی پێ بەخشیوین.
تا هەموو کارێک بە ناوی ئەهورا مەزدا و
بە ناوی خەڵک بە ئەنجام بگات.

٣ یەنگە هاتام
ستایشی ئەو ژن و پیاوانە دەکەم
کە بیر و کرداریان
لە درۆ و فریو پاک بۆتەوە.
چونکە کە ئەهورا مەزدا،
لە دەروون و بیری هەموان ئاگادارە.
هەموو شتێکیش
بە تەرازووی ڕاستیی دەنرخێنێ.

## سەبارەت بە زەردەشت و ماڵباتی

لە گاتاکاندا ناوی زەردەشت «زەرتوشترا» یە، یانی ئەستێرەی زێڕین و پرشنگدار. زەردەشت ٣٧٧٣ ساڵ پێش ئێستا لە ڕۆژی شەشەمی مانگی خاکەلێوە لەدایک بوو (یانی ١٧٦٧ ساڵ پێش لەدایک بوونی مەسیح) لە «وڵاتی ئاریایی» لە بەشێکی نێوان باکووری خۆرهەڵاتی ئێران، باشووری تاجیکستان و خۆراوای ئەفغاندا چاوی بە جیهان پشکووتووە.

«پیلین» زانا و مێژوونووسی سەدەی یەکەمی زایینی دەنووسێ: «زەردەشت یەکەمین منداڵ بوو کە لێو بە بزە لەدایک بوو». لە ئاڤێستا دا هاتووە: «زەردەشت دەم بەخەندە هاتە دنیا، دەم بە خەندە ژیا و دەم بە خەندە ماڵاوایی لە ژیان کرد».

ئەو لە ئاست جیهان پێکەنی تا جیهانیش بەڕووی ئەودا پێبکەنێ.

باوکی زەردەشت ناوی پوروشیسپا و دایکی ناوی دۆغدو بوو، لە ماڵباتی سپیتمان. مامۆستای مەزن، زەردەشت لەگەڵ هووبی ژیانی هاوبەشی پێکهێنا و شەش منداڵیان بوو: سێ کچ بەم ناوانە: فرێنی، تریتی و پورچیستا و، سێ کوڕ بەم ناوانە: ئیستڤەستەر، ئورڤەتەنەر، هڤەرچیترا.

مامۆستای زەردەشت ناوی کورشی بەرزین بوو.

زەردەشت لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا، واتا ٣٧٤٤ ساڵ لەمەوبەر «١٧٣٨» ساڵ پێش زایین، بە تێگەیشتن لە گەورەترین ڕاز ی بوون، یانی ڕاز ی بەختەوەرکردن و ئاوەدانکردنەوەی زەمین و گیانداران، جیهانبینی خۆی لە گاتاکاندا بە خەڵکی جیهان ناساند.

جەستەی زەردەشت لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا ماڵاوایی لە جیهان کرد و گیانی پیرۆزی لە باغی ئەهوراییدا کە لە گاتاکاندا بە یانەی یەسنا [سروود] ناوبراوە، بۆ هەمیشە بە ئەهورا مەزدا پەیوەست بوو. تا ئێستا مەزاری ئەو نەبینراوەتەوە.

## زەردەشت و ئەوروپا و
## سەرەتای زانستی زەردەشتناسی

«من لە دوێنێم، من لە ئەمڕۆم
بەڵام بەشێکم لە بەیانی،
لە دوو بەیانیی تاهەتایی،
وای وت زەردەشت».

فریدریک نیچە

بەپێچەوانەی وڵاتانی زێدی زەردەشت (ئێران، ئەفغانستان و تاجیکستان) لە ئەوروپا زیاتر لە ٢٠٠ ساڵە کە ناسینی زەردەشت و تۆژینەوە لەمەڕ بیر و جیهانبینی وی بەشێوەی زانستی دەستی پێکردووە و ئەمڕۆ لە زانکۆکاندا بوارێکی جێکەوتووە. ئامانجی وڵاتانی ئەوروپایی لە تۆژینەوە و فێرکاری بیری زەردەشت ئەوەیە کە ڕیشەکانی زمانی، فەلسەفی، کولتوری و ئەنتۆلۆژی خۆیان بناسن.

ئەگەر زیاتر لە ٣ هەزار ساڵە کە ناوی زەردەشت وەک ناوێکی پیرۆز تێکەڵ بە دەروونی نا ـ هوشیار (نەست)ی گەلانی ئێران و ئاسیای نێوەڕاست بووە، هەر ئەم ناوە زیاتر لە ٢٥٠٠ ساڵە وەک

«بەرزترین هێمای زانست» تێکەڵ بە نەستی خەڵکانی ئەورووپا بووە.

فیساغورس، زانستڤانی بەناوبانگی یۆنانی، خۆی بە شاگردی زەردەشت دەزانی، هەروەها ئەرەستو کە خۆی شاگردی ئەفلاتون بوو، لە کتێبی «فەلسەفە«ی خۆیدا دەنووسێ: ئەفلاتون هەموو زانستی خۆی لە زەردەشت وەرگرتووە. بەگشتی هەموو بیرمەندان و زانایانی یۆنانی کۆن خۆیان بە شاگردی مەکتەبی زەردەشت زانیوە و بەرهەمەکانیان لەگەڵ بیری وی پێوەند داوە. (جاک دوشمەن گیمن: وەڵامی ڕۆژاوا بە زەردەشت، ئاکسفۆرد ١٩٥٨).

لەو سەردەمەدا، یانی لە سەدەکانی چوار و پێنجی پێش لەدایکبوونی مەسیح، خەڵکی ئێران بە دامەزراندنی یەکەمین ئیمپراتۆری جیهانی کە لە ٢٨ وڵات پێکهاتبوو، کار و باری جیهانیان بەڕێوە دەبرد، ڕەنگە هەر بەم هۆیە بوو کە خەڵکی یۆنان شەیدای جیهانبینی زەردەشت بوون کە فەلسەفەی ئەنتۆلۆژی ئێرانی پێکدەهێنا. (مێری بوریس: مێژووی زەردەشتگەرایی، لەندەن ١٩٨٩).

بەپێی نووسینەکانی مێژوونووسانی کۆن و نوێ، بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕە کولتوورییە قووڵەی کە زەردەشت لەنێو خەڵکانی ئێراندا بەدی هێنا، ئەوان کراوەترین بیریان لە نێوان گەلانی ئیمپراتۆریدا پەرە پێدا و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا یەکەمین یاسای مافی مرۆڤ (فەرمانی ئازادی)یان داڕشت. چونکە زەردەشت فێری کردبوون کە «هەقیقەت هی هیچ وڵاتێک نییە، هیچ هیچ نەتەوە و هیچ نەژادێک». (ژرار ئیزرایل: کورشی مەزن، پاریس ١٩٨٧).

هەر لەم زەمینەدا بوو کە پاش ئەوەی کورش یەهوودییەکانی ئازادکرد و داریوش پەرستگەی ئورشەلیمی سازکرد و خەشایار شا تەوراتی کۆکردەوە، پەیامبەرانی یەهودی وەک عیسایی، ژرمی،

ئیسقیل و دانیل، له تەوراتدا کورشیان به «نێردراوی خودا و پەیامهێنەری ئازادی» ناوزەد کرد.

له فەرمانی ئازادی کورش دا، که ٢٥٤٣ ساڵ پێش ئێستا به خەتی بزماری لەسەر لولەکی گەورە نووسراوەو ١٥٠ ساڵ پێش ئێستا دۆزراوەتەوە، ئەم ڕستانە دەبینرێت:

«مرۆڤەکان ئازادن که به دڵی خۆیان خودای خۆیان هەڵبژێرن، ئازادن تا وڵاتی دڵخوازی خۆیان هەڵبژێرن، دەبێ هەمووان به ئارامی و ئاشتی بژین». (ڤایلێرز: وەرگێڕانی یاسای کورش ٤٧٩١).

ئەمه یەکەمین شۆڕشی هیومانیستی و ئازادیخوازی بوو له مێژوودا. هەموو بەڵگه مێژووییەکان دەریدەخەن که ئەم شۆڕشه چەنده جیهانی بەرەو پێش برد. به پەرەسەندنی بیری زەردەشتی، داب و نەریتی توندوتیژی یەهودی که ئاژەڵانی بەستەزمانی قوربانی دەکرد، گۆڕانی بەسەردا هات و پاشان به شێوەیەکی بنەڕەتی ئایینی مەسیحیشی گرتەوە. گەلانی جۆراوجۆر توانییان داب و نەریتی خۆیان بپارێزن و یەکسانیی ژن و پیاو پێڕەو کرا. پۆل دوبروی، زەردەشت ناسی بەناوبانگی فەڕەنسی دەنووسێ:

«ئاڵوگۆڕێ که زەردەشت له فەرهەنگی ئەو سەردەمەدا بەدیی هێنا، ژنانی ئێرانی له هەموو بوارێکدا کرد به هاوشانی پیاوان و ژنان به وەها ئازادییەک گەیشتن که نمونەی قەت له سەردەمی کۆندا نەبینراوە. لەو سەردەمەدا خەڵکی یۆنان وەکو کۆیله لەگەڵ ژنان هەڵسوکەوتیان دەکردو ئەرەستو دەیوت: ژن ناتوانێ ڕۆحی هەبێت». (پۆل دوبروی: مێژووی فەلسەفەی زەردەشت، پاریس ٤٨٩١). دیسان دەڵێ: «هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی بەدەستەوە نییه که کەسێک به زۆر ناچار کرابێ که بیری زەردەشت قبوڵ بکات. گەر بەدەر لەمه بوایە، کاتێ خەڵکانی ئێران ئیمپراتۆری جیهانییان پێکهێنا،

دەبوو یۆنان و هیند و میسر و هەموو ڕۆژهەڵاتی ناڤین بکەن بە زەردەشتی.»

پاش لێکترازانی ئیمپراتۆری هەخامەنشی، لە سەدەی سێهەمی پێش زاییندا، حەزو شەیدای زانستڤانانی یۆنانی بە زەردەشت، تەنانەت لە سەردەمێکدا کە ئێران ئیمپڕاتۆرێکی دنیا بوو، زیاتر بوو. ئەم جۆرە لە شەیدایی بە ئاستێک گەیشت کە لەم قۆناغەدا لە یۆنان ناتوانین هیچ بیرمەندو زانستڤانێک بەدی بکەین کە بۆ توانادان بە کار و تۆژینەوەی خۆی هانا بۆ زەردەشت نەبات. توانا وەرگرتن لە زەردەشت وەک «بەرزترین هێما لە هەموو زانستەکان»دا بە ئاستێک گەیشت کە تەنانەت بۆ زانستی کیمیاو ئەستێرەناسیش هانایان بۆ ئەو دەبرد. (مری بویس، مێژووی زەردەشتگەرایی، لەندەن ۲۸۹۱).

شەیدایی بە زەردەشت هێندە لە ئەوروپادا پەرەی سەند کە تەنانەت بە لەنێوچوونی یۆنانیش کزی نەکرد. بە سەرهەڵدانی ئیمپراتۆری ڕۆم، زانستڤانانی ڕۆمی وەک فەیلەسوفانی یۆنانی، بۆ پرستیژدان بە کارەکانی خۆیان، تا توانیان لە ناوی زەردەشت سوودیان وەرگرت.

پاش سەدەی یەکەمی زایینی، ئایینی فەرمیی ئیمپراتۆری ڕۆم بوو بە میترائیزم. میترائیزم کە لە جیهانبینی زەردەشتدا هەرس کرابوو، بەشێکی ئاڤێستای پێکدێنا، لە ئێرانەوە چوو بۆ ئەوروپا و بە درێژایی ٤٠٠ ساڵ هەموو وڵاتانی ئەوروپایی گرتەوە، بەجۆرێک کە ئەمڕۆ لە بەریتانیا، ئەڵمانیا، سویسرا ، ئسپانیا و ئیتالیا و یۆنان دا زیاتر لە ٦٠٠٠ پەرسگەی میترایی دۆزراوەتەوە. (فرانس کومەن، لەمەڕ ڕازی میترا، بروکسل ٦٩٨١).

لە سەدەی چوارەمی زایینی دا، لە ئیمپراتۆری ڕۆم دا، مەسیحیەت بە شێنەیی پەرەی سەند، بەڵام بۆئەوەی کە دینێکی ساوا بوو،

هیچ داب و نەریتێکی تایبەتی نەبوو، هەموو داب و نەریتی میترایی وەرگرت و لە خۆیدا هەرسی کرد.

ڕۆژی ٢٥ی دیسەمبەر کە مێژووی بەدیهاتنی میتراو درێژترین شەوی ساڵە، کرد بە مێژووی لەدایکبوونی مەسیح، ئەڵبەت گەلانی ئێران لە ٢١ی دیسەمبەردا جێژنی شەوی یەڵدا بەڕێوە دەبەن. هەروەها درەختی کاج و سەرویش کە پێڕەوانی میترا ئاهەنگی شەوی یەڵدایان پێ دەڕازاندەوە، کرد بە نەریتی خۆیان. میترائیزم بۆ گەیشتن بە دنیای مینوویی حەوت قۆناغی دەبڕی، کە بە مامۆستای قۆناغی حەوتەمیان دەوت پیر یان باوک. وشەی باوک هاتە نێو دینی مەسیحەوە و قەشە بە باوک ناونرا. هەروەها میترائیزم بوو بە بناغەیەک بۆ پێکهێنانی فراماسۆنری لە ئەوروپادا، کە لە سەدەی حەڤدەهەم بەملاوە پەرەی سەند.

ئەگەرچی لە گاتاکاندا باسی میترا نەکراوە، بەڵام بەشی دەهەمی ئاڤێستا هەمووی باسی میترا دەکا.

لە ئێران و لە وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاستدا لە سەدەی سێهەمی زایینی بەملاوە، وردە وردە بیری زەردەشت، وەک جیهانبینییەک، دوا قۆناغی خۆی دەپێوا. زمانی گاتاکان فەرامۆش کرابوو، دینی زرڤانی «کە دینێک بوو زەمانی لە سەرووی هەموو شتێکەوە دادەنا» و دینێک بوو لە پێش زەردەشتەوە بوونی هەبوو. بە شێنەیی جێگەی ئایینی زەردەشتی دەگرتەوە. شەڕی درێژخایەنی نێوان ئێران و ڕۆم، هەردوو ئیمپراتۆری لاواز کردبوو. هەر لەم سەردەمەدا بوو کە لە سەدەی حەوتی زایینیدا عەرەبانی موسڵمان هێرشیان کردە سەر ئێران و بەدرێژایی ٢٠٠ ساڵ کولتووری ئێرانیان تێکوپێک دا، کتێبەکانیان سووتاندو بەمجۆرە جیهانبینی زەردەشتیان کە هێشتا تۆزێکی لێ مابوو بەرەو فەرامۆشی برد.

ئەگەر لە ئێران و ئاسیای نێوەڕاست ئاگری زەردەشت کز بوو و دامرکا، بەڵام لە ئەورووپا هەرگیز زەردەشت ـ خوازی دانەمرکایەوە. تەنانەت لە چاخی نێوەڕاستدا کە پڕوپاگەندەی دژی زەردەشتی بەوپەڕی خۆی گەیشتبوو، لایەنگرانی ڕۆشنگەری و ئەقڵانیەتی ئەورووپا، دیسان زەردەشتیان وەک چەکی خەبات لە دژی دوگماتیزم و خەفەقان و پڕووپووچ هێنایە ئاراوە.

لە سەدەی پازدەهەمی زاییینیدا، یەکێ لە مەزنترین فەیلەسوفانی سەردەمی ڕێنیسانس و بوژانەوەی کولتووری لە ئەورووپا، گریگوری پلوتۆن، کە لە دەرباری ئیمپراتۆری بیزانسدا، دەسەڵاتی سیاسی زۆری بەدەست هێنابوو، تێکۆشا کە لە جیاتی سێ دینی یەهودی و مەسیحی و ئیسلام، کە بەردەوام خەریکی شەڕ بوون، جیهانبینی زەردەشت دابنێ. ئەگەرچی لەو کاتەدا زۆربەی سیاسەتمەداران و ئەقڵگەرایان لەگەڵی کەوتن، بەڵام نەیتوانی بە سەرکەوتن بگا. بەڵام توانی بیری زەردەشت تێکەڵ بە مەکتەبی ئەفلاتونی فلۆرانس ـ «ئیتالیا» بکا و بناغەی شۆڕشی ڕێنیسانس لە ئەورووپا پێکبێنێ و زەمینەی هیومانیزم دابڕێژێ. (دوشمەن گیمەن، وەڵامی ڕۆژاوا بە زەردەشت، ۱۹۸۵).

لە سەردەمی ڕێنیسانس و لەوە بەدوا، ڕووکردن لە زەردەشت لەنێوان ڕۆشنبیرانی ئەورووپاییدا نە هەر کەمی نەکرد، بەڵکو زۆر زیاتر گەشەی کردو ڕەهەندێکی تازەی بەخۆوە گرت. بەڵام سەدان ساڵ بوو کە زمانی گاتاکانی زەردەشت فەرامۆش کرابوو و بۆ باسکردن لە بیری زەردەشت، زیاتر وتەیان لەم و لەو دەهێنایەوە. کەوابوو دەبوو کاری تۆژینەوە دەست پێ بکات و زمانی وی سەرلەنوێ کەشف بکرێت. لە سەدەی حەڤدەهەمدا زماناسی فەڕەنسی، ئەنکتیل دو پرون، پاش ۱۵ ساڵ هەوڵ و تێکۆشان، کلیلی زمانی ئاڤێستای

دۆزییەوەو لە ساڵی ١٧٧١ دا لە سێ بەرگدا لە پاریس چاپی کرد. بەڵام ئاڤێستا وتەکانی زەردەشت نەبوو. ئەم کتێبە لە چەندین نڤیساری پرش و بڵاو پێکهاتبوو کە سەدان ساڵ پاش مەرگی زەردەشت، تەنانەت لە سەردەمی ئیسلامدا، بەهۆی نووسەرانێکی گومناو نووسرابوو. سەرەڕای ئەمەش، ئەم کارە لە ئەورووپا بانگ و هەرایەکی زۆری پێکهێنا و ئاژاوەو پشێوی خستەوە.

ڕۆشنبیرانی ئەورووپا لە ئاڤێستادا چەکێکیان بەدی کرد کە بەو هۆیەوە دەیانتوانی دیسان لەدژی پڕوپووچی کلێسای مەسیحی بجەنگن. ئەوان دەیانوت «هەقیقەت ئیتر لە ژێر ڕکێفی کلێسادا نییە. دەتوانین لە ئایینێکی ئاریایی ئێجگار کۆنتر لە مەسیحیەتدا هەقیقەت بەدی بکەین». لەم خەباتەدا، ڕۆشنبیران و بیرمەندانی مەزنی ئەورووپایی، کەسانێک وەک ڤۆڵتێر، گوتێ، گریم، دیدرۆ، ڤۆن کلیست، بایرۆن، ڤۆر تیسمیت، شێلی، نیچە و زۆر کەسی تر هاتنە مەیدانی خەبات و نیگارکێشان و ئاهەنگسازانی مەزنیش پێیان پەیوەست بوون. ئاهەنگسازی مەزنی فەڕەنسی، ژان فیلیپ، ئۆپێرای بەناوبانگی خۆی بەناوی «زەردەشت» ساز کرد. هەروەها ئمدیوس موزار، ئاهەنگسازی مەزن، زەردەشتی تێکەڵ بە ئۆپێرای «نەی سیحراوی» خۆی کرد و ڕیچارد شتراوس سەمفۆنی خۆی بە ناوی «وەهای گوت زەردەشت»، پێشکەش بە گەورەیی زەردەشت کرد. (دوشمەن گیمەن، وەڵامی ئەورووپا بە زەردەشت).

ئەم کارانە بووە هۆی ئەوە کە قەشەکان لە دژی ئاڤێستا هەڵوێست بگرن و بڵێن کە وەرگێڕانی دوپرون وەرگێڕانێکی ناڕاستە و بەمەبەستی دژایەتی کلێسا ئەنجام دراوە. لە ئاست وەها بانگەشەیەکدا، زۆربەی زماناسان لە چوارگۆشەی ئەورووپا، تێکەڵ بە وەها خەباتێکی فیکری بوون. تەنیا سێ ساڵ دواتر، زماناسی

ئەڵمانی، کلو کێرز، بە وەرگێڕانێکی تر لە ئاڤێستا، کاری پێشووی دوپرونی پشتڕاست کردەوە و سەلماندی کە وەرگێڕانەکەی دروستە. سەرەڕای ئەمەش، بەهۆی سەرسەختی و خۆڕاگریی قەشەکان، ئەم خەباتە سی ساڵ درێژەی کێشا. سەرئەنجام هەموو زانستڤانان و زمانناسانی ئەوکاتی ئەورووپا، دروستی ئاڤێستایان سەلماند و ئەم کتێبە بۆ هەمیشە وەک سەرچاوەیەکی زانستی و ئاکادیمیک ناسرا.

ئەگەرچی ئەمە سەرکەوتنێکی ئێجگار گرنگ بوو، بەڵام هێشتا پرسی وتەکانی زەردەشت ڕۆشن و ئاشکرا نەکرابوو. لە ساڵی ١٨٦١ دا زمانناسی بەناوبانگی فەڕەنسی، مارتین هوگ، کە تۆژینەوەیەکی بەرینی لەمەڕ ئاڤێستا دەست پێکردبوو، تێگەیشت کە حەڤدە بەش لە حەفتاو دوو بەشی یەسنا لە ئاڤێستادا، بە زمانێک نووسراوە کە لە بەشەکانی تر ئێجگار کۆنتر و شێوازی نووسینیشی بە جۆرێکی ترە. ئەو بەخێرایی تێگەیشت کە ئەم زمانە زمانی پالەوییە کە نزیکەی دوو هەزار ساڵە لەبیر کراوە. سەدان ساڵ بوو کە موغەکانی زەردەشتی، ئەم حەڤدە بەشەیان لەبەر کردبوو، بێئەوەی کە مانای بزانن، وەک سروودی پیرۆز لە پەرسگەکاندا دەیانخوێندن.

هوگ بە سودوەرگرتن لە زمانی سانسکریت کە تازە لە هیندستان کەشف کرابوو، ئەم حەڤدە بەشەی لە ئاڤێستا جیا کردەوە و پاشان تەرجمەی کرد. دواتر تۆژینەوەکانی مێژوویی و زمانناسیی بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر سەلماندی کە وشە بە وشەی ئەم حەڤدە سروودە بیربزوێنە، نزیکەی ٤٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا، بە زمانی خودی زەردەشت وتراون.

ئەگەرچی یەکەمین وەرگێڕانەکانی گاتاکان لەڕووی زمانناسییەوە زۆر هەڵەی تێدا بوو، بەڵام ئەم کەشفە دەرگایەکی مەزنی بەڕووی

مێژووی بیر و فەلسەفە و شارستانیەتی جیهانیدا کردەوە و ڕیشەی زۆربەی دین و فەلسەفەکان کە کولتووری جیهانیان پێکهێناوە، ڕوون کردەوە.

چەند ساڵێک پاش وەرگێڕانی گاتاکانی زەردەشت، یەکێ لە مەزنترین بیرمەندانی ئەوروپا، فریدریک نیچە، لە ساڵی ١٨٨٣دا، شاکاری بەناوبانگی خۆی «وای وت زەردەشت»ی بەرهەم هێنا. ئەم کتێبە کە ئێستا بۆ هەموو زمانەکانی جیهان وەرگێڕراوە، دیدگای خەڵکی ئەوروپای لەمەڕ ژیان ژێراو ژوور کرد و فەرهەنگێکی تازە و مۆدێرنی بۆ ئەم دەڤەرە بە دیاری هێنا کە تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە.

لەوە بەدوا توێژەرانی ڕۆژاوایی، زۆر کتێبیان لەمەڕ کاریگەریی ئایینی زەردەشت لەسەر کولتووری ڕۆژاوا و هەر دوو دینی یەهودی و مەسیحی و سەرهەڵدانی ڕێنیسانس و مەکتەبی هیومانیزم لە ئەوروپا نووسی. لەم بابەتەوە دەکرێ چەند کتێب و وتاری گرنگ ناو ببەین:

«ڕیشەکانی دینی ئێمە [دینی مەسیح]، لورێنس میلز، بریتانیا ١٩١٠؛

زەردەشت، میترا و ڕیشەی ئاریایی دینی مەسیح، شارڵ ئوتن، فەڕەنسە ١٩٣٥؛

ئایینی زەردەشت و کاریگەری لەسەر دینی یەهود، ژ. ڤ. کارتێر، ئەمەریکا ١٩١٨؛

وەڵامی ڕۆژاوا بە زەردەشت، دوشمەن گیمەن، ئاکسفۆرد ١٩٥٨؛

هەروەها لەمەڕ کاریگەری بیری زەردەشت لەسەر کولتووری ڕۆژاوا، هەر لە سەردەمی فیساغۆرسەوە «سەدەی پێنجەمی پێش زایین» تا

سەدەی بیستەم، زیاتر لە ٢٥٠ کتێب و وتاری تر نووسران.

ئەگەر تا ئەو کات هەموو ئەم کارانە بەهۆی توێژەران و کەسانی ئەکادیمیک دەکرا، لە ساڵی ١٩٧٦دا ئەم ڕەوتە شێوازێکی تری بەخۆوە گرت.

لەم ساڵەدا، دووهەمین کەسی دنیای کاتولیک، جێگری پاپ، فرانز کونیک، ئوسقۆفی مەزنی ڤیەننا «نەمسا»، پەیڤێکی مێژوویی بە ناوی «کاریگەریی زەردەشت لەسەر کولتووری جیهان» پێشکەش کرد کە هەمووانی تووشی سەرسوڕمان کرد. پاش ٢٠٠٠ ساڵ پڕوپاگەندەی خراپ و دژایەتی بیری زەردەشت، ئەمە یەکەمین جار بوو کە کەسێکی گرنگی جیهانی مەسیحی، کە خاوەن زانیاری بەرین بوو، باسی کاریگەریی بنەڕەتی جیهانبینی زەردەشتی لەسەر جیهان و بە تایبەت لەسەر دوو دینی یەهود و مەسیح دەکرد.

ئەو لەم پەیڤە مێژووییەدا، لە ئاست ٣٠٠ کەس لە توێژەران و پسپۆڕانی کولتووری و سیاسی کە لە چوار گۆشەی جیهانەوە هاتبوون بۆ ئێران، گوتی: «باشترین بەشەکانی کتێبی ئینجیل لە بیری زەردەشت وەرگیراوەو ئینجیل قەرزداری بیری زەردەشتە«.

ئەو لە درێژەدا وتی «توێژەرانی جۆراو جۆری میژووی دینەکان بەتایبەت لە ئەڵمانیا، هەوڵیان داوە تا بەوردی بیسەلمێنن کە دینی مەسیح لە ئێرانەوە سەرچاوەی گرتووە. بەڵام خاڵی ئاشکرا ئەمەیە کە هەر کەس بیەوێ عیسا و محەمەد بناسێ، دەبێ جیهانبینی زەردەشت بخوێنێ. ڕۆڵی بیر و کولتووری ئێرانی لە مێژووی سەرهەڵدانی دینەکاندا ئێجگار لەوە زیاترە کە زۆر کەس وێنای دەکەن».

دەقی ئەم پەیڤە بە چوار زمانی فارسی و ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئەڵمانی، لە نامیلکەیەکدا چاپ کراوە و «سەنتەری ئەورووپایی

بۆ فێرکردنی جیهانبینی زەردەشت» بەشێوەی بەرفراوان بڵاوی کردۆتەوە.

کاردینالْ کە زمانی گاتاکانی بە باشی دەزانی، بەوپەڕی بوێری و لێزانینیەوە، هەوڵی دا تا کۆتایی بە دژایەتی ٢٠٠٠ ساڵەی جیهانی مەسیحی لە ئاست زەردەشت بێنێ.

* * *

ئەی مەزدا ئەهورا!
من کە بەردەوام ئایینی ڕاستی و
بیری پاکم وەرگرتووە،
فێرم بکە
تا مانای بیری تۆ
بەو جۆرە کە لە ناخی تۆوە هەڵدەقوڵێ و
پەیڤەکانی تۆ،
بەو جۆرە کە لە زمانی تۆوە بەیان دەکرێ،
بە خەڵکانی تر فێر بکەم و
پێیان بڵێم کە چۆن دەتوانن بناغەی ژیانێکی بەختەوەر دابڕێژن..

گاتاکان، سروودی یەکەم، بەندی ١١

# گاتاکان
## سروودەکانی ئەهورایی زەردەشت

## سروودی یەکەم (یەسنا، هاتی ٢٨)

زەردەشت داوا لە ئەهورا مەزدا دەکا تا زەمینی بە سەمەر بەختەوەر بکا

١ـ ئەی مەزدا!
دەستەکانم هەڵبڕیوە و
ستایشی تۆ دەکەم،
خۆنەویستانە داوای خۆشبەختیت لێ دەکەم.
بەڵکو هەموو کردارێکم
لەگەڵ ئاوەز و بیری پاک و
تێکەڵ بە ئایینی ڕاستیی بە ئەنجام بگات،
تا بەمجۆرە تۆ شاد بکا و
ڕۆحی زەمینی بەسەمەر بەختەوەر بکات.

٢ـ کەوابوو، ئەی مەزدا ئەهورا،
بە هزری پاکەوە بەرەو لات دێم.
تا لەبەر تیشکی ڕاستیدا،
بەختەوەری هەر دوو جیهانی مادی و مینوویی

به من بناسێنی،
تا بتوانم ئەم شتە بە هاوڕێکانم بناسێنم.

٣ـ ئەی ڕاستیی!
ئەی بیری پاک!
من بۆ ئێوە چەندین سروود دەبێژم
کە تا ئێستا کەس نەیوتووە،
بە دیاری دەیدەم بە ئەهورا مەزدا و
بەو کەسانە کە بەسەر جیهانی دەروونی خۆیاندا زاڵ بوون و
بە هێمنی و ئارامی گەیشتوون.
کەوابوو وەرن بۆ لام و نهێنی ژیانێکی شاد و
بەختەوەرم پێ بێژن.

٤ ـ من کە دەروونم لەگەڵ بیری پاک ڕێکخستووە،
دەزانم کە هیچ کارێک لەپێناو ئەهورا مەزدا بێ پاداشت نییە.
کەوابوو
تا هێز و تینم تێدا بێت
خەڵک فێر دەکەم
لەپێناو ڕاستیدا تێ بکۆشن.

٥ ـ ئەی ڕاستی!
کەی تۆ دەبینم؟
من کە بیری پاکم ناسیوە
کەی دەتوانم ئەو ڕێگایە بدۆزمەوە
کە بەرەو ئەهورای بەرەو پێش بەر دەڕوا و

گوێ لە فریشتەی ڕێنوێنی مەزدا بگرم؟
بەهۆی وەها هێزێکی ڕووناکی بەخش
ئێمە درۆی فریوکاران تێک دەشکێنین و
ناچاریان دەکەین لایەنی پرشنگداری ژیان هەڵبژێرن.

٦ ـ ئەی بیری پاک!
بەرەو من بێ و ژیانێکی جاویدانم پێ ببەخشە
کە بە مۆرکی ڕاستی نەخشێنراوە.
ئەی مەزدا ئەهورا!
بە وشە پرشنگدارەکانت
پشتیوانی بەهێزی من [زەردەشت] و هاوڕێکانم بە
تا بتوانم بەسەر غەدری دوژمناندا زاڵ ببم.

٧ـ ئەی راستی!
پاداشێکمان پێ بدە کە شیاوی بیری پاک بێت.
تۆیش ئەی ئاسوودەیی
خەونەکانی ڤیشتاسپ و منیش بەدی بێنە.
سەرئەنجام ئەی مەزدا،
وەها هێز و توانایەکمان پێ ببەخشە
کە بتوانین سەرکەوتووانە پەیامی تۆ
بە گوێی جیهان بگەیەنین.

٨ـ ئەی ئەهورا!
ئەڤیندارانە ستایشی تۆ دەکەم.
تۆ کە لەنێو هەمواندا باشترینی و

لەگەڵ باشترین ڕاستیدای.
داوات لێدەکەم
بەردەوام باشترین بیری پاک
بە فراشوستێر و
بە من و بە ڕێبوارانی ڕێگای خۆت ببەخشی.

٩ـ ئەی ئەهورا!
ئێمە هەرگیز پاداشەکانی تۆ بەخراپی بەکار ناهێنین و
دڵی تۆ ناشکێنین.
هەروەها ڕاستی و بیری پاک ناڕەنجێنین.
ئێمە هەموو یەک دڵ و یەک دەنگ
ستایشی تۆ دەکەین،
ئاخر تۆ لە هەموان مەزنتری.

١٠ـ ئەی مەزدا ئەهورا!
خەونی ئەو کەسانە بەدی بێنە
کە لەگەڵ ڕاستی و بیری پاکدان،
هەروەها پاداشتی شیاویان پێ ببەخشە،
ئاخر دەزانم تۆ
وەڵامی ئەو پەیڤانە دەدەیتەوە
کە لە کانیی ئەڤینەوە هەڵدەقوڵێن.

١١ـ ئەی مەزدا ئەهورا!
من کە بەردەوام ئایینی ڕاستی و
بیری پاکم وەرگرتووە،

فێرم بکە
تا مانای بیری تۆ
بەو جۆرە کە لە ناخی تۆوە هەڵدەقوڵێ و
پەیڤەکانی تۆ
بەو جۆرە کە لە زمانی تۆوە بەیان دەکرێ،
بە خەڵکانی تر فێر بکەم و
پێیان بڵێم کە چۆن دەتوانن بناغەی ژیانێکی بەختەوەر دابڕێژن.

## سروودی دووهەم (یەسنا، هاتی ٢٩)

زەردەشت وەک ڕێبەر و مامۆستای جیهان هەڵدەبژێررێ تا زەمینی ستەمدیدە بە خۆشبەختی بگەیەنێ.

١ـ گیانی زەوی دەگری و سکاڵات لێدەکا،
بۆچ منت ئافراند؟
کێ منی بەمجۆرە بەدی هێنا؟
کێ ئەم هەموو دڵڕەقیی و تووڕەیی و بێ شەرمییەی لە ناخمدا زاڵ کرد؟
ئێستا بێجگە لە تۆ
کێ دەتوانێ پشتیوانم بێت؟
ڕێگەی بەختەوەریی ڕاستیم پیشان بدە.

٢ـ ئەهورا لەگەڵ ڕاستی ئاخڤا و پرسی:
ئایا تۆ ڕزگاریدەرێک دەناسی؟
ڕێبەرێک کە بتوانێ
زەمینی غەمگین بەرەو خۆشبەختی ببات؟
وەها کەسێک دەناسیت، ئەو کەسە کێیە؟
کەسێک کە پشتیوانی بین و
وەها توانایەکی پێ ببەخشین کە بتوانێ درۆی فریوکاران و
ستەمی ستەمکاران تێک بشکێنێ.

٣ـ ڕاستی لە وەڵامدا وتی:
من لە جیهاندا
هیچ مرۆڤێکی بەتوانا ناناسم کە غەدر و ستەم
بەشێک لە دەروونی دانەگرتبێت.
بەڕاستی وەها کەسێک ناناسم کە پشتیوانی دروستکار و
دوژمنی فریوکار بێت.
ئەگەر وەها کەسێکی بەهێز ببینمەوە
بەخێرایی دەچم بۆ لای و
داوای یارمەتی لێدەکەم.

٤ـ مەزدا ئەهورا
کە لە هەموو هوشیاران هوشیارترە،
چاک دەزانێ کە پێڕەوانی خودایانی درۆیین
لە پێشوودا چییان کردووە و
لە داهاتووشدا چی دەکەن.
ئاخر ئەو تەنیا داوەرە،

کەوابوو چیی بووێ
بەدی دێ.

٥ـ کەوابوو من و ڕۆحی زەمینی بەسەمەر
دەست هەڵدەبڕین و ئەهورا ستایش دەکەین و
لە مەزدا دەپرسین:
«ئایا بۆ کەسانی دروستکار
کە لە نێو خراپکاراندان
ئایندەیەک لەئارادایە«؟

٦ـ لێرەدا ئەهورا مەزدای ئاوەز ئافرێن
لە بەرانبەر ئەم پرسەدا،
پرسێکی تر گەڵاڵە دەکا:
«ئایا تۆ ڕێبەر یان مامۆستایەک دەناسی
کە ئەقڵ و ڕاستی لێک بەستبێ»؟
«مەگەر نازانی
کە جیهانی ئافرێن
بۆیە تۆی ئافراندووە
کە پارێزەر و نیگابانی جیهان بیت»؟

٧ـ بەمجۆرە،
ئەهورا مەزدا، هاوکات لەگەڵ ڕاستیدا
پەیامێکی بیربزوێنی بۆ پێشکەوتنی جیهان و
بۆ داڵدەی کەسانێک
کە پێویستیان بە داڵدە هەیە ئامادە کرد،

بۆیە، پرسی بە بیری پاک کرد:
«کێیە ئەو کەسەی کە بتوانێ یارمەتی خەڵک بدات»؟

٨ـ «من تەنیا کەسێک دەناسم
کە گوێی لە پەیڤەکانی ئێمە گرتووە
ئەویش زەردەشتی سپەنتمانە«.
«ئەو ئامادەیە
تا بە سروودەکانی خۆی مانای پەیامی تۆ
لەبەر تیشکی ڕاستیدا بە خەڵک بگەیەنێ».
«کەوابوو ئەی مەزدا
سیحری پەیڤینی پێ ببەخشە«.

٩ ـ گیانی زەمین دیسان دەنگی هەڵێنا و گوتی:
«ئایا من دەبێ لە کەسێک یارمەتی وەربگرم
کە دەیەوێ بە پەیڤە بێگیانەکانی بمپارێزێ»؟
«من پێویستم بە ڕاستی، بە سەردارێکی بەهێز هەیە،
کەی وەها کەسێک پەیدا دەبێ،
کێ بە دەستانی بەهێزی دەستەکانی من دەگرێ»؟

٩ـ من، زەمینی بە سەمەر
ئەی ئەهورا مەزدا، تۆ ستایش دەکەم،
تا بە هێزی ڕاستی و بیری پاک
هەرەنگ و توانای پێ ببەخشی
تا بتوانێ من بەرەو ئارامیی و ئاوەدانیی ببات،
ئەی مەزدا!

وەها کەسێک، باشترین ئافرێندراوی تۆیە.

١٠ـ ئێوە لە کوێن؟
ئەی ڕاستی!
ئەی بیری پاک!
ئەی هێزی خۆئارامی!
کەی دێن بۆ لام؟
تۆش ئەی مەزدا،
کەی بە زانایی خۆت ئەنجومەنی مەزنی موغان ڕێنوێنی دەکەی؟
ئەی ئەهورا!
ئێمە چاوەڕوانی یارمەتی و میهرەبانیی تۆین،
لەگەڵمان بە.

## سروودی سێهەم (یەسنا، هاتی ٣٠)

جیاکردنەوەی چاک و خراپ و نوێکردنەوەی جیهان

١ـ ئێستا دێمە گوتن،
بۆ ئێوە ئەی عەودالانی ئاوەز
بۆ ئێوەش ئەی زانایان،
باسی دوو بنەمای بنەڕەتیتان بۆ دەکەم و
ئەهورا و بیری پاک

ستایش دەکەم،
هەروەها ئەقڵ و ئایینی ڕاستی
تاکوو نوور و ڕووناکی فام بکەن و
بە هەڵبژاردنی دروست
بە خۆشی و شادمانی بگەن.

٢ـ کەوابوو،
بەر لە ڕووداوی مەزنی هەڵبژاردن
بە گوێی خۆتان باشترین پەیڤەکان ببیستن و
بە چاوی ئەقڵ بڕوانن
چ ژن، چ پیاو
بە هوشیاری
یەکێ لەم دوو ڕێگەیە هەڵبژێرن.

٣ـ «دوو بنەمای بنەڕەتی مینوویی»
کە پێکەوەن و
لە سەرەتاوە لە بیردا دەرکەوتن،
یەکیان چاکی دەنوێنێ و ئەویدی خراپی
لە نێو ئەم دووانەدا،
زانا چاکە هەڵدەبژێرێ و نەزان خراپە.

٤ـ کاتێ لە سەرەتاوە
ئەم دوو بنەمایە پێک گەیشتن،
ژیان و دژبەری ژیانیان پێکهێنا،
تا کۆتایی دنیاش هەر وا دەبێ

که لایەنگرانی درۆ بە خراپترین شێوە و
ڕێڕەوانی ڕاستی بە باشترین شێوە دەژین.

٥ـ لەنێو ئەم دوو ڕەوتە ناکۆکەدا
پێڕەوی درۆ، خراپترین کردار هەڵدەبژێرێ
بەڵام مرۆڤی پاکئەندێش
ڕاستی هەڵدەبژێرێ و
شێلگیرانەش دەیپارێزێ و
ئەهورا مەزدا شاد دەکات.

٦ـ لەنێو ئەم دوانەدا
پێڕەوانی درۆ ڕاستی هەڵنابژێرن
بۆیە کاتی هەڵبژاردن
تووشی دوودڵیی دەبن و فریو دەخۆن،
کەوابوو
خراپترین بیر هەڵدەبژێرن و
بەرەو ڕق و قین دەچن و
ژیانی خەڵک کاول دەکەن.

٧ـ بەڵام ئەو کەسە
کە ڕێگای ڕاست هەڵبژێرێ
هێزی ڕاستی و بیری پاک
هاوکات لەگەڵ هەرەنگی و خۆئارامی
دێن بە پیرییەوە و
تەسکین و ئارامی پێ دەبەخشن.

وەها کەسێک پێڕەوی تۆیە
چونکە لە ئەزموونی بژاردندا سەرکەوتووە.

٨ـ کاتێ بەدئەندێشان
بە هۆی کرداری خۆیان سزا دران
ئەو کات، ئەی مەزدا،
بە هۆی بیری پاکەوە
نووری تۆ دایان دەگرێ.
ئەوجار فێر دەبن
کە چۆن لە درۆ دەرباز بن و ڕوو لە ڕاستی بکەن.

٩ـ بریا لەو کەسانە بین
کە هەردەم جیهان نوێ دەکەنەوە.
تۆ ئەی بەدیهێنەری ئەقڵ و یەکسانی!
کە لەبەر تیشکی ڕاستیدا
خۆشبەختیمان پێ دەبەخشی،
بریا ئێمە
لەبەر تیرێژی ئەقڵدا
دەرکی دروست و
بیر و باوەڕمان گەشە پێ بدەین.

١٠ـ چونکە ئێمە
بەهۆی وەها زانایيەک هێزی فریو تێک دەشکێنین و
بە تێکۆشان و پاکناوی

لە دەڤەری بەهەشتی
ڕاستی و بیری پاکدا
لەگەڵ مەزدا یەک دەگرین.

١١ـ کاتێ کە
نەخشی دوو بنەمای چاکە و خراپە بناسن
کە بە هێزی مەزدا داڕێژراون،
ئەوجار دەزانن،
کە دروستکار بە بەختەوەری جاویدان دەگا و
فریوکار تووشی ڕەنجی هەمیشەیی دەبێ.

## سروودی چوارەم (یەسنا، هاتی ٣١)

ئازادی بیر و ئازادی هەڵبژاردنی ئایین

١ـ ئەی عەودالانی زانست!
ئێستا هەندێ پەیڤتان پێ دەبێژم و
هەندێ وانەتان پێ دەڵێم
کە پێشتر کەس نەیوتووە،
بێگومان ئەم پەیڤانە
بۆ فریوکارانی درۆزن
کە جیهانی ڕاستی کاول دەکەن
ئیجگار تاڵن.

بەڵام بۆ ڕێبوارانی ڕێگای مەزدا
ئێجگار شیرین.

٢ـ بۆیە کە درۆ و فریوکاری
چاوی ئەقڵی کوێر کردووە و
ڕێگای باشتری لەبەر چاوان ڕفاندووە،
کەوابوو من
وەک مامۆستا و نوێنەری مەزدا
دێم بۆ لاتان،
تا هەر دوو دەستەی ڕاست و ناڕاست فێر بکەم
کە چۆن خۆیان لەگەڵ ڕاستی ڕێک بخەن.

٣ـ ئەی مەزدا!
بەختەوەری گەش کە لەبەر تیرێژی ڕاستیدا
موژدەت بە هەر دوو دەستە داوە و
ئەو ئایینە کە بۆ زانایان بەدیاریت هێناوە
بە پەیقی خۆت
بۆ ڕێڕەوانتی ببێژە
هەتا من، هەموو مرۆڤ
بەرەو ئەوێ بانگهێشت بکەم

٤ـ ئەی مەزدا!
ئەی ڕاستی!
ئەی ئارامی!
مادام کە ئێمە ڕێڕەوانی ئێوەین

به دیاری و بەخشینی خۆتان
به هەرەنگی خۆئارامی
بەهێزمان کەن
تا پەرە بە ئایینی ئێوە بدەین و
بەسەر درۆ و فریودا زاڵ ببین.

٥ـ ئەی ئەهورا مەزدا!
به من بڵێ ڕێگەی باشتر کامەیە
تا بتوانم لەبەر تیشکی ڕاستی و بیری پاکدا
باشترین ئایین هەڵبژێرم و
به بەرزترین پلەی زانایی و خۆشبەختی بگەم و
لەم ڕەوتەدا،
به دیدێکی قووڵ و بەرین
ڕازی ڕووداوەکانی ژیان بزانم.

٦ـ خۆشبەختترین مرۆڤ ئەو کەسەیە
کە ڕازی خۆشبەختی بە خەڵک بڵێ
تا هەموو ژنان و پیاوان
به گەشە و هەڵدانی جاویدان بگەن.
ئەهورا مەزدا،
لەبەر تیشکی بیری پاکدا
هێزی وەها کەسێک زیاتر دەکات.

٧ـ هەر ئەوە کە لە یەکەم ڕۆژدا
به بیری خۆی

له هیچ، شادمانی و ئارامی بەدیهێنا و
بە ئاوەزی خۆی،
بناغەی جیهانی بەپێی ڕاستی ئافراند
تا ئێشکچی بیری پاک بێت.
ئەی ئەهورا،
بە ئەقڵی بێ سنووری خۆت
وزە بە هێزی بیرکردنەوە و ئافراندن ببەخشە،
کە لە ئێمەدا کزی کردووە
بەڵکو ڕێگەمان ڕووناک بێ و ژیانمان بپشکوێ.

٨ـ ئەی مەزدا!
ئەو کاتە کە بە بیرم تۆم ناسی
تێگەیشتم کە تۆ سەرەتا و سەرئەنجامی هەموو شتێکی و
سەرچاوەی بیری پاکی،
ئەو کاتەش کە بە چاوی دڵ تۆم بینی،
زانیم کە تۆ ئافرێنەری ڕاستینی ڕاستی و
داوەری کرداری مرۆڤەکانی.

٩ـ ئەی ئەهورا مەزدا!
زانیم کە تۆی سەرچاوەی ئارامی و سەرخۆشی
تۆی سەرچاوەی ئەقڵی جیهان ئافرێن.
تۆ ئازادی هەڵبژاردنت بە ژنان و پیاوان دا
تا مامۆستای ڕاستینی خۆ هەڵبژێرن و
خۆ لە ڕێبەری فریوکار دوور بگرن.

١٠ـ چونکە
لە نێوان دوو ڕێبەری ڕاستین و درۆیین دا،
تەنیا ڕێبەری ڕاستین
دروستکارە و زەمین ئاوەدان دەکاتەوە و
پەرە بە بیری پاک دەدات.
ئەی مەزدا،
هیچ کات ڕێبەرێکی فریوکار و کاولکار
ناتوانێ بە دەمامکی ڕاستی و دروستی
پەیامی تۆ بە دیاری بهێنێ.

١١ـ ئەی مەزدا!
کاتێ تۆ لە سەرەتادا
بە بیری خۆت
جەستە و ئەقڵ و ویژدانت بۆ ئێمە ئافراند و
گیانت خستە نێو جەستەمان،
توانای پەیڤین و کردارت پێ بەخشین،
ویستت کە ئێمە وشیارانە و بە دڵخوازی خۆمان بیر و
ئایینمان هەڵبژێرین.

١٢ـ ئەی ئارامی!
لە کاتی وەها بژاردنێکی مەزندا،
ئەوکات کە چ ژن، چ پیاو،
چ دروستکار، چ فریوکار،
چ زانا و چ نەزان،
دەگەڕێنەوە بۆ ویژدانی خۆیان

تا لە خۆ بپرسن و بیر و باوەڕی دەروونی خۆیان دەرببڕن،
هێز و هەرەنگی خۆت لە گیانی ئێمەدا داگیرسێنە
تا خۆمان لە گومان و دوودڵی دوور بگرین و
ئایینی دڵخوازی خۆمان هەڵبژێرین.

١٣ـ ئەی مەزدا!
تەنیا تۆی
کە بە ئەقڵی بێ سنووری خۆت
هەموو شتێک بەپێی ڕەوتی هەست
دەبینی و دەنرخێنی،
هەر تۆشی دەزانی
کە بۆچی هەندێجار تاوانێکی بچوک
بە سزایەکی گران دەگات.

١٤ـ ئەی ئەهورا مەزدا!
بە من بڵێ
لە ڕەوتی ژیانی هەر کەسێکدا،
چ لە ڕابردوو و لە داهاتووشدا
پێڕەوی ڕاستی بە چ پاداشتێک دەگا و؟
فریوکار بە چ سزایەک؟

١٥ـ ئەی ئەهورا!
دیسان پێم بڵێ
سزای ئەو کەسە چییە کە یارمەتی تاوانبار دەدات؟
سزای ئەو کەسەش چییە

که پێڕەوانی ڕێبەری ڕاستین ئازار دەدا و
تەرە و پەرتەوازەیان دەکات؟

١٦ـ ئەی مەزدا ئەهورا!
بە من بڵێ
ژن یان پیاوێک کە بە لێزانی و بیری پاک
بۆ گەشە و پێشکەوتنی ماڵ و شار و وڵات و
بۆ پەرەسەندنی ئایینی ڕاستی تێدەکۆشێ
کەی و چۆن بە تۆ دەگات؟

١٧ـ ڕاستکردار و فریوکار
کامیان ڕێگەی دروستیان هەڵبژاردووە؟
بەڕاستی ئەوە ڕاستکرداری ڕۆشنبینە
کە خەڵک وشیار دەکاتەوە
تا فریوکار نەتوانێ فریوی بدات و
بە لاڕێیدا ببات
کەوابوو ئەی ئەهورا مەزدا
تۆ لە ئێمەدا بیری پاک ئاشکرا بکە.

١٨ـ کەوابوو، هەرگیز،
گوێ لە فریوکاران مەگرن
بێگومان فریوکاران
ماڵ و گوند و شار و وڵات وێران دەکەن.
کەوابوو لە دژی خراپکار بوەستن و
لەگەڵی بجەنگن.

١٩ـ ئەی مەزدا
بەڵكو مرۆڤەكان
گوێ لە پەیڤی زانایەک بگرن
كە ژیانی خەڵک سامان بدا و
وە لە بیر و گوتار و كرداری خۆیدا
ڕاست و ڕەوان و بەتوانا بێت.
وەها كەسێک كە لەبەر تیشكی ئەقڵی ڕووناكی بەخشی تۆدا
ڕووداوەكان بنرخێنێ.

٢٠ـ مادام كەسێک
ڕوو لە ڕاستی بكات
جێگەی لە بارەگای پرشنگداری تۆدایەو
كەسێک كە ڕێگەی چەوت هەڵبژێرێ
بەهۆی ڕەفتاری خۆی
دەمێک ساڵان
لە تاریكی و كوێردڵی و حەسرەتدا
ژیان بەسەر دەبا.

٢١ـ ئەهورا مەزدا
هێزی ڕاستی و هەرەنگی بیری پاک و
سەرئەنجام پوختەیی و هەرمان
بە كەسێک دەبەخشێ
كە لە بیر و كرداردا
پێڕەوی ئەو بێت.

٢٢ـ ئەم ئایینەش پێشکەش بە کەسێک دەکات
کە لە بیر و گوتار و کرداری خۆیدا
ڕاستی ڕەچاو دەکا و
پەرەی پێدەدا.
ئەی ئەهورا مەزدا!
لە لای تۆ وەها کەسێک
شیاوترین یار و ڕێبەری مرۆڤەکانە.

## سروودی پێنجەم (یەسنا، هاتی 32)

پەروەردەی خراپ و مامۆستای فریوکار

١ـ ئەی ئەهورا مەزدا!
بۆ گەیشتن بە ژیانێکی بەختەوەر،
گشت ماڵبات و خزم و خەڵکانی وڵات
ستایشت دەکەن
هەروەها فریوکارانی خراپکار،
درەنگ یان زوو ڕووت تێدەکەن.
ئەی مەزدا!
بەڵکو ئێمە بتوانین پەیامی تۆ بە بەدکاران بگەیەنین و
نەهێڵین دژ بە پێڕەوانت بوەستن.

٢ـ ئەهورا مەزدا!

به بیری پاک
پەیام دەنێرێ بۆ ستایشکاران:
ئێمە ئارامی بەرەو پێشبەر
کە بەرهەمی هێزی خۆئارامییە و
لەگەڵ ڕاستی پرشنگدار دایە،
ستایش دەکەین و بۆ ئێوەی بەدیاری دێنین
هەر ئەمەش لەم ڕێگەدا
بۆ ئێوە یاوەرێکی بەهێزە.

٣ـ بەڵام ئێوە،
ئەی فریوکارانی لە گوێن دێو،
هەروەها ئەوانەش کە بەهۆی نەزانی، ئێوە دەپەرستن،
هەمووتان خاوەن سروشتێکی دزێو و پەستن
کرداری پڕ فریوتان
لە حەوت وڵاتان ڕسوا بووە.

٤ـ ئاخر ئێوە بەجۆرێک
بیری خەڵکتان شێواندووە
کە لە ئەقڵ و بیری پاک لایان داوە،
لە ڕاستی و دادگەری تەرە بوون و
ژیانی خۆیان وێران کردووە.

٥ـ بەمجۆرە
ئێوە بە درۆ و فریوی خۆتان
بە موژدەی فریوکارانەتان

به کەسانێک کە درۆ بە سەریاندا زاڵ بووە،
خەڵک فریو دەدەن و
ژیانی کامەران و جاویدانیان لێ دەستێنن.

٦ـ رەنگە بەد ئەندێشان
بە کرداری خۆیان سەرکەون و ناوبانگ دەرکەن،
بەڵام تۆ ئەی ئەهورا مەزدا
کە هەموو شتێکت لەبیرە،
لە ڕەوتی ئەندێشەی پاکدا چاک دەزانی
لەبەر تیرێژی ڕێبەری تۆدایە
کە سەرئەنجام ڕاستی و دادگەری سەردەکەوێ.

٧ـ چونکە سەرکەوتن
بە فشار و بە زۆر بەدەست نایە
وەک چۆن نابێ زاڵبوون بەسەر خەڵکدا
بە زەجر و داخ
بە سەرکەوتن بزانین.
ئەی ئەهورا مەزدا!
تۆ باشتر لە هەر کەسێ
لە کۆتایی وەها نەنگێ ئاگاداری.

٨ـ لەنێو ئەو کەسانەدا
کە بە بەدکاری تاوانبار کران
تەنانەت جەمشیدی ڤیونگهانیش هەبوو

که دەڵێن بۆئەوەی خەڵک شاد بکات
گۆشتی خوارد و
داوای لێکرا وەها ئەزموونێک ئەنجام بدا.
ئەی مەزدا!
من تەنیا داوەریی تۆ قەبووڵ دەکەم.

٩ـ مامۆستای خراپ،
پەیامی ڕاستین چەواشە دەکا و
بە گوتاری خۆی
ئەقڵ و بیری پاک دەشێوێنێ و
شێوازی دروستی ژیان وێران دەکات.
بەمجۆرە،
ئەی مەزدا، ئەی ڕاستی
من بەو پەیڤانەوە کە لە دڵمەوە هەڵدەقوڵن
لە دژی ئەم وتانە دەوەستم.

١٠ـ بۆیە مامۆستایەکی ئاوا،
بە چەواشەکردنی پەیڤی دروست
بیری ڕووناک تاریک دەکا و
خەڵکان بە لاڕێدا دەبا.
ئەو تێڕامان لە زەوی و هەتاو
بە چاوی کراوەوە
بە خراپترین تاوان دەژمێرێ،
گوند و ئاوەدانی کاول دەکا و

هاوکات لەگەڵ بەرەی فریوکاران
لە دژی دروستکاران دەجەنگێ.

١١ـ مامۆستایانی ئاوا دەروون پیس،
کە ژیان کاول دەکەن،
وا دەنوێنن کە مەزن و دروستکارن و
بەمجۆرە سامانی خەڵک تالآن دەکەن.
ئەی مەزدا!
هەر ئەمانەن
کە خەڵکی دروستکار لە باشترین بیر
دوور ڕادەگرن.

١٢ـ ئەم کەسانە
کە بە درۆ و فریو،
خەڵک لە کرداری باشتر دوور دەخەنەوە و
بە وتەی فریوکارانە
ژیانی خەڵک کاول دەکەن و
ڕێبەرانی فریوکاری دیینیی و
ڕێبەرانی سیاسی ئاژاوەگێڕ
هەڵدەخڕێنن،
ئەو کەسانەن کە لەگەڵ هێزی درۆ یەک دەگرن و
تێدەکۆشن کە نەهێڵن ئایینی ڕاستی پەرەبستێنێ.

١٣ـ چونکە لایەنگری درۆ
کە لە بەرەی خراپترین بیردایە،

هێزێک بە ئاوات دەخوازێ، کاولکار بێ.
بەڵام سەرئەنجام کار و کرداری
گیان و ژیانی دەڕزێنێ.
جا ئەی مەزدا!
لەم کاتەدایە،
کە بە گریان و شیوەنەوە داوای پەیامی تۆ دەکا،
پەیامێک کە هێزی ڕاستی سەردەخا و
بەرەی درۆ ڕسوا دەکا.

١٤ـ دەستەی نەیاران،
بە یارمەتی سەردارانی چەشنی دێویان
هێز و ئەقڵی خۆیان وەگەڕ خستووە
تا نەهێڵن پەیامی تۆ پەرەبستێنێ.
ئەوان لە خراپکاران هێز وەردەگرن
تا جیهان کاول بکەن و
خودای هووم[8] یارییان بدات.

١٥ـ بەمجۆرە
پێشەوایانی ئایینی چەواشەکار و
دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆ
کە قەت ژیانی خۆش و ئازاد
بۆ خەڵک بە ڕەوا نابینن

٨ . هووم گیایەکی مەستی‌ـهێنەر بووە کە فریوکاران و دێویەسنان [دێوپەرستان] لە کاتی سوور و سات دا خۆیان پێ مەست کردووە و بێ باکانە گاو گەردوونیان کردووە و خوێنی ئاژەڵانیان ڕشتووە. زەردەشت لە دژی هەموو ئەم کارانەیە. [و. ک]

هەر بە دەستی ئەو خەڵکە دەفەوتێن.
خەڵکانێک کە لەبەر تیشکی
بیری پاکدا
سەرئەنجام خاراو دەبن و
پاشان بە ژیانی جاویدان دەگەن.

١٦ـ بەڕاستی
وانەی دروست و ژیرانەی مامۆستای وشیار
باشترین شتە.
ئەی مەزدا ئەهورا!
تۆ دەتوانی من لە ئازاری دوژمنانم ڕزگار بکەی.
وەک چۆن من تێدەکۆشم
کە پێڕەوانی تۆ
لە ئازاری بەرەی درۆ
ڕزگار بکەم.

## سروودی شەشەم (یەسنا، هاتی ٣٣)

ئەی ئەهورا مەزدا خۆت بە من بنوێنە

١ـ ڕێبەر دەبێ
بەپێی ڕاستی،
کە بناغەی ئایینی هەستی پێکدێنێ،
چ لەگەڵ فریوکار و چ دروستکار،

چ لەگەڵ ئەوانەی کە تێکەڵ بە کرداری چاک و خراپ بوون،
ئێجگار دادگەرانە داوەری بکات.

٢ـ هەر کەس کە
بە بیر و کردار و ڕەفتار
لەگەڵ فریوکاران بجەنگێ،
یان ڕێگای چاک بەوان و بە لایەنگرانیان بنوێنێ
خواستی مەزدا بەجێ دێنێ.

٣ـ ئەی ئەهورا!
کەسێ کە لەگەڵ دروستکاران،
چ خزم، چ هاوڕێ و هاوکار بێ،
بە باشترین شێوە ڕەفتار بکات،
یان کەسێ کە بە کۆششی خۆی کاری جیهان پێش بخات
وەها کەسێک
لە جیهانی ڕاستی و بیری پاکدا جێ دەگرێ.

٤ـ کەوابوو ئەی مەزدا
من کە بەردەوام تۆ ستایش دەکەم،
بەد ئەندێشی و بەدکاری
لە تۆ دوور دەخەمەوە.
لەم ڕێگەدا،
بەدخوویی لە خزمانم،
بەخیلیی و دڵپیسیی لە هاوکارانم،
دزێویی و سەرزەنشت لە هاووڵاتیانم و

دوژمنی و درۆ
لە پانتایی جیهان دەسڕمەوە.

٥ـ ئەی ئەهورا مەزدا!
لەم ڕێگەیەدا
بۆ گەیشتن بە دوا ئامانجم
بۆ گەیشتن بە ژیانێکی جاویدان و
گەیشتن بە هێزی بیری پاک،
لە بانگی دەروونی سرووش کە باڵاترین بانگە
یارمەتی وەردەگرم.
بە ڕێگەی دروست و دڵنیای ڕاستیدا هەنگاو دەنێم و
بە بارەگای فەرمانڕەوایی تۆ دەگەم.

٦ـ ئەوە منم
ستایشگەری پێداگری ڕاستی
کە بە باشترین بیر و
بە خۆشەویستی بێ پایانم بۆ تۆ
بە ویستی تۆ
خەڵک ڕێنوێنی دەکەم و جیهان ئاوەدان دەکەمەوە.
ئەی ئەهورا مەزدا!
دەمەوێ تۆ ببینم و
هاودەنگ و هاوڕازت بم.

٧ـ ئەی مەزدای باشترین!
بەرەو لام بێ و خۆتم پێ بنوێنە،

تا لەبەر تیشکی ڕاستی و بیری پاکدا،
بەدەر لە کۆڕی موغان
قسەکانم بە گوێی خەڵکی دیکەش بگەیەنم.
بەڵکو ئەوەی شیاوی ئێمەیە و
ستایشێک کە شیاوی تۆیە
بە ئاشکرا ببینین.

٨ـ ئەی مەزدا
ئەو ئامانجە کە من دەبێ پێی بگەم
بە منی بناسێنە،
تا لەبەر تیشکی بیری پاکدا،
پێی بگەم و
بە ڕێگەی ڕاستیدا شێلگیرانە
ستایشی شیاوی تۆ بەجێ بێنم.
ئەی مەزدا!
پوختەیی و هەرمان بە من ببەخشە.

٩ـ ئەی مەزدا!
دەزانم کە لەبەر تیشکی بیری پاکدا
دەتوانم بە هێزی مینوویی ئاوەز و ڕۆشنایی دەروونی تۆ
بە دوو پرشنگی هاوڕێ و وزەبەخشی
پوختەیی و هەرمان بگەم و
لە هێزی بێ سنووری ئەوان
بەهرەمەند بم.

١٠ـ ئەی مەزدا
هەموو خێرێکی ژیان،
هەموو شادی و بەختەوەرییەکان
ئەوانە کە بوون و هەن و دەبن،
هەموو لە تۆوە هەوێن دەگرن.
کەوابوو بە بەخشینی بێ سنووری خۆت و
لەبەر تیشکی بیری پاک و ڕاستی و
هێزی خۆئارامی دا،
بە ئێمەی ببەخشە.

١١ـ ئەهورا مەزدا!
تۆ کە تواناترینی
تۆش ئەی ئارامی،
ئەی ڕاستی وزەبەخش،
ئەی بیری پاک، ئەی هێزی خۆئارامی،
گوێ لە من بگرن و
ئەوکاتەش کە زەمەنی پاداش گەیشت
دڵی منیش بە ئەڤیی خۆتان پڕ بکەن.

١٢ـ ئەی مەزدا!
خۆت بە من بنوێنە و
بە هێزی ڕاستی تین و وزەم پێ ببەخشە،
تا لەبەر تیشکی بیری پاکدا،
لە وزە بەخشترین ئاوەز بەهرەمەند بم و
بە هێزی خۆئارامی،

به هێمنی و دڵنیایی بگەم و
ژیانێکی خۆشت بە دیاری لێ وەربگرم.

١٣ـ ئەی ئەهورای جیهانبین!
یارمەتیم بدە تا بە میهرەبانی بێـ سنوورت،
کە لە بیری پاک هەوێن دەگرێ،
بە خۆشبەختی و شادمانی بگەم.
تۆش ئەی ئارامی
لەبەر تیشکی ڕاستیدا،
دەروونی من داگیرسێنە.

١٤ـ ئێستا زەردەشت،
گیان و جەستە و پوختەی باوەڕی خۆی
کە لە بیری پاک پێکهاتووە
پێشکەش بە مەزدا دەکا و
بەمجۆرە کردار و گوتار و باوەڕ و
هەموو هێزی مینوویی خۆی
پێشکەش بە ڕاستی دەکا.

## سروودی حەوتەم (یەسنا، هاتی ٣٤)

لە جێگایەک کە ئەهورا مەزدا هەیە، ئەقڵیش هەیە
١ـ ئەی ئەهورا مەزدا!
بیر و گوتار و کرداری

که لەبەر تیشکی ڕاستیدا
خەڵک بە خاراوی و هەرمان دەگەیەنێ
هەمووی لە سەرەتادا و لە پێناو تۆدا،
پێشکەش بە ژنان و پیاوان دەکەم.

٢ـ کەسێ کە
هەموو بیر و کرداری خۆی
تەنیا لەڕێی تۆدا ئەنجام دەدات،
بەردەوام لەگەڵ ڕاستی وزە بەخشدایە
ئەی مەزدا!
بەڵکو بەم سۆز و ستایشانەم لێت نزیک ببمەوە.

٣ـ ئەی ئەهورا مەزدا!
ئەوەی شیاوی تۆیە و لە ڕێگەی ڕاستیدایە
بە ستایش و سۆزەوە پێشکەشت دەکەم.
بەڵکو هەموو ژنان و پیاوان،
لەبەر تیشکی بیری پاکدا و
بە هەرەنگی خۆئارامی بە پوختەیی بگەن.
ئەی مەزدا!
ئەوەی هوشیار و دەروون پاک بێت
بەردەوام هێزی مینوویی تۆی پێدەگات.

٤ـ کەوابوو،
ئێمە لەبەر تیشکی ڕاستیدا
گزنگی بەهێزی تۆمان دەوێ

ئەو گزنگە بەهێزە
کە بەردەوام پێڕەوانی ڕاستی ڕێنوێنی دەکا و
بە وزە و باوەڕی قووڵ
لە ئازار و دوژمنی بەدکاران دەیانپارێزێ.

٥ـ ئەی مەزدا!
ئایا ڕۆژێک دێ کە
هاوکات لەگەڵ ڕاستی و بیری پاکدا،
بە شێوەی شیاو
یارمەتی ڕێڕەوانی ڕێگات بدەم و
بە هەوڵ و تێکۆشان لەپێناو تۆدا
پێت بگەم؟
من تۆ لە هەموان بە مەزنتر دەزانم و
لە خودایانی درۆیین و
خراپکارانی فریوکار بێزارم.

٦ـ ئەی مەزدا،
ئەی ڕاستی
ئەی بیری پاک
ئەگەر من تۆم وەکو خۆت ناسیوە،
کەوابوو لە هەوراز و نشێوەکانی ژیاندا
ڕێنوێنیم بکە
تا بە دەنگی بەرز
سروودی سۆز و ستایشی تۆ بچریکێنم و
بەرەو لات بێم.

٧ـ      ئەی مەزدا
کوا لە کوێن دڵ دۆڕاوانی شەیدای تۆ
ئەوانەی کە بە بیری پاک،
ئایینی بەنرخ و هێژای تۆ دەناسن و
چ لە ڕەنج و چ لە خۆشیدا بەکاری دێنن؟
ئەی ئەهورا مەزدا!
تۆ تەنیا یار و ئاشنای منی،
کەوابوو لەبەر تیشکی ڕاستیدا
یار و یاوەرم بە.

٨ـ      ئەی مەزدا
خەڵکانی فریوکار کە بە زەخت و ستەم
ئێمە ئازار دەدەن،
چاک دەزانن کە چەندە لاوازن.
ئاخر ئەوان تەنیا نەهاتی وماڵوێرانی بۆ خەڵک دێنن،
هەر بەم هۆیە
لە بیری پاک سڵ دەکەن و
لەگەڵ ئایینی تۆ دژایەتی دەکەن.

٩ـ      ئەی مەزدا
ئەو کەسانە کە بە کرداری چەوت و
بە دوورە پەرێزی لە بیری پاک
ئارامی وزەبەخش ئەدۆڕێنن،
بەهەمان ڕادە لە ڕاستی دوورن

که خەڵکانی گێلی سەرلێشێواو لە ئێمە دوورن.

١٠ـ زانا دەڵێ:

بەپێی بیری پاک کار بکەن و
ئایینی ڕاستی کە لەسەر بناغەی ئارامیی پێکهاتووە
بپارێزن و باش بزانن
لە شوێنێک کە پرشنگی ئەهورا مەزدا تیشک دەهاوێ
ئاوەزیش دەردەکەوێ.

١١ـ ئەی مەزدا

دوو گزنگی پوختەیی و هەرمان
کە تۆ بە خەڵکت بەخشیوە
پێڕەوانت بە ڕووناکی دەگەیەنێ
لەم ڕێگەیەدا،
بیری پاک و ڕاستی و ئارامی
وزە و خۆڕاگرییان پێدەبەخشن و
هێزی خۆئارامی گوڕ و تینیان بۆ دەهێنێ.
بە هێزێکی ئاوەوە کە لە تۆ سەرچاوە دەگرێ
ئێمە بەسەر دوژمناندا زاڵ دەبین.

١٢ـ ئەی مەزدا

تۆ چیت دەوێ؟
کام سۆز و ستایش شیاوی تۆیە؟
پێمان بڵێ
تا سزا و پاداشتەکانت بناسین و
لەبەر تیشکی ڕاستیدا

خۆمان بناسین و دڵ و دەروونمان پاکژ بکەین.

١٣ـ ئەی ئەهورا مەزدا
ئەم ڕێگایە کە بە منت نواندووە
هەر هەمان ڕێگای بیری پاک و
هەمان وانەی سوشیانی ڕزگاری بەخشە.
هەر ئەو شتەیە
کە ئەگەر هەر کردارێک پاک بێت،
لەبەر تیشکی ڕاستیدا بە بەختەوەری دەگات.
تۆ ئەم پاداشتە بە زانایان دەبەخشی.

١٤ـ ئەی ئەهورا
بێگومان کەسانێک لە پاداشتی تۆ بەهرەمەند دەبن
کە لەم ژیانەدا،
بە بیری پاک و بە زانایی
لە پێناو ئاوەدانی و گەشە و
پێشکەوتنی زەمینی بەسەمەردا تێبکۆشن و
لەبەر تیشکی ڕاستیدا،
پەرە بە ئایینی پاکت بدەن.

١٥ـ ئەی ئەهورا مەزدا!
من بە یارمەتی ڕاستی و بیری پاک
سەرئەنجام تۆ دەناسم و
جوانترین گوتار و باشترین کردارت
لێ فێر دەبم و

لەم ڕێگایەدا
بە هۆی ئەقڵ و لەبەر تیشکی ڕاستیدا،
نیگا و بیری خۆم لەمەڕ ژیان
تازە و نوێژەن دەکەمەوە.

## سروودی هەشتەم (یەسنا، هاتی ٤٣)

کەسێک دەتوانێ بەختەوەر بێ
کە بەختەوەریی بە خەڵک ببەخشێ.

١ـ ئەهورای مەزن
بەجۆرێک ئایینی هەستیی داڕشتووە
کە مرۆڤێ دەتوانێ بەختەوەر بێ
کە بەختەوەری بە خەڵکی تر ببەخشێ.
کەوابوو ئەی ڕاستی!
بۆ پەرەپێدان بە وەها ئایینێکی جاویدان،
بە من بدە هەرەنگی جەستە و گیان
تا لەبەر تیریژی ئارامییدا
بناغەی ژیانێکی بەختەوەر دابڕێژم.

٢ـ ئاخر تەنیا کەسێک بە باشترین ژیان دەگات
کە بەرەو ڕووناکی بڕوا و
ژیانی خەڵک ڕووناک بکاتەوە.

کەوابوو ئەی ئەهورا مەزدا!
بە ئاوەزی بێ سنووری خۆت،
لەبەر تیشکی ڕاستیدا،
زانستێک بە من ببەخشە
کە بەرهەمی بیری پاک بێت،
تا ژیانمان جاویدان بێ و
هەموو ڕۆژێکی پڕ لە شادی و کامەرانی بێت.

١٥ـ کەوابوو بەڕاستی
کەسێک بە باشترین خێر دەگات،
کە لە ژیانی مادیی و مینووییدا،
ڕێگەی ڕاستینی خۆشبەختی بە خەڵک بنوێنێ،
ڕێگەیەک کە خەڵک بە بارەگای ئەهورا مەزدا بگەیەنێ.
چونکە لە ڕێگای خاراوبوون دا
ئەویش وەک تۆ ئەی مەزدا
ئازاد و زانا و هەراو دەبێت.

١٦ـ ئەی مەزدا
کاتێ کە تۆم ئاوا توانا و هەراو ناسی
کە زانیم،
تۆ بەهێزی خۆتەوە بەردەوام لەگەڵ ئێمەدای و
هەردەم یار و هاوڕێمانی و
بە تیرێژی خۆت
کە لە ڕاستی هەوێن دەگرێ،
دڵگەرمیمان پێدەبەخشی و
لە بیری پاک

وزەمان بۆ دێنی،
ئەوجار زانیم
ئەوە تۆی کە فریوکاران و دروستکاران
بە سزا و پاداشت دەگەیەنی.

١٧ـ ئەی ئەهورا مەزدا!
کاتێ کە تۆی هەراوم ناسی و
تۆم لە سەرەتای ژیاندا بینی
تێگەیشتم
کە تۆ بۆ هەر گوتار و کردارێک
پاداشتێکت داناوە
خراپە بۆ خراپکاران و چاکە بۆ چاکەکاران
هەروەها ئەم ئایینە،
لەبەر تیشکی ئاوەدانیی و هزری تۆدا
تا کۆتایی بەدیهێنان و سەرئەنجامی ژیان
دەمێنێتەوە.

١٨ـ ئەی مەزدا!
لەو شوێنەی کە ئاوەزی وزەبەخشی تۆ لەنگەر بگرێ،
هێزی هێمنی و خۆئارامی
جیهان بەرەو ڕاستی دەئاژوێنێ و
بیری پاک
ئایینی ئەقڵ بە خەڵکانی جیهان فێر دەکات
کە ئیتر درۆ و فریو بەدی ناکرێ.

١٩ـ ئەی ئەهورا مەزدا!
کاتێ کە تۆم وەک هێزێکی بەدیهێنەر و بەرەو پێشبەر ناسی
کە بیری پاک بە سەرمدا باری و پرسی:
"تۆ کێی، ڕۆڵەی کێی"؟
لە ئاست سەرلێشێواوی ژیان و
لەمەڕ خۆت و جیهان
چ ڕێگایەکت بەدی کردووە؟
٢٠ـ سەرەتا پێم وت: "من زەردەشتم"
یاوەری بەهێزی دروستکاران و
دوژمنی سەرسەختی فریوکاران،
تا کاتێ کە خەڵکی جیهان
بە شەپۆلانی پرشنگی تۆ نەگەن
من
بە هەموو هێز و تینمەوە
ستایشت دەکەم.

٢١ـ ئەی ئەهورا مەزدا!
کاتێ کە تۆم وەک هێزێکی هەراوی بەرەو پێشبەر ناسی
بیری پاک ڕووی تێکردم و وتی:
"تۆ ستایشی کێ دەکەی"؟
گوتم من ستایشی ڕاستی دەکەم و
تا وزە و تینم تیا بێ
بە دوای ڕاستیدا دەگەڕێم.

٢٢ـ کەوابوو ئەی مەزدا

ڕێگای ڕاستی بە منی شەیدا بنوێنە و
بە ئارامیی و دڵنیاییم بگەیەنە.
لێم بپرسە کە چیم دەوێ و
تاقیم کەوە
چونکە پرس و ئەزمونی تۆ
هێز و زاناییم پێ دەبەخشێ.

٢٣ـ ئەی مەزدا!
کاتێ کە بیری پاک ڕووی تێکردم
تۆم وەک هێزێکی هەراو و بەدیهێنەر ناسی،
ئەوجار لە وتەکانت فێر بووم و تێگەیشتم
کە پەرەدان بە ئایینی تۆ لەنێو خەڵکدا دژوارە.
بەڵام من ئەوەی لای تۆ باشترینە
بە ئەنجام دەگەیەنم.

٢٤ـ ئەوجار بە منت وت:
کە خەڵک فێری ئایینی ڕاستی بکەم و
لەئاست یاخییان نائۆمێد نەبم و
تێبکۆشم کە بانگی ڕزگاری سرووش
لە دەروونم دا ببیستم و
لەبەر تیشکی ڕووناکی ئەودا تێبگەم
کە بە هەردوو دەستەی پاک و ناپاکان
پاداشت و سزای شیاو دەدرێ.

٢٥ـ ئەی مەزدا!
کاتێ تۆم وەک هێزێکی بەدیهێنەر و بەرەو پێشبەر ناسی،

بیری پاک ڕووی تێکردم و
پرسیی: "ئارەزووت چییە"؟
من پێم وت: ژیانێکی بەردەوام،
تا بتوانم دژ بە فریوکاران بوەستم و
بەسەریاندا زاڵ بم.

٢٦ـ ئەی مەزدا!
وەک چۆن یارێک
بە یاری خۆی شادمانی دەبەخشێ،
تۆش بە ئاوەزی بەهێزت
لەبەر تیشکی ڕاستیدا
شادمانی بە پێڕەوانی من ببەخشە.
بەهۆی وەها ئەڤینێکی وزە بەخش
من هەڵدەستم و دەبمە پشتیوانی ئەوانەی
کە پەرە بە پەیڤی پڕ ئەندێشت دەدەن.

٢٧ـ ئەی ئەهورا مەزدا!
کاتێ کە تۆم وەک هێزێکی بەدیهێنەر و بەرەو پێشبەر ناسی
بیری پاک ڕووی تێکردم و
فێری کردم کە باشترین ڕێگەی پێشکەوتن،
بیرکردنەوە لە ئارامیدایە.
بەمجۆرە فێر بووم
کە قەت پێشوازیی فریوکاران نەکەم
چونکە ئەوان نەیاری دروستکارانن.

٢٨ـ کەوابوو ئەی ئەهورا
زەردەشت، ڕێگەی بیری تۆ دەگرێ
کە وزە بەخشترین و پێشڕەوترین هێزە.
بەڵکو لەبەر تیشکی ڕاستی و
ئەو ئاکارەی کە لە بیری پاک هەوێن دەگرێ
ژیانی مادی و مینوویی ئێمە بەتین ببێ و
تیرێژی ئارامی لە دەروونماندا دابگیرسێ و
بە ئاکامێکی باشمان بگەیەنێ.

## سروودی نۆهەم (یەسنا، هاتی ٤٤)

وەڵامی پرسیارەکانم بدەوە و پێم بڵێ چۆن و بۆچی؟

١ـ دە پێم بڵێ، ئەی ئەهورا مەزدا
تا بە باشی تێبگەم
کە چۆن ڕێڕەوانت ڕێگای تۆ دەناسن و
کەنگێ خۆشەویستیی وەک منیان فێر دەکەی؟
دیسانیش لێت دەپرسم،
کەنگێ لەبەر تیشکی ڕاستیدا یارمەتیم دەدەی
تا بەردەوام هاودەم و هاوژینی بیری پاک بم؟

٢ـ دە پێم بڵێ، ئەی ئەهورا مەزدا

تا بە باشی تێبگەم
سەرچاوەی ژیانێکی بەختەوەر لە کوێدایە و
چییە پاداشتی ئەو کەسەی
کە بە دوای ژیانێکی وادا دەگەڕێ؟
یان ئەو کەسەی کە هەڵبژاردەی هەمووانە
چۆن لەبەر تیشکی ڕاستیدا کێشەکان چارەسەر دەکا و
بیر و ئەندێشەی بەرەو پێشبەر دەپارێزێ؟

٣ـ دە پێم بڵێ، ئەی ئەهورا مەزدا
تا بە باشی تێبگەم
کێ بوو لە سەرەتادا ڕاستیی ئافراند و
هەتاو و ئەستێرەکانی وەگەڕ خست و
مانگی هەندێ جار کز و هەندێ جار تەواو کرد؟
ئەی مەزدا!
من دەمەوێ هەموو شتێ بزانم.

٤ـ دە پێم بڵێ، ئەی ئەهورا مەزدا
تا بە باشی تێبگەم
کێیە ئەو کەسەی
کە زەمینی لە ژێرەوە و
ئاسمانی بەرینی لەسەرەوە ڕاگرتووە،
کێیە ئەو کەسەی کە ئاو و گیای ئافراندووە و
خێرایی بە با و هەوری تاریک بەخشیوە؟
کێیە ئەو کەسەی
کە بیری پاکی ئافراندووە؟

٥ـ دە پێم بڵێ، ئەی ئەهورا مەزدا
تا بە باشی تێبگەم
کام هونەرمەند ڕۆشنایی و تاریکیی ئافراند و
خەو و بێداریی بەدیهێنا؟
کێیە ئەو کەسەی
کە لە نەبوون کازیوە و نیوەڕۆ و شەوی خولقاند
تا لەبەر تیشکی ئاوەزدا خەڵک بەرەو تێکۆشان بانگ بکات؟

٦ـ دە پێم بڵێ، ئەی ئەهورا مەزدا
تا بە باشی تێبگەم
ئایا ئەو شتە کە دەیڵێم و
فێر دەبم و خەڵک فێر دەکەم
ڕاست و دروستە؟
ئایا ئارامی لەبەر تیشکی بیری پاکدا
لە جیهاندا
پەرە بە ڕاستی دەدا و
لە دەروونی خەڵکدا
هێزی خۆئارامی پتر دەکا؟
ئەی مەزدا دە پێم بڵێ
جیهانێکی وا پڕ سەمەر و شادی بەخشت
بۆ کێ ئافراندووە؟

٧ـ دە پێم بڵێ، ئەی ئەهورا مەزدا
بە جۆرێک تا بە باشی تێبگەم.

کێ هاوکات لەگەڵ هێمنی
هێزی خۆئارامیی بەدیهێنا و
کێ بەپێی ئەقڵ
تانوپۆی خۆشەویستی لەنێوان دایک و باب و منداڵاندا پێکهێنا؟
ئەی مەزدا!
من تێدەکۆشم بەم پرسانە
لەبەر تیشکی ئاوەزی ڕۆشندا
تۆی بەدیهێنەری هەستی بناسم.

٨ـ ئەی ئەهورا مەزدا!
بە من بڵێ، وەک دوو هاوڕێ
من کە بیر لە وانەکانت دەکەمەوە
بە بیری پاک لێت دەپرسم،
کە چۆن لەبەر تیشکی ڕاستیدا
بە پوختەیی ژیان دەگەم و
بە دڵ و دەروون شاد دەبم؟

٩ـ ئەی ئەهورا مەزدا، دە پێم بڵێ
بەجۆرێک کە بە باشی تێبگەم.
کە چۆن دەروونی خۆم
بە تیشکی ئارامی دابگیرسێنم و؟
بە زانستێک کە لە تۆ فێر دەبم
چۆن هاوکات لەگەڵ هێزی خۆئارامی و
هاوڕێ لەگەڵ ڕاستی و بیری پاک

به بارەگای تۆ بگەم؟

١٠ـ ئەی ئەهورا مەزدا، دە پێم بڵێ
بەجۆرێک کە بە باشی تێبگەم.
باشترین ئایین بۆ خەڵکی جیهان کامەیە و
کام ئایین لەگەڵ ڕاستیدا
جیهان بەرەو پێش دەبا و
لەبەر تیشکی ڕاستیدا
ژیانمان بەرەو ئارامی دەبات.

١١ـ ئەی ئەهورا مەزدا، دە پێم بڵێ
بە جۆرێک کە بە باشی تێبگەم.
چۆن ئارامی بەو کەسانە دەگات
کە فێری ئایینی تۆ بوون؟
بۆ گەیشتن بەم ئامانجەیە
کە تۆم بە بەرزترین زانیوە و
خودایانی درۆیینم فڕێ داوە.

١٢ـ ئەی ئەهورا مەزدا، دە پێم بڵێ
بە جۆرێک کە بە باشی تێبگەم.
ئەو کەسانە کە لەگەڵمدان
یان دەبنە هاوڕێی داهاتووم
کامیان دروستکار و کامیان فریوکارن؟
من ڕوو لە کام کەس بکەم
ئەوەی کە خراپەی دیوە،

یان ئەوەی کە بەرەو خراپە ڕۆییوە؟
چۆن کەسێکی فریوکار
کە لە ئاست ئەو شتانەی کە بەمنت بەخشیوە
لە دژم دەوەستێ،
بە خراپ نەزانم؟

١٣ـ ئەی ئەهورا مەزدا، دە پێم بڵێ
بەجۆرێک کە بە باشی تێبگەم.
چۆن خۆم لە درۆ دوور بگرم و
هەروەها لەو کەسانەش
کە ڕێگەی درۆیان هەڵبژاردووە و
لە ڕێی ڕاستی لایان داوە و
گوێ بە بیری پاک نادەن؟

١٤ـ ئەی ئەهورا مەزدا، دە پێم بڵێ
بەجۆرێک کە بە باشی تێبگەم.
ئایا دەتوانم ڕاستی لەگەڵ درۆ ئاشنا بکەم
تاکو ڕاستی
بە پەیامی پڕ مانای تۆ، درۆ پاک بکاتەوە؟
ئایا بەم چەشنە دەتوانم
فریوی فریوکاران تێک بشکێنم و
بیفەوتێنم؟

١٥ـ ئەی ئەهورا مەزدا، دە پێم بڵێ
بە جۆرێک کە بە باشی تێبگەم.

تۆ کە دەتوانی لەبەر تیشکی ڕاستیدا
دروستکاران داڵدە بدەی،
کاتێ کە دوو سوپای ڕاستی و درۆ
هێرش بۆ یەکتری دەبەن
تۆ بەپێی ئایینی خۆت
لە کوێدا و کام یەک لەم دوو هێزە سەر دەخەی؟

١٦ـ ئەی ئەهورا مەزدا، دە پێم بڵێ
بەجۆرێک کە بە باشی تێبگەم.
کێیە ئەو کەسە کە لەبەر تیشکی
دەرسەکانی تۆدا
سەردەکەوێ و
خەڵکی دەپارێزێ؟
ئەو ڕێبەرە ڕزگاریدەرە بە من بنوێنە و
سرووشی بیری پاک
بەو کەسانە ببەخشە
کە بە شیاویان دەزانی.

١٧ـ ئەی ئەهورا مەزدا، دە پێم بڵێ
بەجۆرێک کە بە باشی تێبگەم.
چۆن بە ڕێنوێنی تۆ
بە ئاواتی خۆم کە گەیشتن بە تۆیە دەگەم؟
چۆن پەیڤی خۆم کە لە هەناوی ڕاستییەوە دێ
بە دڵی خەڵک بناسێنم و
ئەوان بەرەو پوختەیی و هەرمان ببەم؟

١٨ـ ئەی ئەهورا مەزدا، دە پێم بڵێ
بەجۆرێک کە بە باشی تێبگەم.
چۆن لەبەر تیشکی ڕاستیدا
دە هێزی دەروونی و بیرووونی من
بەهێز و فرە و پرشنگدار دەبن؟
دەمەوێ لەڕێی ئەوانەوە
پوختەیی و تا هەتایی بناسم و
هەر دوویان بە خەڵکی جیهان ببەخشم.

١٩ـ ئەی ئەهورا مەزدا،
دە پێم بڵێ و تێم گەیەنە
کاتێ کە مرۆڤێکی هەژار
یارمەتی لە کەسێکی ساماندار دەوێ و
کابرا بە ساردی وەڵامی دەداتەوە،
سزای ئەم کارە چییە؟
گەرچی من ئاکامی ئەم کارە دەزانم.

٢٠ـ ئەی مەزدا
ئەمەشم پێ بڵێ
چۆن فریوکاران دەتوانن
ڕێبەرانێکی باش بن؟
چ ئەوانەی کە بە یارمەتی پێشەوایانی ئایین و
پێڕەوانی خودایانی درۆیین
جیهان بەرەو ستەم و ژان و ئازار دەبەن،
چ ئەوانە کە قەت تێ نەکۆشاون

تا لەبەر تیشکی ڕاستیدا
جیهان ئاوەدان بکەنەوە و
بەرەو پێشی ببەن.

## سروودی دەهەم (یەسنا ، هاتی ٤٤)

دوو شێوە ژیان و بیرکردنەوە

١ـ ئێستا دێمە پەیڤین،
بۆ ئێوە کە دەتانەوێ ببیستن،
بۆ ئێوە کە لە دوور و نزیکەوە هاتوون،
کەوابوو باش گوێ بگرن و ببیستن و
ئەم پەیڤانە باش فێر ببن
تا شەیدای خراپ ژیانتان کاول نەکا و
درۆزن، بە وتەی فریوکارانەی
سەرتان لێ نەشێوێنێ.

٢ـ ئێستا دێمە پەیڤین
لەمەڕ دوو شێوازی بیرکردنەوە.
شێوازێکی لەمپەر و شێوازێکی بەرەو پێشبەر.
لە سەرەتادا، یەکێ لەم دووانە
بیری ڕوون، بە بیری تاریکی وت:
نە ئایین و نە ئاوز، نە باوەڕ و نە گوتار،
نە ویژدان و نە کردار،

نه دەروونی ئێمە
پێکەوە کۆک نین.

٣ـ ئێستا دەپەیڤم و
باسی باشترین ئایینی ژیان دەکەم،
ئایینێک کە بە بیرکردنەوە لە مەزدا ئەهورای ئاوەزبەخش
وەرم گرتووە
ئەگەر بەشێک لە ئێوە
پەیامێکی ئاوا بیرـ بزوێن ببیستێ و بەکاری نەهێنێ
ژیانی بە داخ و حەسرەت بەسەر دەچێ.

٤ـ ئێستا دەپەیڤم و
باسی باشترین شێوازی ژیان دەکەم،
شێوازێک کە لەبەر تیشکی ڕاستیدا وەرم گرتووە و
مەزدا بە خەڵکی بەخشیوە،
مەزدا سەرچاوەی بیری پاکە
هزری پاکی بۆ کار و تێکۆشان ئافراندووە،
مەزدا سەرچاوەی ئارامییە،
ئارامیی بۆ دروستکاری ئافراندووە.
مەزدا هەموو شتێک دەزانێ و
کەس ناتوانێ فریوی بدات.

٥ـ ئێستا دەپەیڤم و
باسی وزە بەخشترین و هەراوترین پەیامی ئەهورا مەزدا دەکەم
کە بە منی وت

پەیڤێک کە بیستنی بۆ خەڵک باشترینە،
کەسانێک کە دەرسەکانی من ببیستن و
ڕێزی لێ بگرن،
بە پوختەیی و هەرمان دەگەن و
ئەگەر کار و کرداریان لەگەڵ بیری پاک ڕێک بخەن
بە مەزدا ئەهورا دەگەن.

٦ـ ئێستا دەپەیڤم و
باسی مەزنترین و بڵندترین دەکەم.
ئەو کەسەی کە من لەبەر تیشکی ڕاستیدا دەیپەرستم،
ئەو کەسە کە خەڵکی خۆش دەوێ.
بەڵکو ئەهورا مەزدا
بە ئەقڵی وزەبەخش و بەرەو پێشبەری خۆی ببیستێ
کە ئێمە بە بیری پاک
ستایشی دەکەین
بەڵکو بە ئاوەزی خۆی
باشترینمان فێر بکات.

٧ـ ئەهورا مەزدا بەدیهێنەرێکی وەهایە کە خەڵک
چ بەرەی پێشوو، چ ئێستا و چ داهاتوو
لەودا بە ڕزگاری دەگەن،
ئێوەش باش بزانن
کە دەروونی دروستکار
بەردەوام بەهێز و سەرکەوتوو دەبێت
دەروونی فریوکار

بەردەوام لە ڕەنج و ئازارا دەژێت،
مەزدا ئەهورا
بناغەی هەستی
لەسەر ئایینێکی وا دارِشتووە.

٨ـ بە سۆز و ستایشەوە
ڕوو لە مەزدا ئەهورا دەکەم و
بە چاوی دڵ بۆی دەڕوانم و
بە بیر و گوتار و کرداری پاک،
لەبەر تیشکی ڕاستیدا،
بە هەستی بەخش و سەرچاوەی ئاوەزی دەناسم
بەمجۆرە سۆز و ستایشم
بە وی
بە بارەگای سروودی وی پێشکەش دەکەم.

٩ـ ئەی مەزدا ئەهورا!
بە بیری پاک ستایشت دەکەم
ئەوە تۆی کە بە خواستی خۆت
هێزی شادبوون و ئازار چێژانت
بە هەموان بەخشیوە.
ئەی مەزدا ئەهورا
هیوادارین
بە سۆزی بێ سنووری خۆت
وزەیەکمان پێ ببەخشی
کە لەبەر تیشکی ڕاستی و بیری پاکدا

مرۆڤ و گیا و ئاژەڵ
بە خۆشبەختی بپشکوێنین.

١٠ـ ئەی ئەهورا مەزدا
لە ئارامی دەروونی خۆمدا
بە گەورەیی ستایشت دەکەم.
ئەوە تۆی کە لەبەر تیشکی راستی و بیری پاکدا
لە ژێر سێبەری شالیاریی خۆتدا
موژدەی پوختەیی و هەرمان بە خەڵک دەدەیت و
هێز و تەندروستییان پێ دەبەخشیت.

١١ـ مەزدا ئەهورا
ڕێگەی مرۆڤێ کە لە دژی فریوکاران دەجەنگێ
لەو مرۆڤەی کە لە دژی ئایینی وی بوەستێ
جیا کردۆتەوە،
مەزدا ئەهورا کەسێکی خۆش دەوێ و
ڕێزی دەگرێ
کە بە بیری پاک یادی بکا و
سۆشیانی ڕزگاری بەخش و یاوەری ئایین یارمەتی بدات.

## سروودی یازدەهەم (یەسنا، هاتی ٤٦)

نائومێدی، خۆڕاگریی و سەرکەوتن
١ـ ڕوو لە کام وڵات کەم

له کوێدا خۆم پەنا بەم؟
خزمانم دەریان کردووم
هەڤالانم ڕووم لێم لالووتن.
هەواکاران و ڕێبەرانی وڵاتیش
پێڕەوی درۆن،
بۆیە لێیان دڵگرانم.
کەوابوو ئەی ئەهورا مەزدا،
لەم دۆخە هەرە دژوارەدا
چۆن دەتوانم تۆ شاد بکەم؟

٢ـ ئەی مەزدا!
من دەزانم کە بێ هێزم،
سامانم کەم و
یارانم تاک و تەران.
کەوابوو ڕوو لە تۆ دەکەم،
باش بمبینە و
سۆزێکم پێ ببەخشە
کە دڵدارێک بە خۆشەویستەکەی دەبەخشێ
ئەندێشەی پاکم پێ ببەخشە.

٣ـ ئەی مەزدا!
کەنگێ کازیوەی خۆشبەختی هەڵدێ؟
ئەو ڕۆژە کە ڕاستی لە جیهادا تیشک بهاوێ.
کەنگێ یارانی ئازادی بەخش،
سۆشیانانی پێشەنگ و ڕێنوێن و بەئاوەز دەگەن؟

ئەی هزری پاک ڕوو لە کام کەس دەکات؟
ئەی ئەهورا!
تەنیا بیر و ئایینی تۆ وەردەگرم.
٤ـ ئێمە بە هەموو وزە و تینەوە
بە دڵ و گیان
لە دژی پیڕەوانی درۆ
کە بەردەوام تێدەکۆشن
تا پێش بە گەشەی دروستکاران بگرن و
نەهێڵن وڵات بەرەو ئاوەدانی بڕوات،
دەوەستین.
ئەی مەزدا! سوور دەزانم
ئەم کردارەم تۆ شاد دەکات.

٥ـ ئەی ئەهورا مەزدا!
ئەگەر کەسێکی دروستکار
بەپێی ئایینی ڕاستی، یان خۆشەویستی
بە گەرمی وەڵامی داوای یارمەتی فریوکارێک بداتەوە و
ڕێگەی ڕاستی پێ بنوێنێ،
تا خۆی بناسێ،
دەبێ هاوڕێکانیشی هوشیار بکاتەوە
تا ئەوانیش وەها کەسێک لە ئازاری بەدئەندێشان بپارێزن و
یاوەری بن.

٦ـ بەڵام ئەگەر کەسێکی ئاوا دروستکار،
وەڵامی کابرای فریوکاری هەژار نەداتەوە

ئەم جار خۆی دەکەوێتە داوی فریوکار و
ئەو بەسەر ئەمدا زاڵ دەبێ.
بەمجۆرە، بەپێی ئایینی ڕێبەرمان،
کەسێ کە خراپکار بە سەرکەوتن بگەیەنێ
خۆی خراپکارە و
ئەو کەسەش کە ڕێگەی ڕاستی بە کەسێک بنوێنێ
خۆی دروستکارە.

٧ـ ئەی مەزدا!
کاتێ فریوکار تێدەکۆشێ من فریو بدات.
بێجگە لە ئاگری دەروونم کە بەرەو تۆ بڵێسە دەستێنێ و
مەلی بیرم کە بەرەو تۆ هەڵدەفڕێ،
کێ دەتوانێ یارمەتیم بدات؟
ئەی ئەهورا
ئێمە بە ناسینی ئایینی ڕاستی
لە ئاوەزی زوڵاڵی تۆ بەهرەمەند دەبین و
هێز و وزەمان پێدەگات.

٨ـ ئەی مەزدا!
کەسێ کە دەیەوێ بە کرداری خۆی
خەڵکی تر ئازار بدات
بەم کارە ناتوانێ ئازاریان پێ بگەیەنێ
بۆیە کرداری نەیارانەی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە و
نایەڵێ بە ژیانێکی بەختەوەر بگا و
تووشی پەستی و بەدبەختی دەکات.

٩ـ کوا ئەو مرۆڤە زانایە
کە لەبەر تیشکی بیری پاکدا
من فێر بکات
باشترین سۆز و ستایش
کە شیاوی تۆیە
پێشکەشت کەم؟
تۆ کە سەروەر و داوەری کرداری مرۆڤەکانی
دە پێم بڵێ چۆن دەتوانم
لە ئایینی ڕاستی و لە پەیامی تۆ
تێبگەم؟

١٠ـ ئەی ئەهورا مەزدا!
ئەگەر کەسێک، چ ژن چ پیاو،
لە ژینی دا
بە خواستی تۆ ڕەفتار بکا،
تۆش هێزی بیری پاک و
پاداشتی ڕاستی پێ ببەخشە
من ئەم کەسە بەرەو تۆ ڕێنوێنی دەکەم و
لە پردی داوەریدا بەڕێی دەکەم.

١١ـ پێشەوایانی ئایینی و دەسەڵاتداران
کە لەگەڵ یەک ڕێک کەوتوون و
تێدەکۆشن بە زەخت و فریو
دەسەڵاتی خۆیان بەسەر خەڵکدا بسەپێنن و
ژیانی وان کاول بکەن،

کاتێ کە بە پردی داوەری دەگەن،
ویژدانیان لە دژیان دەوەستێ
لە یانەی فریودا شەرمەزاریان دەکا.

١٢ـ کاتێ
ڕۆڵە نەبەزەکانی فریانی تورانی
ڕوویان لە ڕاستی کرد و
بە خۆڕاگری دەروونی و کۆششی بێرورونی،
تێکۆشان کە جیهان بەرەو پێشکەوتن و ئاوەدانی ببەن،
ئەوجار ئەهورا مەزدا،
لەبەر تیشکی بیری پاکدا،
ئەوانی یەک خست و خۆشبەختی و دروستکاری
پێ نواندن.

١٣ـ ئەگەر کەسێک
یارمەتی زەردەشتی سپیتمان بدات
تاکو بە ئامانج بگات،
هەموان بە مرۆڤێکی دروستکاری دەزانن و
ئەهورا مەزداش
باشترین ژیانی پێ دەبەخشێ و
لەبەر تیشکی ڕاستی و بیری پاکدا
کە بناغەی ئایینی ئەهورایە،
سۆز و خۆشەویستی خۆی دەداتێ.

١٤ـ ئەی زەردەشت،

هاوڕێی دروستکارت کێیە؟
کێ دەیەوێ "ئەنجومەنی موغان" سەرفراز بێ و
بەرەو پێشکەوتن بچێ؟
بەڕاستی ئەم کەسە کەی ڤێشتاسپی دلێرە.
ئەی مەزدا
من بە پەیڤەکانم
کە لە بیری پاک هەوێن دەگرن
خەڵک بانگ دەکەم
بۆ باغستانی تۆ.

١٥ـ ئەی ڕۆڵەکانی هیچتەسپ و سپیتمان[٩]،
ئێستا شتێکتان فێر دەکەم
کە بۆ ئێوە باشترینە.
بۆ ناسینی چاک لە خراپ، تەنیا یەک ڕێگا هەیە
ئەویش بریتییە لە هاودەنگی لەگەڵ ڕاستی.
چونکە ڕاستی ئایینێکی جاویدانە
کە هەموان بە ئەهورا دەگەیەنێ.

١٦ـ ئەی فرەشوستەر[١٠]ی هڤەگڤا
لەگەڵ یارانت بڕۆ بۆ ئەوێ
کە هەردوومان دەمانەوێ
ئەوێیەک کە پرشنگی خۆشبەختی تیشک بهاوێ

٩. هیچتەسپ و سپیتمان دوو ماڵباتن لە هۆزی زەردەشت.

١٠. فرەشوستەر و جاماسپی برای کە لە بەندی دواتردا دێ، هەر دوو لە ماڵباتی هڤەگڤا و هەر دوو وەزیری کەی ڤێشتاسپ بوون.

شوێنێک کە ئارامی لەگەڵ ڕاستی یەک بگرێ
جێگایەک کە بیری پاک سەروەر بێ
دەڤەرێک کە شکۆی ئەهورا مەزدا ورشەی دێ.

١٧ـ ئەی جاماسبی هڤەگڤا،
ئەی زانا،
من ئێستا بە زمانی سروود،
نەک بە زمانی لاڵ
فێرت دەکەم،
تا لە دڵەوە فێر ببی و ڕێزی بگری
هەر کەس چاک لە خراپ جیا بکاتەوە
ئەهورا مەزدا، لەبەر تیشکی ڕاستیدا
بەهێزی خۆی دەیپارێزێ.

١٨ـ کەسێ کە بە من پەیوەست بێ
سۆزی ئەڤینی پێ دەبەخشم و
لەبەر تیشکی بیری پاکدا
موژدەی باشترینی بۆ دێنم
بەڵام ئەوەی لەگەڵم بجەنگێ،
منیش لە دژی دەجەنگم.
ئەی مەزدا، من لەبەر تیشکی ڕاستیدا
ئەوەی تۆ بتەوێ، بەدیی دێنم.
بۆیە من بە ئەقڵ و بیرەوە
ئەم ڕێگایەم هەڵبژاردووە.

١٩ـ **زەردەشت** دەیەوێ،
جیهانێکی تازەو نوێ بەدی بێنێ.
گەر کەسێ لەم ڕێگەدا تێ بکۆشێ و
ئەم ئەرکە بە ئەنجام بگەیەنێ
بە پاداشتی ژیانی جاویدان دەگا و
لە جیهانی مادی و مینوویی دا
بە ئاواتەکانی دەگا.
ئەی **مەزدا**،
تۆ ئەمەت پیشاندام و
فێرت کردم.

## سروودی دوازدەهەم (یەسنا، هاتی ٤٧)

ئەهورا مەزدا و هێزی بەدیهێنەر و بەرەو پێشبەر

١ـ مەزدا ئەهورا
بە هێزی بەدیهێنەر و بەرەو پێشبەری
کەسێک بە پوختەیی و
پاشان بە ژیانی جاویدان دەگەیەنێ
کە گوتار و کرداری
لەگەڵ بیری پاک سازگار بێ و
بەپێی ڕاستی پێکهاتبێ.

٢ـ ئەی مەزدا ئەهورا!

کەسێکی ئاوا
بەهۆی هێزی بەدیهێنەری تۆ
کە بەرەو پێش دەڕوا
بە باشترین ژیان دەگات.
ئاخر کەسێکی ئاوا
لەبەر تیشکی ئەقڵ و ڕاستیی و ئارامیدا
گوتار و کرداری خۆی لەگەڵ بیری پاک
ڕێک خستووە.

٣ـ کەوابوو، ئەی مەزدا
ئەمە هێزی بەدیهێنەر و بەرەو پێشبەری تۆیە
کە جیهانی نەشئەبەخشی
لە نەبوو بەدیهێناوە و
ئاسایش و ئارامی پێ دەبەخشێ!

٤ـ ئەی مەزدا!
هێزی بەدیهێنەر و بەرەو پێشبەری تۆ
فریوکاران بەجێ دێڵێ،
ئاخر ئەوان دژی بیری پاک وەستاون و
تووشی ڕەنج و حەسرەت هاتوون.
بەڵام نووری خۆی بەسەر دروستکاراندا دەبارێنێ
ئاخر ئەمان ئەگەر هەژاریش بن
لە لای پاکان خۆشەویستن.
بەڵام فریوکاران ئەگەر ساماندایش بن،
پەست و نەوین.

٥ـ کەوابوو ئەی مەزدا
فریوکاران لە هێزی بەدیهێنەر و بەرەو پێشبەری تۆ
بێوەر دەبن.
بەڵام دروستکاران
سەرئەنجام بە سەرکەوتن و خۆشبەختی دەگەن.

٦ـ ئەی مەزدا ئەهورا!
چارەنووسی دوو دەستە،
پاکان و بەدان،
لەبەر تیشکی پرشنگداری ڕووناکی و
هێزی بەدیهێنەر و بەرەو پێشبەری تۆدا
ڕوون دەبێتەوە و
سەرئەنجام بە گەشەکردنی ڕاستی و
بە پەرەسەندنی ئارامی
زۆرێک لە هەڵوەدایان
ڕێگای تۆ هەڵدەبژێرن.

## سروودی سێزدەهەم (یەسنا، هاتی ٤٨)

خۆڕاگری لە ئاست ڕق و ستەم دا

١ـ کاتێ ڕاستی بەسەر درۆدا زاڵ دەبێ
کە فێڵ و فریوی فریوکاران ئاشکرا بێ.

ئەوجار ئەی ئەهورا مەزدا
ستایش و خۆشەویستی تۆ پتر دەبێ و
عەودالانی ڕاستی ڕووت تێ دەکەن.

٢ـ ئەی ئەهورا مەزدا!
پێش ئەوەی دوودڵی ڕووم تێ بکات
چرای زانستم بۆ داگیرسێنە.
ئایا دروستکار
بەسەر فریوکاردا زاڵ دەبێ؟
ئایا لە ئەنجامی وەها سەرکەوتنێکدا
مرۆڤ بە ژیانێکی بەختەوەر دەگا؟

٣ـ ئەی ئەهورا مەزدا!
تۆ سەرچاوەی باشترین وانەکانی،
ئەو وانانەی کە لەبەر تیشکی ڕاستیدا
بە خەڵکی دەبەخشی.
ئەگەر کەسێ ئەم وانانە بە دروستی فێر ببێ
دەبێت بە زانایەکی پێشەنگ و بەهێز
کە لەبەر تیشکی ئەقڵ و بیری پاکدا
بە ڕێگەی تۆدا بەرەو ڕووناکی دەڕوا.

٤ـ ئەی مەزدا
ئەوەی لە بیری پاک بەهرەمەند بووە
کردار و گوتاری پاک و،
ویژدانی ڕووناک دەبێ و

بە ئاوەزێ کە تۆ پێت بەخشیوە
سەرئەنجام
رووناکی لە تاریکی و، پاکی لە ناپاکی جیا دەکاتەوە.

٥- ئەی ئارامیی!
مەهێڵە کاربەدەستانی بەدخوو و ستەمکار
بەسەر ئێمەدا زاڵ ببن.
چونکە ئێمە پێویستمان بە کەسانێک هەیە
کە بە ئەقڵ و زانست و کرداری پاک
خەڵک ڕێنوێنی بکەن.
پاکی بۆ خەڵک و
ئاوەدانی بۆ جیهان باشترینە،
ئاخر دەبێ جیهان بە دروستی ڕابێنین و
بەرەو ڕووناکیی ببەین.

٦- بەڕاستی، باشترین پەناگە
دەڤەرێکە کە ئارامی باڵی بەسەردا کێشاوە،
هەرێمێک کە ئەهورا مەزدا،
لە سەرەتای بەدیهێنان و
لەبەر تیشکی ڕاستیدا
گیا و بژوێنی تێدا ڕواند و
دوو دیاری:
بیری پاک و
هێزی خۆئارامیی
بە دانیشتوانی بەخشیوە.

٧ـ ئێوە کە دڵتان
به بیری پاک سپاردووه
مەهێڵن ڕق و قین بە سەرتاندا زاڵ بێ و
لە دژی ستەم بوەستن.
لەم ڕێگەدا، بۆ پەرەدان بە ئایینی ڕاستی،
لەگەڵ هاوڕێیانی دەروونپاک یەک بگرن
تا بە هەوارگەی ئەهورا مەزدا بگەن.

٨ـ ئەی ئەهورا مەزدا!
چەندە حەز دەکەم لەبەر تیشکی ڕاستیدا
ببم بە خاوەنی هێزی خۆئارامی،
پتر لەوەش، حەز ئەکەم
کە تۆ خۆت بە هاوڕێیانم پیشان بدەی و
پاداشتی بیری پاکیان پێ ببەخشی
تا لە ژیاندا ببن بە پێشەنگ و بپشکوێن.

٩ـ ئەی مەزدا!
چۆن بزانم کە لەبەر تیشکی ڕاستیدا
تۆ بەسەر هەمواندا
تەنانەت بەسەر دوژمناندا زاڵی؟
کەوابوو نەخشی بیری پاک بە من بڵێ،
تا ڕزگاریدەرانی ئازادی بەخش [سۆشیانان] بزانن
کە ئەوانیش بە پاداشت دەگەن.

١٠ـ ئەی مەزدا!

ئایا ڕۆژێک دێ
کە خەڵک لە ئایینی تۆ تێ بگا و
درۆ و دزێوی و چاوچنۆکی
لە جیهاندا بن بڕ ببێ؟
ئاخر ڕێبەرانی فریوکاری ئایینی
بەم شتانە خەڵک بە لاڕێدا دەبەن و
بەمجۆرە کاربەدەستانی ستەمکار و بەدئەندێش
بە دەسەڵات دەگەیەنن.

١١ـ ئەی مەزدا!
کەنگێ وڵات پڕ دەبێ لە زەنوێر و مەزرای سەوز و
خانووەکان خۆش و ئاوەدان دەبنەوە؟
کەنگێ لەبەر تیشکی ڕاستیدا
ئارامی باڵ بەسەر هەموو وڵاتدا دەکێشێ؟
ئەی کێ لە دژی هێرشی فریوکارانی ستەمکار دەوەستێ؟
ئەی کێ بە زانست و باوەڕ و بیری پاک دەگا؟

١٢ـ ئەی مەزدا!
یاوەرانی ئازادی بەخشی وڵاتان،
سۆشیانەکان،
کەسانێکن
کە لەبەر تیشکی ڕاستی و
بیری پاک و دەرسەکانی تۆدا
ئامانجی خۆیان بە مەنزڵگە بگەیەنن و
ڕق و ستەم لەنێو ببەن.

## سروودی چواردەهەم (یەسنا، هاتی ٤٩)
### خۆڕاگری لە بەرانبەر کاربەدەستانی ستەمکاردا

١ـ دەمێکە کە بەندڤا[١١]، دوژمنی من
لە ئاست من دژایەتی دەکا و
نایەڵێ فریودراوان وشیار بکەمەوە.
کەوابوو ئەی مەزدا،
وەرە بۆ لام و هێز و توانام پێ ببەخشە
تا بە بیری پاک
ئەوان و کەسانی وەک وان لە تاریکی ڕزگار بکەم.

٢ـ ئەی مەزدا!
کارە دزێوەکانی بەندڤا نیگەرانی کردووم
ئاخر ئایینی وی درۆیە و فریو و
دوور کەوتنەوەیە لە ڕاستی،
نە ئارامیی وزەبەخشی تێدایە و
نە بیری پاک.

٣ـ ئەی مەزدا!
تۆ بە جۆرێک ئەم ئایینەت بۆ ژن و پیاوان داڕشتووە
کە ڕاستی سوودبەخش و درۆ کاولکەرە.
بەم هۆیە

١١. بەندڤا، دەسەڵاتدارێکی دێویەسنا [دێوپەرست] و دژی زەردەشت بوو کە پێشەوایانی ئایینی فریو دەدا و نەیدەهێشت ڕێگەی ڕاستی [ئەشا] هەڵبژێرن.

من دەمەوێ دڵ و دەرووم
به بیری پاک دابرێژم و
ماڵاوایی له درۆ و فریو بکەم.

٤ـ ئەو کەسانە
که به گوتار و کرداری پیس،
ڕق و ستەم پتر دەکەن و
پێش به خەڵکی چالاک و ئاوەدانکار دەگرن و
هەردەم له بیری ئازاردانی خەڵکدان،
ئەوانە خەڵکانێکی درێو و بەدفەڕن
که سروشت و ویژدانی خەڵک چەواشه دەکەن و
به لاڕێیدا دەبەن.

٥ـ بەڵام ئەی مەزدا،
ئەو کەسه
که دڵ و گیان و ویژدانی خۆی
به بیری پاک داڕشتووه و
لەپێناو ڕاستیی و ئارامییدا تێ دەکۆشێ
سەرئەنجام له بارەگای جاویدانی تۆدا لەنگەر دەگرێ.

٦ـ ئەی ئەهورا مەزدا!
ئەوەی له ئاوەز و بیری تۆدایه
به منی بڵێ
تا لەبەر تیشکی ڕاستیدا
به دروستی لێی تێبگەم و

خەڵکی فێر بکەم.

٧ـ ئەی ئەهورا مەزدا!
بەڵکو مرۆڤەکان
بە بیری پاک و
بە ڕێی ڕاستیدا،
پەیامی من ببیستن.
ئەو کات
خۆت دەزانی
کە لە یاران و خزمان
کامیان بەپێی ئایینی تۆ دەژی
تا ببێ بە ڕێنوێنی هێژای هاوکاران.

٨ـ ئەی ئەهورا مەزدا!
داوات لێ دەکەم
لەبەر تیشکی ڕاستیدا
باشترین شادمانی
بە فرەشۆستر ببەخشی و
وەها پاداشتێکیش بە هاوڕێیانی ترم بدەی
بەڵکو بەردەوام پێڕەوی ڕێگای تۆ بین.

٩ـ ئەی جاماسپی زانا،
بەڵکو ئەو یارە تێکۆشەرە
کە بۆ ڕزگاری خەڵک ئافرێنراوە،
گوێ لەم دەرسانە بگرێ،

که پەیڤی دروست
قەت لەگەڵ درۆ یەک ناگرێ.
ئەو کەسانەش کە خاوەن ویژدانی پاکن،
باشترین پاداشت وەربگرن و
سەرئەنجام ڕێی ڕاستی هەڵبژێرن.

١٠ـ ئەی مەزدا!
من لەبەر تیشکی بیری پاکدا
جەستە و گیان و دەروونی دروستکاران بە تۆ دەسپێرم،
تا بیانپارێزی.
هەروەها ستایشی ئارامیی هەراوی وزەبەخش دەکەم و
تۆ دەپەرستم
کە توانای مەزن و هێزی بەردەوام و جاویدانی جیهانیت.

١١ـ هەروەها دەشزانم
کە دەروونی ستەمکاران و
بەدکارانی درۆزن و بەد ئەندێش،
لە تاریکیدا نوقم دەبێ.
بە ڕاستی ئەمانە دانیشتوانی
یانەی درۆن.

١٢ـ ئەی ئەهورا مەزدا!
ستایشکارانی تۆ
کە خۆیان لەگەڵ ڕاستی ڕێکخستووە
کام پاداشتیان پێ دەبەخشی؟

ئایا زەردەشت
کە لەبەر تیشکی بیری پاکدا
بە سۆز و سرووودەکانی
هەردەم تۆ ستایش دەکا
بە وەها پاداشتێ دەگا؟

## سروودی پازدەهەم (یەسنا، هاتی ٥٠)

ئەی مەزدا، بە گاتاکانی بیربزوێن، ستایشی تۆ دەکەم.

١ـ ئەی مەزدا ئەهورا!
یارمەتیدەری دەروونم کێیە؟
بێجگە لە ڕاستی و بیری پاک،
کێ ڕێگەی دژواری ژیان
بۆ من و یارانم
هەموار دەکا؟

٢ـ ئەی مەزدا!
کەسێ کە بەردەوام بیر لە سوودی خۆی دەکاتەوە،
کەی دەتوانێ خۆشی و شادمانی بە جیهان ببەخشێ و
ئاوەدانی بکاتەوە؟
ئایا ئەو کەسانە
کە لە ژیاندا

بە ڕێی ڕاستیدا دەڕۆن،
لە بارەگای ئاوەز خوازاندا
کە پرشنگی تۆ ڕووناکی کردووە،
بەسەر دەبەن؟

٣ـ ئەی مەزدا!
ڕاستی ڕوو لە کەسێ دەکا
کە لە ژیانیدا
بیری پاک و هێزی دڵئارامی
ڕێنوێنی بن.
لەبەر تیشکی ئەم هێزانەدایە
کە سەرلەنوێ
جیهانی ستەمدیدە
دەسازێ و
ئاوەدانی دەکاتەوە.

٤ـ ئەی مەزدا ئەهورا!
ستایشی تۆ دەکەم،
تۆ و ڕاستی و بیری پاک
هێزی دڵئارامیی ستایش دەکەم و
دەمەوێ ڕێبواری ڕێگای تۆ بم،
تا لە هەوارگەی یەسنادا
گوێ لە سروودی لایەنگرانت بگرم.

٥ـ ئەی مەزدا ئەهورا!

ئەی ڕاستی!
ڕوو لە خاوەنی گاتاکان بکەن و خۆشتان بوێ،
تا بە یارمەتی و پشتیوانی ئێوە بتوانێ
خەڵک بەرەو
ڕووناکی ببات.

٦ـ ئەی مەزدا!
من، زەردەشت، کە دڵدۆڕاوی ڕاستیم،
بە دەنگی بەرز، بە گاتاکانی بیربزوێن،
ستایشی تۆ دەکەم،
تا بەڵکو هەردەم پەیڤەکانم بە ئاوەز بڕازێنیتەوە و
لەبەر تیشکی بیری پاکدا
ئایینی خۆتم پێ بنوێنی.

٧ـ ئەی مەزدا!
من بە گاتاکانی بیربزوێن
بە باشترین پەیڤەکان
ستایشی تۆ دەکەم و ڕێگای تۆ دەگرم،
تا لەبەر تیشکی ڕاستی و بیری پاکدا
ڕێنوێنیم بی و
بە سەرکەوتنم بگەیەنی.

٨ـ ئەی مەزدا!
من بە گاتاکانی بیربزوێن
لە کاتێکدا کە دەستەکانم هەڵبڕیوە

ڕوو لە تۆ دەکەم و
وەک مرۆڤێکی ئازاد
لەبەر تیشکی ڕاستیدا ستایشت دەکەم
تا بە بیری پاک
بە تۆ بگەم.

٩ـ ئەی مەزدا!
من بە گاتاکانی بیربزوێن و
لەبەر تیشکی ڕاستیدا
بە کردارێک کە لە بیری پاک هەوێن دەگرێ
بەرەو لات دێم و
تا کاتێ کە قووڵترین ڕازی هەستی فێر نەبم،
هەروا شەیدای
تێگەیشتن لە زانستی هەراوی تۆم.

١٠ـ ئەی ئەهورا مەزدا!
ئەو کارانە کە لە پێشوودا کردوومە و
لە داهاتووشدا دەیکەم
هەموو لە بیری پاک سەرچاوە دەگرن.
ئاخر ئەمانە هەموویان وەک تیشکی ڕۆژ و
زەردەی کازیوە
لە ڕێگەی ڕاستی و
بەرز ڕاگرتنی ئایینی تۆدان.

١١ـ ئەی مەزدا!

تا کاتێ کە هێز و تینم تیا هەبێ،
لەبەر تیشکی ڕاستیدا
ستایشی تۆ دەکەم.
تا بەڵکو تۆی بەدیهێنەری هەستی،
لەبەر تیشکی بیری پاکدا
بەرزترین خەونی پێڕەوانت بەدی بێنی:
جیهان نوێژەن بکەیتەوە.

## سروودی شازدەهەم (یەسنا، هاتی ٥١)

ئەو کەسانە بە بیر و گوتار و کرداری پاک یەکیان گرتووە.

١ـ هێزی دڵئارامی
کە لە ڕاستی هەوێن دەگرێ،
پاداشتێکی بەنرخە کە دڵی ڕێڕەوانی ڕێگای مەزدا ڕووناک دەکا و
بەرەو باشترین کرداریان دەبا،
ئەی مەزدا وەها هێزێکم پێ ببەخشە.

٢ـ ئەی ئەهورا مەزدا!
من کار و کرداری خۆم،
سەرەتا بە تۆ، پاشان بە ڕاستی و
ئەوجار بە ئارامیی دەبەخشم.

تۆش فەرمانی خۆت بە من بڵێ و
منی ستایشکارت بە سەرکەوتن بگەیەنە.

٣ـ ئەی مەزدا!
ئەو کەسانە
کە بە بیر و گوتار و کرداری پاک
یەکیان گرتووە و
بۆ فێربوون بەرەو تۆ دێن،
ڕێڕەوانی ڕێگای تۆن.
ئاخر تۆ یەکەمین و لەبانترین مامۆستای ئەوانی.

٤ـ ئەی مەزدا!
کەی خۆشەویستی خۆت
بە ستایشکارانت دەبەخشی؟
کەنگێ پاداشتیان دەدەیتەوە؟
چۆن دەکرێ لەگەڵ ڕاستی یەک بگرین و
بە ئارامیی بگەین؟
لە کوێ دەتوانین بە بیری پاک بگەین و
هێزی دڵئارامیی لە دەروونماندا زاڵ بکەین؟

٥ـ ئەی مەزدا!
بۆیە هەموو ئەم شتانەت لێ دەپرسم
تا بزانم کە مرۆڤێکی ئاوەدانکار
کە بە کرداری دروست و خۆنەویستانە
بە ئاوەزی سازندە گەیشتووە و

بۆ خەڵک وەکو ڕێبەرێکی دادگەر ناسراوە،
چۆن دەتوانێ لەبەر تیشکی ڕاستیدا
ئەم جیهانە بەرەو پێش ببا و
ئاوەدانی بکاتەوە.

٦ـ ئەهورا مەزدا
بە دەسەڵاتی خۆی
بە کەسێک کە لەپێناو ئاوەدانی تێدەکۆشێ،
پاداشتێکی هەرە باش دەبەخشێ،
کەسێکیش کە دەبێتە لەمپەری ئاوەدانی و
ڕێگەی کاولکاری دەگرێتەبەر،
بە خراپترین سزای دەگەیەنێ.

٧ـ ئەی مەزدا!
تۆ کە بە ئەقڵی پێشکەوتنخوازانەت
زەوینی پڕسەمەر و ژیان و ئاو و گیات بەدیهێنا،
کەوابوو پوختەیی و تەندروستی و
ژیانی جاویدان بە من ببەخشە و
لەبەر تیشکی بیری پاکدا
هێز و هەرەنگی دەروونی و خۆڕاگری و
ژیانی نوێم بۆ بهێنە.

٨ـ ئەی مەزدا!
من پەیامی تۆ بە شەیدایانی زانست دەگەیەنم،
پێیان دەڵێم

که سەرئەنجامی فریوکار
ڕەنج و ئازارە و
چارەنووسی ڕاست کرداریش بەختەوەری.
بێگومان شادمانی ڕوو لە کەسێک دەکات
کە پەیامێکی ئاوها بیربزوێن
بە عەودالآن بگەیەنێ.

٩ـ ئەی مەزدا!
تۆ بە ئاگری پڕ پرشنگ
هەر دوو دەستە:
ڕێڕەوانی ڕاستی و لایەنگرانی درۆ
تاقی دەکەیتەوە و
بەپێی کرداریان،
سزا و پاداشتیان دەدەیتەوە.
بەمجۆرە ئایینی ژیان
یانی ڕەنج و ئازار بۆ فریوکار و
شادی و خۆشی بۆ دروستکار
بە ڕۆشنی دەنوێنی.

١٠ـ ئەی مەزدا!
کەسێ کە تێدەکۆشی جیهان کاول بکا
هەڤاڵ و لایەنگری درۆیە.
کەوابوو من بۆ خۆم و هاوڕێیانم
بانگی ڕاستی دەکەم
کە پشتیوانمان بێ و

به سەرکەوتنمان بگەیەنێ.

١١ـ ئەی مەزدا!
دۆستێکی یەکڕەنگ
کە یارمەتی زەردەشتی سپیتمان دەدات
تەنیا ئەو کەسەیە کە ڕێگەی ڕاستی وەرگرتووە و
بە ئارامیی گەیشتووە.
وەها کەسێک کە ڕێڕەوی ڕێگەی ڕاستی و
پێڕەوی بیری پاکە،
شیاوی ئەوەیە
کە هەڤاڵی ئەنجومەنی موغان بێت.

١٢ـ پێڕەوانی ڕێبەری فریوکار
کە بە درۆ گۆش کراون،
ناتوانن بە خۆشبەختی مەبەستی زەردەشتی سپیتمان بگەن.
ئاخر ئەوان سەرکەوتن تەنیا لە بەرژەوەندی خۆیاندا دەبینن
نەک لە بەختەوەریی خەڵکدا.

١٣ـ بەم جۆرە
بە لادان لە ڕێگەی ڕاستی و
دژایەتی لەگەڵ یاسای هەستی،
ویژدانی فریوکاری خۆیان تاریک دەکەن و
لە بوارگەی داوەریدا
تووشی ئازاری دەروونی دەبن و
دڵەخورپە بەرۆکیان دەگرێ.

ئەمەیە ئاکامی گوتار و کردار.

١٤ـ هەروەها
پێشەوایانی فریوکاری ئایینی،
کە لە دادگەری و ئایینی ژیان و ئاوەدانی
لایان داوە و
بە فێڵ و تەڵەکەی فریوکارانە
خەڵک چەواشە و
جیهان بەرەو وێرانی دەبەن،
سەرئەنجام
لە هەوارگەی درۆدا دەگیرسێنەوە

١٥ـ زەردەشت
مزگێنی یانەی یەسنای بە ئەنجومەنی موغان داوە
کە هەر لە سەرەتاوە
ژوانگەی گەیشتن بە ئەهورا مەزدایە.
من ئەم پاداشتە بە ئێوە دەدەم
کە لەبەر تیشکی ڕاستی و
بیری پاکدا بەدی دێ.

١٦ـ کەی ڤێشتاسپ
بە یارمەتی ئەنجومەنی موغان و
سروودەکانی ڤەهومەنا و
لەبەر تیشکی ڕاستیدا
بە ئەقڵ و زانستی دەروونی گەیشت،

زانستێک کە لەو ڕێگەوە
ئەهورا مەزدا
ئێمە بەرەو خۆشبەختی دەبا.

١٧ـ فرەشوستەری هڤەگڤا
لە ناخی دڵەوە
ژیانی خۆی لەپێناو بەرەو پێشچوونی
ئەم ئایینە پاکە بەخشیوە.
بەڵکو ئەهورا مەزدا
ئاواتەکانی بەدی بێنێ و
بە ڕاستیی بگەیەنێ.

١٨ـ جاماسپی هڤەگڤا
بۆ گەیشتن بە دەروونێکی ڕووناک
ئایینی ڕاستی هەڵبژارد و
بە بیری پاک بەو زانستە گەیشت.
ئەی ئەهورا مەزدا
ئەم زانستە بە هەموو ڕێڕەوانی ڕێگای خۆت ببەخشە.

١٩ـ ئەی مەزدا!
مەدیڤما[١٢] سپیتمان کە ژیانی خۆی
لە پێناو ناسین و پەرەپێدان بە ئایینی تۆ بەخشی،

١٢. مدیڤما لە هۆزی سپیتمان و خزمی زەردەشتە، دەڵێن ئامۆزای زەردەشتە، ئەو لە پێناو ناساندن و پەرەپێدان بە دینی زەردەشت دا زۆر هەوڵی داوە و ئێجگار تێکۆشاوە.

زانی کە مرۆڤ تەنیا بە کار و کۆشش دەتوانێ
هێزی دەروونی ئەم ئایینە فێر ببێ و
لە پێناو ژیانێکی باشتر بەکاری بێنێ.

٢٠ـ ئەی ئەمشاسپەندانی یەکگرتوو[١٣]،
ئێمە هەردەم ئێوەمان ستایش کردووە،
کەوابوو ئایینی ڕاستی و
بیری پاک بە ئێمە بناسێنن
تا بە دڵئارامی بگەین.
لەم ڕێگەدا ستایشی ئەهورا مەزدا دەکەین و
یارمەتیی لێ دەخوازین.

٢١ـ کەسێ کە لەبەر تیشکی بیری پاکدا
بە هێزی دڵئارامیی گەیشتووە و
دڵ و دەروونی ئارامیی گرتووە،
بە بیر و گوتار و کرداری خۆی
پەرە بە ئایینی ڕاستی دەدات.
ئەهورا مەزدا
ویژدانی ڕۆشن
بە وەها کەسێک دەبەخشێ.
ئەز ژی بەختەوەری بۆ دەخوازم.

٢٢ـ ئەهورا مەزدا

١٣. ئەمشاسپەندان بریتین لە: ئەشا [ڕاستی]، ڤەهومەنا [بیری پاک]، ئارمەیتی [ئارامی]، هروتات [پوختەیی/خاراوی] و ئەمرتات [نەمری/ژیانی جاویدان].

هەموو ئەو کەسانە دەناسێ
کە لەبەر تیشکی ڕاستیدا
ستایشی دەکەن،
منیش ستایشیان دەکەم و
ناویان بەرز ڕادەگرم و
سڵاوی خۆمیان بۆ دەنێرم.

## سروودی حەڤدەهەم (یەسنا، هاتی ٥٣)

ئازادی و هەڵبژاردنی هاوسەر

١ـ ئێستا
باشترین خەونەکانی من، زەردەشتی سپیتمان
بەدی هاتووە،
بۆوەی بیر و گوتار و کرداری من
لەگەڵ ڕاستی سازگار بووە
ئەهورا مەزدا
ژیانی خێر و خۆشی جاویدانی پێم بەخشیوە و
مرۆڤەکان،
تەنانەت دوژمنانیش
ئایینی ڕاستییان هەڵبژاردووە و
لە ژیاندا پێڕەوی دەکەن.

٢ـ کەوابوو ئێوەش،
بە بیر و گوتار و کرداری پاک
بەرەو مەنزڵگەی مەزدا بڕۆن و
بیر و دڵتان بە ڕوویدا بکەنەوە.
کەی ڤێشتاسپی پشتیوانی زەردەشت و
فرەشوستەری زانا،
ئایینێکیان هەڵبژاردووە
کە ئەهورا
بە یاوەرانی ئازادی بەخش،
بە سوشیانەکانی نواندووە.

٣ـ تۆش ئەی پورچیستای سپیتمانی هیچدەسپ
ئەی گەنجترین کیژی زەردەشت،
کەسێک بە هاوسەری خۆت هەڵبژێرە
کە بە ئایینی ڕاستی و بیری پاکەوە
پابەند بێت.
کەوابوو لەم ڕێگەیەدا، بە ناوی مەزدا،
سەرەتا پرس و ڕاوێژ بە ئەقڵی خۆت بکە و
پاشان بە هوشیاریی و بە ئارامی هەڵی بژێرە.
٤ـ من، "پورچیستا"،
وەها کەسێک هەڵدەبژێرم و
خۆشم دەوێ.
بەڵکو بە سەرفەرازی
لە ئاست هاوڵاتیان، هەڤاڵان، ماڵبات و
باوک و هاوسەرم،

لە بەر تیشکی بیری پاکدا
بەردەوام ڕێبواری ڕێگەی ئەهورا مەزدا بم.

٥ـ کەوابوو ئێستا، ئەمن، "زەردەشت"
ئەم پەیڤەتان پێ دەڵێم،
ئەی تازە بوکان و تازە زاوایان،
پەندی من بە گوێی ئەقڵ ببیستن و
بە خاتری بسپێرن و
بە ویژدانی خۆتان تێبگەن و بەکاری بێنن:
بەردەوام لەگەڵ بیری پاک بژین و
لە ڕێی ڕاستیدا هەر کام لەویدی پێش کەون
تا بە شادی و خۆشی ژیانتان بەسەر بەرن.

٦ـ ئەی ژنان و ئەی پیاوان،
چاک بزانن کە لەم جیهانەدا
درۆ ژیان کاول دەکا.
کەوابوو لە درۆ دوور بگرن و
نەهێڵن پەرەبستێنێ.
ئەوەش بزانن
کە خۆشی و شادمانی
ئەگەر بە فریودانی خەڵک بەدەست بێ
دەبێتە هۆی ڕەنج و ئازار،
ئاخر خەڵکانی فریوکار کە دژی ڕاستی دەجەنگن
لە ژیانی خۆیاندا خۆشبەختی لەنێو دەبەن.

٧ـ له هەوراز و نشێوەکانی ژیاندا
تا کاتێ کە لەسەر بەڵێنی خۆتان بن،
پاداشتی ئەنجومەنی موغان بۆ ئێوەیە.
ئەگەر پەیمان بشکێنن و
پشت لە ئەنجومەنی موغان بکەن
لە ژیاندا تووشی ڕەنج و
پەشیمانی دەبن.

٨ـ کەوابوو،
کەسانێک تووشی ڕەنج و
پەشیمانی دەبن
کە فریویان خواردووە و
لەگەڵ بەدکاران کەوتوون.
بەڵکو لەبەر تیشکی دەسەڵاتی ڕاستیدا
درۆ و فریوی کاولکار لەنێو بچێ و
ژنان و پیاوان
لە شارەکان و ماڵەکانیاندا
بە خۆشی و ئارامی بژین و
بە ڕووناکی مەزدا بگەن.
٩ـ بەد ئەندێشانی فریوکار
کە لە دژی ئاشتی دەجەنگن و
سووکایەتی بە زانایان و هزرڤانان دەکەن
تەنانەت لەگەڵ خۆشیان شەڕ دەکەن.
کوا ئەو ڕێبەرە دروستکارە
کە لە دژیان بوەستێ و

درۆ و خراپەیان تیا نەهێڵێ؟
ئەی مەزدا،
لەژێر دەسەڵاتی مینوویی تۆدایە
کە دروستکاران بە باشترین پاداشت دەگەن.